# لە ستایشی ئەدەبدا



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی ڕاپەڕین، هەولێر

س. پ. ژمارە: ١ تەلەفۆن: ٢٢٣٢٠٢١

شوێنی ئاراس لە تۆڕی ئینتەرنێتدا:

www.araspublisher.com

# له ستایشی ئەدەبدا

## کۆمەڵێ وتار

**وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: شێرزاد حەسەن**

**پێشەکی: ڕێبوار سیوەیلی**




ناوی کتێب: له ستایشی ئەدەبدا- کۆمەڵێ وتار
وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: شێرزاد حەسەن
پێشەکی: ڕێبوار سیوەیلی
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٩٦
دەرهێنانی هونەری: بەدران ئەحمەد حەبیب
بەرگ: شکار عەفان نەقشبەندی
نووسینی سەر بەرگ: خۆشنووس محەممەد زادە
پیت لێدان: نسار عەبدوڵڵا
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
سەرپەرشتیی کاری چاپخانە: ئاوڕەحمان مەحمود
چاپی یەکەم - چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر- ٢٠٠١
لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەر لە هەولێر ژمارە (٤٣٦)ی ساڵی ٢٠٠١ی دراوەتێ

# لەودیو ستایشکردنی ئەدەبەوە

ڕێبوار سیوەیلی

١

ئەدەب جگە لە «ئەدەبیاتبوونی» خۆی، جێگەی هیچ شتێکی تر ناگرێتەوە و بەهیچ شتێکی دیکەش جێگەکەی پڕ نابێتەوە. ئەگەر بشێ باسی هزری ئەدەبی، ڕەنگی ئەدەبی، ڕووناکایی ئەدەبی و شێوەی میواندارییی ئەدەبی بکەین، ئەوە ئەدەب هزری خۆی، ڕەنگی خۆی، تیشکی خۆی و شێوازی پێشوازیکردنی تایبەت بەخۆی هەیە. لەبەرامبەر ئەمەشدا ئەرک و دەروەستی ئەدەب، بەرجەستەکردنی ئایدیایەک و تێگەیشتنێکی دیار و ناسراو نییە، کە دەشێت بەزمانێکی دیکە و بەدەربڕینی دیکە بەرجەستە بکرێ. ئەگەر بڵێین ئەدەب پێش هەموو شتێ «ئەزموون»ـە، ئەوە نووسینەوەی ئەو شتەی ئەزموونکراوە، ئەدەب دەخاتە بەردەم وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەی کە دەپرسێت: ئایا ئەو ئەدەبە لەبەرامبەر ڕووداوەکەدا ئەدەبێکی ڕاستەقینەیە یان ساختە. پرسیارێ کە گومان لە حەقیقەتی ئەدەب دەکات و دەیخاتە ژێر پرسیارەوە. بۆیە لەجیاتی ئەوەی ئەدەب خۆی گیرۆدەی وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە بکات و بەرگری لە ڕاستی و ساختەیی خۆی بکا، چاکترە مانایەک بەرهەم بهێنێ کە پێشتر بوونی نەبووبێت بۆ ئەوەی ئەو پرسیارەش کە لەسەر ئەزموونی ئەدەبی دەکرێ، پرسیارێ بێت بەمانای نوێوە سەرهەڵدات. **ژیانی ئەدەب لەوێوە دەست پێ دەکات کە جیهانی خۆی بهێنێتە بەرهەم، جیهانی وشەیی خۆی.**

٢

ئەدەبی ڕاستەقینە تەنیا بەئامادەیی خۆی، خۆی دەسەلمێنێ. پێویست ناکا ئەدەب هەڵگری پەیامێک بێت یاخود دەربڕی مانایەکی دیاریکراو.



بوونی ئەدەب لە خۆیدا، بوونی ئەدەبە بۆخۆی. ئەو ئەدەبەی لە خۆیدا و بۆخۆی بوونی هەبێت، ئەدەبێکە ئێمەش دەتوانین بچینە ناوێوە، تیایدا بژین و ئەزموونی بکەین. چونکە لە بنەمادا ئەدەب بووێکە لەناو بووەکاندا و دیاردەیەکە لە ناو دیاردەکاندا. ئەدەب لەوێدایە بۆخۆی، لێرەیە بۆ ئێمە و لەگەڵ هەموو شتەکانی تردا ئامادەیە، بەڵام بەیاساکانی خۆیەوە و بەعەوداڵییەکانی خۆیەوە بۆ گەیشتن بەئاستێکی دیکەی گەشە و پێگەیشتن.

هەموو ئەدەبێ دەربڕی بەرزترین پلەی خودێتی نووسەرە و تەنیا ئەو ئەدیبەی خاوەنی خودێتی خۆیەتی دەتوانێ بانگەشەی نووسەرێتی خۆی بکا. ئەدەب بەواقیعیکردنی ئیرادەیەکە، کە ئاستێکی تایبەتی زمانیی خۆی، مۆسیقای خۆی، وێنەی دیاریکراوی خۆی هەیە. تەنیایی ئەدەب لەوەدایە کە بۆخۆی جیهانێکی تایبەت پێکدەهێنێ و بەو شێوەیەش، لە سەرووی هەموو ئەو شتانەوەیە کە خاوەنی جیهانی خۆیان نین.

٣

دەشێت ئەدەب نموونەی دنیای دەرەوە، نموونەی واقیع، بکاتە سەرمەشقی جیهانی خۆی و سەرلەنوێ دایبڕێژێ، بەڵام ئەوەی دەبێتە «نووسینی ئەدەبی» و «جیهانی ئەدەب» هەمیشە شتێکی ترە و واقیعێکی تری لێدەکەوێتەوە. واقیعیترین جیهانی ئەدەب ئەوەیە کە نووسەر ناتوانێت لە سرووشتی خۆی، میزاجی خۆی و شێوەی خۆی و بەکورتی هەستیاریی خۆی بۆ وەرگرتنی شتەکان، خۆی دەربازکات. دنیای ئەدیب لەو کابووس و خەون و ئازار و ئومێد و وێنایانە پێکدێت کە ئەو بەجەستە و ڕۆح خۆی تێیفرێداون و لەسەر نەخشەیەکی تایبەت بەخۆی و بەپێی ئەو یاسایانەی کە هەرگیز ڕاڤە ناکرێن، بە**نووسین** دایاندەڕێژێتەوە. بەم پێیەش ئەدەب دەریچەیەک بۆخۆی دەدۆزێتەوە، زمانی خۆی دەسازێنێ و لە گەرووی دەربڕینییەوە دەنگێک دێتە دەر، بەڵام دانسقەیی ئەدەب و

بێ نمونەیییەکەی لەو شتانەدایە کە هێشتا نەیگوتوون. لە دوا ئامانجدا، پرۆژەی هەموو ئەدیبێکی ڕاستەقینە ئەوەیە کە بتوانێت ئەدەب بکاتە سەنگەری بەرگریکردن لە دانسقەیی و تاکبوونی کەسایەتی خۆی، بتوانێت «من»ێک بەرهەم بهێنێت کە هەمیشە «من»ێکی دانسقە بێت. وەک چۆن شریخەی هەر هەورەبرووسکەیەک لە وەرزی ڕەهێڵەدا تایبەتمەندیی خۆی هەیە، پێویستە ئاواش لە وەرزی ڕەهێڵەی ئەو واقیعەدا کە نووسەری ڕاستەقینەی تیادا دەژی، سەدای ئەدیب جیاواز بێت.

٤

*خۆزگە ئەدەب بتوانێت جیهانێکی تایبەت و بەدوور لەدنیای داهێنەرەکەی بخاتە گەڕ. خەڵکانیتر چی لەئەدەب دەکەن، ئەوە کێشەی نووسەرەکەی نییە، کێشەی ئەدەب خۆیەتی.*

٥

ئەدەب وەک نرخێک، وەک بەهایەکی داهێنراو، لە هیچ بوارێکی دیکەی بەرهەمهێنانی هونەی و مەعریفی چاکتر نییە و ئامانجی ئەدەبیش هەمان ئامانج نییە کە زانستە سرووشتییەکان، فەلسەفە، دەروونشیکاری، سۆسیۆلۆژی، ئایین و هەر بوارێکی دیکەی لەو بابەتە بۆخۆیانیان لەپێشچاو گرتووە. شێوازی ئیشکردنی ئەدەب، توانای ئەوەی دەداتێ کە بەشێوەیەکی تایبەت بمانجوولێنێ و تەکانمان پێبدات و بەشێوەیەکی تایبەتیش کاریگەریی خۆی لەسەر ئێمە جێبهێڵێ. هەربوارێ لەبوارەکانی مەعریفە و داهێنان ڕەوایەتی خۆیان و هاندەری بنەمایی خۆیانیان هەیە و لێرەشەوە هەریەک لە بواری زانستەکانی سرووشت، فەلسەفە، دەروونشیکاری، سۆسیۆلۆژیا و ئایین، بەپێی گوتاری خۆیان و لە چوارچێوەی تێرمۆنۆلۆژیی خۆیاندا، لەبارەی واقیعەوە قسان دەکەن. بەڵام ئەدەب ڕێک ئالێرەدا لەو بوارانە جیا دەبێتەوە، چونکە **بوونی ئەدەب ڕەوایەتی خۆی لەوێوە بەدەست ناهێنێ کە قسەکردنە «لەبارەی واقیعەوە»، بەڵکو لەوێوەی دەهێنێ کە ببێتە «واقیعێکی تایبەت».**



٦

بۆی هەیە ئەدەب لە باوەشی هزرە فەلسەفییەکانەوە سەردەربهێنێ، هەروەکو چۆن بۆی هەیە لە ئامێزی هونەری وێنەکێشان، پەیکەرسازی و مۆسیقاشەوە چرۆ دەرکا. بەڵام خۆزگە لەم بارودۆخەدا ئەدەب پارێزگاریی لە خەسڵەتی «ئەدەبیاتبوون»ی خۆی دەکرد و ناسنامەی خۆی لەدەست نەدەدا. ئەدەب بەر لەهەر شتێ هونەرێکە و ئەو هونەرەی بەتەنیا وەکو «ئایدیا» و «شیکردنەوە» و «ڕاهێنانی هەندەسی» خۆی دەناسێنێ، هونەرێکی سەرنجڕاکێش نییە. ئەوەی ئەدەبییەت دەسازێنێ، ئایدیا و شیکردنەوەکان نین، بەڵکو وشەکانن. ڕاستە زۆرجار فەلسەفە و ئەدەب هەوڵدەدەن هەمان دنیا بخولقێنن و پەیوەندی خۆیانی پێوە دەستنیشان بکەن، بەڵام گوتاری ئەدەبی و گوتاری فەلسەفی، لەگەڵ هاوبەشیشیاندا لە پانتایی زماندا، هاوناسنامە نین. پرسیارەکانی فەلسەفە پرسیارن لە دنیایەکی کۆنکرێتی، یان وێناکراو، لەکاتێکدا ئەدەب پرسیار و عەودالبوونە بەدوای خولقاندنی دنیایەکی ئەڵتەرناتیڤدا. خەسڵەتی هەرەسەرەکیی ئەدەب بریتییە لەوەی کە بەشێوەیەکی تایبەتی لەڕێگەی زمانەوە کەشفی ڕووبەرە بێگانە و نائاشناکان دەکات. ئەدەب بەزمانکردنی ئەو ڕووبەرانەیە کە تائێستا دەستیان لێ نەدراوە. بەم مانایە ئەدەب هاوارێکە بەڕووی ئەو تەفسیرانەدا لەسەر دنیا، کە پێیان وایە چارەسەری کێشەکانیان لەگەڵ خۆیان هێناوە، چونکە ڕووبەری ڕۆح بەلای ئەدەبەوە، بەرفراوانترە لەهەر تەفسیرێک و لەهەر چارەسەرێک.

٧

فەیلەسووفی نەمسایی (لودڤی ڤیتگنشتاین) نووسی: «ئەو شتەی ناتوانین لەبارەیەوە بدوێین، پێویستە لێی بێدەنگ بین». بەڵام ئەمە ڕێک ئەو سنوورەیە کە ئەدەب هەوڵدەدات لە ڕێگەی خولقاندن و نووسینەوەی دنیا تازەکانەوە تێکیبشکێنێ. ئەدەب لەبنەمادا بوونێکی سنوورشکێنە،

ئەدەب ئاخاوتنە لەبارەی هەموو ئەو شتانەی کە بۆ هەمیشە و یەکجارەکی هەموو شتێکیان لەبارەوە ناگوترێ و دەبێت بەردەوام لە نووسیندا دابڕێژرێنەوە و لەهەر دارشتنەوەیەکیشدا لایەنێکی نەگوتراویان ئاشکرا دەبێت. لێرەشەوە ئەدەب هەر یەکالاکردنەوەی شتە نائاشکراکان نییە بەهۆی زمانەوە، بەڵکو لەوەدا کە زمانی ئەدەب زمانی ئازادییە؛ ئەوە ئەدەب فراوانکەری سنوورەکانی زمان خۆشیەتی بەبێ ئەوەی بانگاشە بکات، کە هەمووشتێ لە زماندا دەدرکێندرێ.

دەتوانین لێرەدا بپرسین: لەکوێدا زمانی ئەدەب دەبێتە زمانی ئازادی؟

لەو شوێنەدا کە ئەدەب دنیای ئاشنا جێدەهێڵێت و هەنگاو بەرەو خولّقاندن و ئاشکراکردنی دنیایەکی نەزانراو دەنێت. هەرئەمەشە ئەدەب لە جیهانێکی داخراوەوە دەکاتە جیهانێکی کراوە: کرانەوەیی ئەدەب، واتە کرانەوەی بەرووی دنیایەکی نەناسراودا، بەرەو هەرێمی ئازادی. داخراوەییەکەشی واتە دووبارەکردنەوە و کۆپیکردنەوەی هەمان ئەو جیهانەی دەیناسین و تیایدا دەژین: جیهانی دەسەڵات و کۆیلایەتی و نایەکسانی، تەنانەت لە زمانیشدا؛ چونکە زمان لەو دیو دەسەڵات و کۆیلایەتی و نایەکسانییەوە نییە.

## ٨

لە ئەدەبدا عەودالّیی و خۆزگەخوازی و تەمەننا، عەودالّبوون و خۆزگەهەڵکێشان و تەمەننایە لە پێناوی بەدەنگهێنانی ئەو شتانەی دەنگیان نییە و گەروویەکیان نییە بۆ خۆ دەربڕین: شتە کپ و بێ زمانەکان؛ بەڵام ئەدەب جوانیی خۆی لەوێدا دەپارێزێت کە هەموو شتێ نەڵێت و گشت نهێنییەکی خۆی ئاشکرا نەکات. جوانیی ئەدەب لەوەدایە کە فرەڕەهەند بێت، چونکە کاتێ ئەدەب نهێنییەکانی خۆی ئاشکرا کردن، ئەوە لە تاکڕەهەندیدا نغرۆ دەبێت.

نهێنیی ئەدەب چییە؟



«نهێنی» بریتییە لەو ڕەگەزە گرنگەی کە خوێنەر دەبەستێت بەئەدەبەوە، تەنانەت دوای خوێندنەوەشی. ئەو ئەدەبەی هەڵگری نهێنی خۆی بێت، بەیەکجار و چەندین جار خوێندنەوە لە مانا بەتاڵ نابێتەوە. تەنانەت دوای تێپەڕینی سەدە و ساڵەکانیش.. ئەدەبی ستاییشکراو، ئەدەبێکە پڕ لە نهێنی و ڕاز کە هێزی ئەوەی دەداتێ لەگەڵ تێپەڕینی سەدە و ساڵەکاندا تازە ببێتەوە: لێرەوە خوێندنەوەی کلاسیکەکانی ئەدەب کارێکە لەبەردەم هەموو نوێخوازێکی ئێستادا.

## ٩

ئەگەر ڕاست بێ کە هەموو ئەو شتانەی دەیانزانین لەڕێگەی زمانەوە دەیانزانین، ئەوە ناتوانین بڵێین بیرۆکە و ئایدیاکانی ناو سەرمان بەتەنیا هی خۆمانن! چونکە ئەگەر زمان سەرچاوەی زانینی ئێمە بێت، ئەوە دەبێت زوو ددان بەوەدا بنێین کە جۆرەکانی نەرێت (بەنەرێتی ئەدەبیشەوە) لەڕێگەی زمانەوە بەسەرماندا سەپاون.. لێرەشەوە هەموو ڕەتکردنەوەیەکی ڕابردوو هەنگاوێکیشە بەرەو سڕینەوەی یادوەری. ئەدەبی نوێ لەئەنجامی سڕینەوە و ڕەتکردنەوەی ئەدەبی ڕابردووەوە لەدایک نابێ. بەڵکو سەرهەڵدانی «نوێ» ئەنجامێکی چاوەڕوانکراوە لەوەی پێش خۆی. گەلێک بیرۆکە و ئایدیا هەن لە ماوەیەکدا کپ دەبن و دواجار چالاک دەکرێنەوە، یاخود وەکو فرمانێکی چاوەڕواننەکراو خۆیان دەسەپێننەوە.

لێرەدا پرسیار ئەوە نییە: ئەدەبی ئێستای ئێمە بەبێ ئەدەبی پێشینەکان چۆن دەبوو؟ بەڵکو پرسیاری سەرەکی ئەوەیە: **ئایا دەشیا ئەدەبی نوێ سەرهەڵدات ئەگەر پێشتر ئەدەب بەزمانی ئێمە نەنووسرایە؟** ئەوەی بیەوێ خۆی وەکو «نوێ» پێناسە بکات، چاکترە لەبیری بێت ئەو «نوێبوونە»ی ئەو، تەنیا لەبەرامبەر شتێکی دیکەدا نوێیە کە ئێستا ئیدی پێمانوایە «کۆن» بووە. ئەگەر ئەدیبێ عەودالّی گەیشتن بە «نوێ» بێت، ناتوانێ بەئەنجامێکی شیاو بگات بەبێ ئەوەی نەکەوتبێتە کەشفکردنی ئەوەی

لەپێش خۆیەوە هەبووە. «نوێ» تەنیا بەوە خۆی نادات بەدەستەوە کە خۆمان لە ڕابردوو جیابکەینەوە و بەنەفرەتی بکەین. بۆیە ناسینی نەریتی ئەدەبیی ناو زمانێک، بۆ نموونە زمانی کوردی، مەرجە لەبەردەم هەر نووسەرێکدا کە دەیەوێت ئەو نەریتە ڕەت بکات و نەیەوێت جۆرە ئەدەبێک بنووسێ کە پێشتر نووسراوە.

ئەو کەسەی بەرهەمی کلاسیکەکان لەبەرئەوە دەچەپێنێ و بەکەم تەماشایان دەکا، چونکە لە «ڕابردوودان»، ڕێگە دەگرێت لە نوێبوونەوەی ئەدەب لە ئێستاشدا. ئەمەیە وەڵامی من بۆ ئەو کەسەی پێی وایە خۆ خەریککردن بەشاعیرێکی وەکو نالییەوە، «دوور کەوتنەوەیە لە تازەگەری»..

١٠

«ئێستا» هیچ مانایەکی نەگۆڕی نییە. ئەم دێڕەی «ئێستا» دەینووسم ***ئێستای*** خۆی لەم کاتەدا تەی دەکات و کاتێ چەند چرکەیەک بەسەر نووسینیدا تێپەڕی، ئەو «ئێستا»یە دەبێتە «ڕابردوو». «ئێستا» هەمیشە ساتێکی تێپەڕیوە و نەک هەر هەڵگری ڕەگەزێکی ڕابردوویشە، بەڵکو پڕیشە لە چاوەڕوانی لەبەرامبەر ئەو شتەی کە بەڕێوەیە بگات. بەڵام ڕابردووش مانایەکی تایبەت دەبەخشێتە هەنووکە: ڕابردوو بەمانای یادەوەری نەک نۆستالیژیا. جیاوازی چییە لەنێوانیاندا؟ نۆستالیژیا: **گەڕانەوەیەکی پڕ مەترسییە بۆ ڕابردوو**، یادەوەری: **گەڕانەوەیەکی پێویست!**

ئەوانەی تەنیا لە ئەدەبی پێشینەکاندا بۆ وەڵامی پرسیارەکان دەگەڕێن، لە نۆستالیژیادا گیریان خواردووە، چونکە دەیانەوێ بە ڕاکردن و چاونوقاندن لە ئێستا و تێنەگەیشتن لە هەنووکە، «ڕابردوو» گەورەتر پیشان بدەن لەوەی کە هەیە (هەر بۆیەشە هەمیشە قەبارەی کتێبەکانی مێژووی ئەدەب هێندە گەورە و ژمارەی لاپەڕەکانیشیان زۆرن!). ئەدەبی نوێ ناتوانێ ببێتە هەڵگری ئەزموونی ئەدەبی پێشوو، شەڕی ئەدەبی نوێ،



شەڕە تا بۆخۆی ئەو شتانە ئاشکرا بکا، کە هەمیشە هەبوون و ڕەنگ و بۆی خودی خۆیان پێببەخشێت؛ بەڵام لەهەمان کاتیشدا لەپێناوی ئەوەی ئەزموونی ئەدەبی نووسەرانی پێشوو بناسێت، پێویستە خاوەنی یادەوەری بێت لەگەڵ ئەو ئەدەبەدا.

١١

ئەگەرچی ئەدەب هەردەم گرێدراوە بەو سەردەمەوە کە تیایدا بەرهەم دێت و دەنووسرێ و دەشچێتە ژێر کاریگەریی هەستی ئێستاتیکی و شێوازە باوەکانی نووسینەوە لەهەمان سەردەمدا، بەڵام هەمیشە هەڵگری شتێکی دوورە دەستیشە، شتێک کە هێشتا ئامادە نییە و هێشتا نەهاتووە و سەری هەڵنەداوە.. بۆیە **ئەدەب بریتییە لە هەوڵدان بۆ نووسینەوەی «ئێستا» پێش ئەوەی تێپەڕێت**. بەڵام نووسین و زمان هەمیشە لەچاو هەستەکاندا دواتر دەگەن. ئەوەی هەستی پێدەکەین و ئەوەی لە زماندا وەک ئەزموونی ئەو هەستکردنە دەینووسین، لەڕووی کاتەوە دوو شتی جیاوازن.

١٢

بۆچی شێرزاد حەسەن وەک چیرۆکنووسێک، کۆمەڵە وتارێک بەم هەموو جوانییە وەردەگێڕێت و لە دوو توێی کتێبێکدا بەناوی: «**لە ستایشی ئەدەبدا**» بڵاویان دەکاتەوە؟ ئەمە ئەو پرسیارە بوو کە ماوەیەکی زۆر سەرنجی ڕاکێشام، بەتایبەتیش دوای ئەوەی پێشتر کتێبێکی دیکەی بەناوی «**بێ کتێب هەڵناکەم**» خستە بەر چاوی خوێنەرەکانی.

بۆ کەسانێک لە نزیکەوە شێرزاد دەناسن، باش دەزانن کاتێک تووڕە دەبێت و حەوسەڵەی پاساو هێنانەوەی بۆ ئەو شتانە نیە کە بڕوای پێیان هەیە و دەیانکات و هەندێک لە ئێمە بەدڵمان نین، ڕستەیەک زۆر دووبارە دەکاتەوە: «**وازم لێ بهێنن دەنا سەری خۆم هەڵدەگرم**». لە ڕاستیشدا ژیانی ئەم کابرایە زنجیرەیەکی سەیرە لە سەرهەڵگرتن و کۆچی بەردەوام:

لەمنداڵییەکانی گەڕەکی تەیراوەی هەولێرەوە بۆ ناو قوتابخانەکانی سلێمانی، لە ناو تۆڕی پەیوەندیی خێزان و بنەماڵەوە بۆ چنینی پەیوەندییەکی خۆشەویستی پڕ لە بەخشندەیی، لە جێهێشتنی ئەرکی مامۆستایەتییەوە بۆ وەئەستۆگرتنی وەزیفەیەکی ئازادتر، سەفەر لە کوردستانەوە بۆ وڵاتی فینەکان، دواجاریش گەڕانەوەی لە ئەوروپاوە بۆ خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، بۆ هەمان ژوور کە تیایدا زۆربەی کارت و نامەکانی بۆ هاوڕێکانی دەنووسی، بەبێ ئەوەی چاوەڕێی وەڵامیان لێ بکات!

هەڵبەت هەندێک لەم سەفەرانە لە ژیانی هەر مرۆڤێکدا، کە هیچ پێویست ناکات نووسەر بێت، دووبارە دەبنەوە. وەلێ سەفەر لە شێرزاد مرۆیەکی بەخشندە و دەستبڵاوی دروستکرد و ئەو شوێنەی ئەم کابرایە بەئاراستەیدا سەرهەڵدەگرێ، هیچ کامێ لەو شوێنانە نیە کە پێشتر بۆیان چووە. من وای بۆ دەچم لەبنەمادا سەرهەڵگرتنی شێرزاد هەرگیز بەمەستی گۆڕینەوەی شوێنێک نەبووە بەشوێنێکی تر، *شاسەفەری* ئەو بەردەوام بەرەو دنیای ئەدەب بووە و تەنیا لەوێدا توانیویەتی هێندە ئازادیی بەدەست بهێنێت، کە ئیدی پێویستیی بەپاساو هێنانەوە نەبێت بۆ ئەو شتانەی بڕوای پێیانە و دەشیێت ئێمە لێیان تێنەگەین، یان بەدڵمان نەبن، یاخود جورئەتی ئەوەمان نەبێت دانیان پێدا بنێین. لێرەوە، مانای دەستەواژەی «**وازم لێ بهێنن**» لە ڕستەی «**وازم لێ بهێنن دەنا سەری خۆم هەڵدەگرم**»ی شێرەدا، سکاڵایەک نیە بۆ بەتەنیا مانەوە و گۆشەگیری، بەڵکو هاوارێکە بۆ ئازادبوون، چونکە تەنیا مرۆڤی ئازاد لە فەزای شوێن و لە پانتایی ڕۆحیشدا سەقامگیریی خۆی بەدەست دەهێنێت. ئەوە تەنیا مرۆڤە نائازاد و دەستبەسەرکراوەکانن کە ناچار دەبن بەردەوام کۆچ بکەن و بێ نیشتیمان بمێننەوە. دنیای ئەدەب لە ئەزموونی ئەم مرۆڤەدا، ئەو هەرێمەیە لە نامەتریالیەت کە پڕبووە لە ئازادیی بۆ ڕۆحی نووسەرەکەمان. لێرەشەوە دنیای ئەدەب بۆتە ئەو جیهانە دوور لە واقیعەی کە ڕەخنەگرەکان پێیانوایە



دەبێت ئەدەب «ڕەنگدانەوە»ی بێت.. ئەگەر ئەدەب و هەوڵە ئەدەبییەکانی شێرزاد ڕەنگدانەوەی شتێک و دۆخێک بن، ئەوە دەبێت ئەو شتە و ئەو دۆخە، دۆخی ئازادییەک بێت کە دنیای ئەدەب بۆ «خەیاڵ»ی شێرزادی فەراهەم کردووە. بۆیە کاتێک شێرزاد دەیەوێت، «سەرهەڵبگرێت»، ڕاستەوخۆ بەرەو دنیای ئەدەب دەچێت، چونکە تەنیا لەوێدایە کە ئەو ناچار نییە پەیڕەوی لە یاسا و بنەما واقیعیە دەستوپێگرەکان بکات، کە ئێمە دەمانەوێت بەهۆیانەوە منداڵییەکانی شێرزاد و ئازادییەکانی کۆنترۆڵ بکەین.

## ١٣

خۆشبەختانە هێشتاکەش لە واقیعی ئێمەدا کەسانێک هەن لە «ستایشی» ئەم مرۆڤە بۆ ئەدەب تێبگەن و لەگەڵ خوێندنەوەی بابەتەکانی ئەم کتێبەدا پەیوەندیی ڕۆحیی خۆیان بەدنیای داهێنانی ئەدەبییەوە تازە بکەنەوە. ڕەنگە ئەمەش یەکێک بێت لە هاندەرە سەرەکییەکانی شێرزاد بۆ «ستایشکردنی ئەدەب». وەلێ ئایا ئەدەب هەمیشە ستاییش نەکراوە؟ ئایا مێژووی ئەدەب، مێژووی سەرفرازی و شکۆداری ئەم بەرهەمە ئینسانییە نیە و نەبووە؟

ڕاستییەکەی لە پشت بانگەوازەکەی شێرەوە بۆ ستایشکردنی ئەدەب، ئەو نیگەرانییە بەدی دەکەم کە مەترسیی «پووکانەوەی ئەدەب» یان «بێ بایەخبوونی ئەدەب» و «ئاوابوونی ئەدەب» هەست پێدەکا، بەتایبەتیش کاتێک ئەم نووسەرە لە دوا ڕۆمانیدا: «***پێدەشتی کارمامزە کوژراوەکان***» زەنگی مەترسیی «ئاوابوونی عەشق»ی بەگوێدا داین! بۆیە پێموایە چەندە ئەم کتێبە ستایشکردنە، هێندەش بانگەوازە بۆ وریاکردنەوەی ئێمە لە ئاست چارەنووسی ئەدەب لەم وڵاتەدا. چارەنووسێ کە ئیدی ڕووبەڕووی مەترسی بۆتەوە. بیهێنەرە پێش چاوی خۆت: هیچ کاتێک لە نیشتیمانی ئێمەدا هێندەی ئێستا «کتێبە ئەدەبییەکان» بەچاپ و ڕازاندنەوەی هونەری

و نەوعیەتی باڵای ئەوتۆوە نەکەوتوونەتە بازاڕەوە، وەلێ هیچ کاتێکیش تیراژی کتێبەکان هێندەی ئێستا نزم نەبووە. لەمەش کۆمیدیانەتر ئەوەیە کە زۆر لە دەزگاکانی بڵاوکردنەوە و چاپخانەکان، بڕیاری پێشینەیان هەیە سەبارەت بەچاپنەکردنی شیعر و چیرۆک! زۆر لە گۆڤار و بڵاوکراوەکان شانازی بە «**فیکری بوون، فەلسەفی بوون و ڕەخنەیی بوون**»ی خۆیانەوە دەکەن، کەچی جورئەتی ئەوەیان نییە خۆیان وەک بڵاوکراوەی ئەدەبیی ڕووت، پێناسە بکەن.. دەکرێ بپرسین: هۆی ئەم بێ ئەدەبییە چییە بەرامبەر بە ئەدەب؟ ئەم ترسە لە ئەدەب و لە بەرهەمی جیدیی خەیاڵ بۆچی و لە کوێوە هاتووە؟

## ١٤

من پێموایە ئەم ترسە لە دوو خاڵی سەرەکییەوە هاتووە،کە یەکێکیان پەیوەندیی هەیە بە **جەوهەری ئەدەب** خۆیەوە و ئەویدیکەشیان پەیوەندیی هەیە بە **دۆخی ڕۆشنبیریی گشتیی** کۆمەڵگاوە:

ئەدەب هەردەم بەرهەمهێنەری ترسێک بووە، هەمیشە هەڕەشەیەک بووە بۆسەر ئەوەی نەیویستووە بگۆڕێت و ڕەها و ئازاد بێت، ئەمەش لە کاتێکدا ئەدەب بەدرێژایی تەمەنی خۆی بانگەوازی بۆ گۆڕانکاری و ئازادیی کردووە. خاڵی جەوهەریی ئەدەب بریتییە لە دەوڵەمەندکردنی ئینسان بەهەموو ئەو شتانەی کە ناکرێت لە ڕێگەیەکی دیکەوە پێیان دەوڵەمەند ببین. ترس لە ئەدەب و بەکەم تەماشاکردنی و بایەخنەدان بە بەرهەمە ئەدەبییەکان، جۆرێکە لە کۆنپارێزیی دەزگاکانی بڵاوکردنەوە و خۆ دزینەوەیان لە دەروەستییەکی نەتەوەیی: وەختێک دەبا ئەوان ساڵانە بانگەواز بکەن بۆ خەڵاتکردنی چەندین کتێبی شیعری و ڕیوایی، کەچی تەماشا دەکەین خۆیان لەم کارە هەنووکەییە دەدزنەوە بەو بیانووەی گوایە ئەوان «فیکر و فەلسەفە و ڕەخنە» دەخەنە پێشەوە. بەڵام ئایا ئەم بایەخدانە بە ***فیکر و فەلسەفە و ڕەخنە*** بۆخۆی نیشانەی جیاکردنەوەیەکی



هەڵەی جەوهەری ئەم ژانرانە نییە لە جەوهەری ژانری ئەدەب، کە لە دواجاردا ئەنجامی بێ ئاگاییە لە هەر یەک لە فیکر و فەلسەفە و ڕەخنە و ئەدەبیش؟! مەگەر دابڕکردنی ئەدەب لە جەوهەری فەلسەفییانە و فیکرییانە و ڕەخنەییانە و دواجار ئێستاتیکیانەی خۆی، بێ ئاگاییەکی کوشندە نییە لە پەیوەندیی نێوانیان کە لەسەر پرنسیپی گۆڕانکاری و ئازادکردنی مرۆڤەوە دامەزراوە؟

هۆی دووەمی ترسان لە ئەدەب، وەک لە پێشاندا نووسیم: پەیوەندی هەیە بەدۆخی ڕۆشنبیریی گشتیی کۆمەڵگاوە: ئێمە تا دێت لە کۆمەڵگایەکدا دەژین، کە ئاستی ڕۆشنبیری لەلایەن دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە دەستنیشان دەکرێت و ئەم دەزگایانەش لەپشت جۆرێک لە بەرهەمهێنانی ڕۆشنبیرییەکی سەرگەرمکەرەوە وەستاون. واتە ڕۆشنبیرییەکی ئان و ساتی و سادەکراوەی حازر بەدەست، کە پشتێکی زۆر دەبەستێت بەئامێرەکانی تەکنەلۆژیا. تا دێت ڕۆشنبیریی گشتیی لە کۆمەڵگای ئێمەدا (کە دەبوو نیشانەی پەیوەندیکردنی مرۆڤەکان و گۆڕینەوەی ئەزموونی خۆیان بێت لەگەڵ یەکتر)؛ دەبێتە ڕۆشنبیرییەک، کە مەهارەتی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا سنووری بۆ دادەنێت. جیاوازیی نێوان کەناڵە ئاسمانییەکان و ڕۆژنامەکان، نێوان کەناڵە تەلەفزیۆنییە لۆکاڵەکان و گۆڤارە ڕەنگاوڕەنگەکانی تایبەت بەهونەر و سینەما و خانمەکان و وەرزش و هتد، لە «جیاوازیی گوتاریی» ئەوانەوە نەهاتووە؛ بەڵکو جیاوازییەکە لە ئاستی ئیمکانیات و شێوەی خۆڕازاندنەوەی تەکنەلۆژیانەی هەرکامێکیان دایە. لە وڵاتی ئێمەدا هەرگیز بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا لە پێناوی گەیاندنی پەیامێکدا نەبووە، بەڵکو «تەکنەلۆژیا خۆی بۆتە پەیام»! ئەگەر وانییە، بۆچی هەتا ئێستاش ڕۆشنبیرە بەرهەمهێنەرەکانی ئێمە لەدەرەوەی سنووری ئەم دەزگایانەن و بۆچی بەدەگمەن نەبێت، کارمەندانی پەیامی تەکنەلۆژیا نابنە ڕۆشنبیری خاوەن پەیام؟!

لەناو ئەم هەلومەرجانەدایە کە ئەدەب، وەک بەرهەمهێنانێکی پڕ دەردەسەری و خاوەن جیهانی سەربەخۆ، دەکەوێتە مەترسییەوە، چونکە بەپەراوێز دەکرێت. بۆیە پێویستە نەک هەر ئەدەبی جیدیی بەرهەم بێت، بەڵکو دەبێت بەردەوامیش **سەری خۆمان بەرەو جیهانی ئەدەب هەڵبگرین و ستایشی بکەین**، چونکە ئەدەب جگە لە «ئەدەبیاتبوونی» خۆی، جێگەی هیچ شتێکی تر ناگرێتەوە و بەهیچ شتێکی دیکەش جێگەکەی پڕ نابێتەوە: ئازادی هیچ ئەڵتەرناتیڤێکی نییە..

٢٠٠١/٩/١٥

هەولێر

# نووسین... بۆ...؟

**نووسینی: ژولیا کاسترتن**

من هەمیشە بەسەرسامییەوە لەخۆ دەپرسم: بۆ دەنووسم؟ بۆ چەندەها سەعات لەمەڕ ئەم مەسەلەیە گفتوگۆم لەگەڵ هاوڕێکانمدا کردووە، ئەوانەی کە نووسەرن و ئەوانەشی کە نووسەر نین. لەمیانەی بیست و پێنج ساڵی قۆناغی یەکەمی تەمەنمدا وا چووبووە دڵمەوە کە هەر یەکێک لە ئێمە سەرگەرمی نووسینی ڕۆمانێکە یان ئەوەتا ڕۆژێک لە ڕۆژان ویستوویەتی بینووسێ. دواجار ژنێک کە من کارم لەگەڵدا دەکرد زۆر بێ پێچ و پەنا پێی وتم کە ئەم هیچ ئارەزوویەکی لەو بابەتەی نییە، ئەم قسەیە تەواوێ لە دڵی دام.

من هەر وام مەزەندە کرد کە دەکرێ ئەو ژنە بە دزییەوە و لە ژێرەوە بنووسێ. من وای بۆ دەچووم کە لە سەرتاسەری دونیادا نووسەران ئەو خووە سەیرەیان هەیە کە حەز لە تەنیایی و شوێنی هێمن دەکەن، وام دەزانی ئەو ژنەش وایە، کەچی دوایی زانیم کە ئەو بەردەوام سەیری تەلەفزیۆن دەکا یان ئەوەتا لەگەڵ هاوڕێکانیدا دەچووە باڕ و مەیخانەکان: بەو نیازەی کە دەیەوێ ڕۆحێکی کۆمەڵایەتی هەبێ. نووسین هەموو کات چالاکییەکی کۆمەڵایەتی نییە، تەنها ئەو کاتانە نەبێ کە لەگەڵ کۆمەڵێ نووسەری دیکەدا لەنێو یەک گروپدا کار دەکەن و خۆ لەسەر نووسین و داهێنان ڕادێنن وەک جۆرێک لە جۆرەکانی ڕاهێنان لەسەر نووسین – بەڵام هەتا لەو کاتانەشدا هەست دەکەی زۆربەی وەخت پێویستت بە تەنیایی هەیە و هەر بە تەنیاش زۆربەی نووسینەکانت تەواو دەکەی، بۆ ئەوە لەهەر شوێنێکدا بیت هەوڵی ئەوە دەدەی کە کات بۆ خۆت بپچڕێنی.

شتێک هەیە کە زۆر ئاشکرایە: نووسین وەک هەناسەدان سروشتی نییە. ئەفسانەی نووسەری «سروشتی» کە دەتوانێ ورد و جوان شیعر و پەخشانی



مەزن بچنێ، کارامە و نەخشەساز بێ و هەر بە سەلیقە بنووسێ جگە لە درۆیەکی فێڵبازانە هیچی دیکە نییە، زۆربەی نووسەرانیش هەوڵ دەدەن کە ئەم ئەفسانەیە لەسەر خۆیان لابەن، گەر سەیر بکەی ئەم جۆرە ڕوانینە زۆرە کە بڕوای بەوەیە هەندێ نووسەر هەن هەر بە سەلیقە بەهرەدارن، ڕەنگە ستوونە ئەدەبییەکان و هەندێ فلیم لەسەر نووسەران ئەو ڕوانینە قووڵتر بکاتەوە، یان یاداشتنامەی هەندێ لەو نووسەرانە ئەو هێمایە ببەخشێ کە ئەوان مەزنن، هەر بۆیە خاوەنی یاداشتن. گرنگ نییە چەند لەو نووسەرانە دژی بیرۆکەی بەهرە و بەسەلیقە نووسینن، ئەوانەی کە خۆیان (نانووسەرن) حەز دەکەن کە کردەی نووسین بە ئاسان تێ بگەن، لەوە دەچێ بە مەسەلەیەکی زۆر سووکی بزانن.

نووسەران چاک دەزانن کە نووسین چ کارێکی پڕ لە زەحمەت و سۆز و عەقڵە... چ ئەرکێکی قورسە. «سیمۆن دی بوڤوار» زۆر تووڕە بوو ئەو وەختەی کەسێک ئاماژەی بەوە کرد کە هەرکەس دەتوانێ کتێبێکی لە بابەتی «یادگارەکانی کچێکی گوێڕایەڵ» بنووسێ. وەڵامەکە ئەوەیە: گەر هەموو کەس دەیتوانی شتێکی لەو بابەتە بنووسێ، بۆچی ئەو کەسە بە تەنها «سیمۆن دی بوڤوار» بوو؟ نووسەران هەمیشە دووچاری جۆرێک لەو زوڵم و ناهەقییە دەبن، وا باشە نووسەران ئەوەیان لەبیر بێ کە دەکرێ بەپێی پلەوپایەی خۆیان مامەڵەیان لەگەڵدا نەکرێ، هەر بۆیە گفتوگۆ کردن لەسەر نووسین لەگەڵ کەسانی ناشارەزا و بێ باک بێ سوودە.

من وابزانم خەڵکی بۆیە دەنووسن، چونکە پێویستیان بەوە هەیە بنووسن. «لۆرانس دارێل» ڕۆماننووس و شاعیر لەو بڕوایە دایە کە نووسین وا دەکات کە کەسێک ببێ بە مرۆڤ... واتا نووسین ڕێگەیەکە بۆ بە مرۆڤ بوون. پرۆسێسەکە شێوەی جۆرێک لە بەشداری بوونە لەگەڵ خەڵکی دیکەدا، بەیەکەوە فڕینە، ئەزموونێکە لە پاڵ خەڵکیدا نەبێ ناکرێ؛ هەروەک شەڕە بۆکسێنی یابانییەکان، یان ڕازاندنەوە و نەخشەکاری بە کۆمەڵ. دیارە لەگەڵ نووسەراندا لە کردەی نووسیندا خۆی بەرجەستە

دەکات. کاتێکی زۆری دەوێ تا لە پێوستی نووسین تێ دەگەین، بەڵام من بڕوام وایە کە چەندە پتر بنووسین، زیاتر لەو حەقیقەتە نزیک دەبینەوە کە ئەویش ئەوەیە: ئەو شتە کە گەرەکمانە دەبێ هەر بیکەین.

لە کتێبی «ژوورێک بۆ خۆی»دا کە نووسینی «ڤیرجینیا ولف»ی ڕوماننووسە قسە لەسەر ئەوە دەکات کە بەهرەی نووسین هەرچەندە کەم بێ، لەگەڵ ئەوەشدا... مەگەر مردن بتوانێ بیشارێتەوە. نووسەر، لەبەر هەر هۆیەک بێ، لەژێر فشاری ئەوەدایە کە بنووسێ، ئەو نووسەرە، نێر بێ یان مێ، دەتوانێ بۆ ماوەیەک ئەو ئارەزووەی نووسین لە خۆیدا سەرکوت بکات، بەو بیانووەی کە لەوانەیە کارێکی دیکە بکات، کە پتر جێی بایەخ بێ و کەمتریش خۆپەرستانە بێ؛ بە واتا کات بۆ شتێکی بەفەرتر لە نووسین بەکار بێنێ. بەڵام کێ دەتوانێ بڵێ ئێمە بەم خۆ سەرکوتکردنە چ وێرانەیەک لە خۆماندا دروست دەکەین و چۆن توانای نووسین لە خۆماندا دەکوژین ئەو وەختەی بۆ ماوەیەکی درێژ ئەم سەرکوتکردنە بەردەوام دەبێ؟

ئەفسوونێک لە وشەکاندا هەیە. ئێمە هەمیشە زۆر بە زەحمەت ڕێ دەکەین، لەنێو بازنە بەتاڵەکاندا دەخولێینەوە و بێ ئاراستەین، هەروەک خوێندنەوەی بێ حیکمەتی هەزاران لاپەڕەی ڕۆژنامەکان کە زۆربان دەستخەڕۆمان دەکەن. زۆر ئاسانە ئەو حەقیقەتە سادەیە لە یاد بکەین: بڵێین ئەوانە چەند وشەیەکن و بەس... هەر ئەم قسەیە و ئەم جۆرە خوێندنەوەیە وامان لێ دەکات کە توانای نووسین و قسەکردن لە دەست بدەین، کە دواجار ئەم دوو توانایەیە وامان لێ دەکات ببینە مرۆڤ. ئەوە وشەکانە وامان لێ دەکەن لە هەموو بوونەوەرێک و شتێک بەهێزتر بین لەسەر ئەم زەوییەدا. ئەوانەی کە ناتوانن بنووسن هێزی کەمتریان هەیە لەو کەسانەی کە دەتوانن بنووسن: کردەی ناونان لە شتەکان لەلای ئەوان سنووردارە، بە تەنها قسە بۆ کەسانێک دەکەن کە بێجگە لە گوێگر هیچی دیکە نین، ئەو کەسانەی کە لە دەوروبەری خۆیاندا دەژین. ئەوانە ناتوانن لەگەڵ کۆمەڵگاکانی دیکەدا بیروڕا بگۆڕنەوە، ئەوانە لەوە بێ بەشن کە



بتوانن پرد لەگەڵ ئەو کەسانەدا دروست بکەن کە هێشتا لە دایک نەبوون، بەڵام ئەو کەسانەی کە دەتوانن بنووسن هەموو ئەم شتانەیان پێ دەکرێ. «بێرتۆلت برێشت» ئامۆژگاری خەڵکی دەکات، ئەوانەی کە برسین، ڕێنماییان دەکات کە فێری «ئەلف و بێ» بن. زانینی هونەرەکانی خوێندنەوە و نووسین هەنگاوێکی پڕ بایەخە بەرەو زاڵبوون بەسەر خۆتدا.

زۆربەی کۆمەڵگاکان، لەوانەش کۆمەڵگاکەی خۆمان، سزای قورسیان خستۆتە سەر ئەوانەی کە تەماعی نووسینیان زۆرە و دەشزانن کە هێزی نووسین چەندە بێ سنوورە. حوکمڕانەکان دەرکیان بەوە کردووە کە دەتوانن بەرژەوەندییەکانی خۆیان بپارێزن گەر بتوانن پشت بەو «هێزی کارە» ببەستن کە بە تەنیا بۆ خۆی بیر ناکاتەوە... هەر هێزێک وەک «نووسەران» بە تەنیا و سەربەستانە بیری کردەوە، بە شێوەیەکی وا یەکگرتووانە و توندوتۆڵ، دەبێتە مایەی هەڕەشە و مەترسی بۆ سەردەستەی دەستەڵاتداران. پۆلیسەکانی ئاسایشی ئیسپانی و دادگای پشکنین کتێبەکانیان دەسووتاند، دیارە «نازییەکان»یش هەمان شتیان کرد. دەکرێ کتێبەکان جێی مەترسی بن، چونکە پرۆسەی نووسین-ی کتێبان لەسەر جۆرێک لە سەربەستی عەقڵی و مەعریفی ڕامان دەهێنێ.

نووسینە خەیاڵ ئامێزەکان، گەر شیعر بێ، چیرۆک و ڕۆمان، یان شانۆگەری دەتوانن شوێنێکی دیکە بۆ خوێنەر دروست بکەن کە تیایدا نیشتەجێ بێ، جیهانێکی ئەلتەر ناتیڤ-ی بۆ پێشکەش دەکا، جیهانێک دەوڵەمەندتر لەو جیهانە واقیعییەی کە هەیە. بە هەموو مانا گەوهەرییەکان جیهانی کتێب پڕە لە ئەفسوون: خوڵقێنەری هەموو هێز و دەستەڵات و پەرجوویەکن «موعجیزە»، کتێبەکان دەتوانن لە هیچەوە شتێک بەرهەم بهێنن. شکسپیر وتوویەتی:

چاوانی شاعیر کە شێتانە و جوان دەڕوانێ
لە ئاسمانەوە تا زەوی دەبینێ، لە زەوییەوە تا ئاسمان؛
لەوێدا کە خەیاڵ بەرجەستە دەبێ
هەموو ئەو شتانەی کە نادیار و بێ شێوەن

پێنووسی شاعیرە کە ڕۆحیان پێ دەبەخشێ
بۆ خەیاڵێک کە نییە
ماڵ و ناوونیشانی دەداتێ.
هەروەها «مارگرێت ئاتود» لە هۆنراوەیەکدا بەناوی «سپێڵ کردن» دەنووسێ:
کچەکەم لەسەر زەوی گەمان دەکا
گەمە بە پیتە پلاستیکییەکان دەکا
سوور، شین و... زەردێکی تۆخ
فێر دەبێ چۆن سپێڵی وشەکان بکا
سپێڵ کردن...
تاوەکو فێر بێ موعجیزەیەک بخولقێنێ

***

من سەیرم لێ دێ چ زۆرن ئەو ژنانەی
نایانەوێ ببنەوە بە کچ
خۆیان لە ژوورەکاندا بەند کردووە
پەردەکانیان داداوەتەوە
تەنها بۆ ئەوەی وشەکان ڕیزکەن

***

وشەیەک لە دوای وشەیەک
لە دوای وشەیەک... چ هێزێکە...!

لەوە دەچێ «شکسپیر» و «ئاتوود» لەبەردەم ئەو سیحر و ئەفسوونەدا دوو هەڵوێستی جیایان هەبێ. شاعیرەکەی شکسپیر لە حاڵەتێکی هەڵچووندایە، بە تەواوەتی کەوتۆتە ژێر ڕۆح و ئەفسوونی خولقاندن و داهێنان. شاعیر یەکاندەردوو توانیویەتی بەهێزی داهێنان هەرچی خەیاڵە بیکات بە پیت و وشە و کارەکتەر و... بیانخاتە سەر لاپەڕەکان. هەر هەمووی زۆر ئاسایی و ئاسان و بەسەلیقە هاتۆتە پێشێ... بەشێوەیەکی ناخود ئاگاهی. کچەکەی «ئاتوود» و لەولاوەش ئەو ژنانەی کە شاعیر خەیاڵیان لێ دەکاتەوە بە جۆرێکی تر گەمە لەگەڵ وشەکان دەکەن. کچەکە گەمە بە پیتەکان دەکا و دەیەوێ لێکیان بدات. ژنەکان خۆیان لە ژوورەکاندا خزاندووە، چی بەرز و بڵندە لە نووسین بە تەمان وەری بگرن، لە بری ئەوەی کە ئەو مەقامی بە دایک بوون و پەروەردەکەر و دایەن-ە



قەبوڵ بکەن... بە تەمان ئەو خەیاڵە قەرز بکەن کە لە نووسیندا هەیە. ئەو ژنانە لە ململانێ دان... ململانێ لەگەڵ ئەو شتانەی کە لێیان چاوەڕێ دەکرێ. ئەوان خەیاڵ لەوە ناکەنەوە کە بەشی خۆیان بپچڕن... ئەوان بۆی ناچن کە دەکرێ ئەو بەشە وەک ئەو پارچە کێکە وایە لە ئاهەنگێکدا بەرت دەکەوێ و دەیخۆی.

## ژنان، پیاوان و نووسین

ژنان و پیاوان لەگەڵ زماندا دوو پەیوەندی جیاوازیان هەیە، هەر توخمە و بە شێوەیەکی جیا لە زمان نزیک دەبێتەوە، ئەو ژنانەی کە سەرگەرمی نووسینن هەقە بۆ هەمیشە ئەو حەقیقەتەیان لەیاد بێ، لەو کاتەی کە دەنووسن و ئەو کاتەش کە لەلایەن دەزگاکانی بڵاوکردنەوە و چاپەمەنی بەرهەمەکانیان ڕەت دەکرێنەوە. ئەگەر وەک سەرەتایەک بمانەوێ قسە لەسەر ئەم مەسەلەیە بکەین دەڵێین بۆ هەمیشە بە ژنان و کچانی گەنج دەوترێ کە ئەوان زۆر قسە دەکەن، بە شێوەیەکی زۆر سادە و ساکار وشەکان بەکار دەهێنن... پێیان دەوترێ: بێ هوودە دەڕێسن. پێیان دەوترێ: کە ئەوان دەتوانن بە ئاسانی بکەونە ناو گەمەی قسە کردن، بەڵام باشی لێ نازانن. دەشوترێ کە کچان لە قسەکردندا گەلێ لە کوڕان شارەزا و لێهاتووترن، دەتوانن گەلێ بیر و بۆچوونی ئاڵۆز دەرببڕن... ئاسانتر لە کوڕان. من وابزانم کچان پتر سەرگەرمی ڕەخنەن ئەو کاتەی قسە دەکەن، کەمتر ستایش دەکەن... کاتێ گوێت لە کۆمەڵە کچێک دەبێ دەدوێن؛ هەست دەکەی کە پتر سەرزەنشت دەکەن تا پیاهەڵدان. لەهەر ڕۆژگارێکدا کچ دەست بداتە قەڵەم، بەو مانایە دێ کە کارێکی مەزن دەکا و دەیەوێ لەنێو ئەم دونیایەدا خۆی بسەلمێنێ... جێ بۆ خۆی بکاتەوە. بەم شێوەیە ئافرەت لە نووسیندا جەخت لەسەر بوونی توخمی خۆی دەکات و ئەو ڕوانینە هەڵدەوەشێنێتەوە کە لەسەر ئاستی میللی دەیەوێ گومان لە بەهرە و تواناکانی ژن بکات.

بە بەراورد لەگەڵ پیاواندا کەمترین ژمارە لە نووسینی ژنان لە

گۆڤارەکاندا بەرچاو دەکەوێ. بۆ وایە؟ ئایا ئەو کچانەی کە لە قسەکردندا بە دەم و پل و لەبلەبان بوون دووچاری چ دەرد و گرفتێک بوون کە گەورەتر بوون؟ ئایا ئەو زەوق و خولیایەیان بزر کرد... خولیای وتنی ئەو شتانەی حەزیان دەکرد بیانلێن؟ یان ئەوەتا گەورە بوون و دەنووسن... بەڵام نووسینێکی بێ هوودە؟ تۆ بڵێی کەس ئامادە نەبێ بیانخوێنێتەوە؟ ئایا ئەو بابەتانەی ئەوان لەسەری دەنووسن زۆر بە ئاسانی سەرنجی سەرنووسەرانی ئەو گۆڤارانە ڕاناکێشێ؟ باشە چەند لەو سەرنووسەرانە خۆیان ئافرەتن؟ ئەمانە ئەو پرسیارانەن کە ژنە نووسەرەکان دەبێ لە خۆیانی بکەن، ئەو پرسیارانەی ناتوانین لێیان ڕابکەین.

لەمڕۆکەدا شتەکان گۆڕاون. لە «بریتانیا» دا هەنووکە سێ دەزگای چاپەمەنی و بڵاوکردنەوە هەیە کە سەرقاڵی نووسینی ژنانن، بەلایەنی کەم دوو دەزگای گەورەی بڵاوکردنەوە بایەخ بەو کتێبانە دەدا کە بۆ ژنان جێی بایەخن، بۆ ئەم مەبەستەش لیستی تایبەتیان ئامادە کردووە. ئەمەیان هەواڵێکی دڵخۆشکەرەیە بۆ نەوەی تازە لە نووسەران، بەڵام بۆ هەندێکیان زۆر درەنگە. ئەوان چیتر ئەو دڵ و دەروونەی جارانیان نەماوە، دەست لە دەستنووسەکانیان هەڵدەگرن و لە گۆشەیەکدا فڕێیان دەدەن، بە خۆیان دەڵێن: ئەوان لە ڕاستیدا قەت نووسەر نەبوون.

بەهەرحاڵ... ئەوە بەو مانایە نایەت کە بۆ نووسەرانی پیاو کارەکە ئاسانترە. دۆزینەوەی دەزگایەکی چاپەمەنی بۆ بڵاوکردنەوەی کتێبان بۆ هەموو نووسەران، بە ژن و پیاوەوە، زۆر زەحمەتە، گەر بگەڕێینەوە سەر نامە و یاداشتەکانی نووسەرانی مەزنی وەک «گیرارد مانلی هۆبکنز»، «جۆزیف کۆنراد»، «هێرمان مێلڤل» تێدەگەین کە پرۆسەی نووسین و بڵاوکردنەوە چەندە پڕ ئازار بووە. بەڵام من بڕوام وایە کە ژنە نووسەرەکان جۆرە ئەزموونێکی جیایان هەیە، چونکە بەردەوام و دڵڕەقانە نکۆڵی لە بەهرە و تواناکانیان دەکرێ، هەر لەو ڕۆژەوە دەست پێدەکات کە فێری قسە دەبن، ئەگەر نەڵێین بەر لەوە، ئەمەش وا دەکات کە کردەی نووسین لە پلەی



یەکەمدا جۆرێک بێ لە هەڵگەڕانەوە و مل نەدان.

## نووسین و ململانێ

دەکرێ ململانێ و هەڵگەڕانەوە بەشێک بێ لە کردەی داهێنان و لە خولْقاندنی نووسەر ئەو کاتەی فێر دەبین کە چۆن بەکاری بێنین. هەر لە ڕێگەی وشە نووسراوەکانەوەیە کە نووسەر جەخت لەسەر «جیاوازی» نێوان خۆی و خەڵکیدا دەکا، لەنێوان خۆی و نووسەرەکانی دیکەدا، پێ داگرتن لەسەر ئەو جیاوازییە یەکە خەمی نووسەرە. «فلیپ لارکن»ی شاعیر لە «نووسینی داواکراو»دا وتوویەتی: هۆیەک لە هۆیەکانی نووسین لە دەرئەنجامی ئەوەوە هاتووە کە کەس ئەو شتەی نەنووسی کە ئەم حەزی دەکرد بیخوێنێتەوە. هەروەها «دەبلیو. بی. ییتس»ی شاعیر ڕایگەیاند کە ڕەوانبێژی و هونەری پەخشان نووسین لەوەوە سەرهەڵدەدا کە تۆ لە ململانێ دای لەگەڵ خەڵکیدا... بە واتا لە جەنگ دای، بەڵام نووسینی شیعر جەنگە لەگەڵ زاتی خۆتدا. ئەو جەنگ و ململانێیەی کە ئێمە لەناو خودی خۆماندا دەیانهێڵینەوە دەبن بەهێز و گوڕ و تینێکی لەبن نەهاتوو بۆ نووسەر کە وا دەکات خولْقێنەر بێ.

بیر لە باشترین نووسەر بکەرەوە کە تۆ زۆرت خۆش دەوێ، بیر لە هەموو ئەو کتێبانە بکەرەوە کە ئەو نووسیویەتی. ئایا هیچ کام لەو گرێیانە دەدۆزیتەوە کە لە ململانێوە هاتبێ، ئەو گرێ و گواڵانەی نووسەر حەز دەکا بیانکاتەوە و پاشان سەرلەنوێ بەیەکەوەیان ببەستێتەوە؟ ئایا هەست دەکەی کە وتەکەی «ئادرین ڕیچ» ڕاستە کە سەبارەت بە «ماری کوری» دەنووسێ و دەڵێ: «برینەکانی ئەو ژنە لە هەمان ئەو سەرچاوەوە هاتووە کە بۆتە کانگای هێز و تواناشی» ؟

هەڵڕشتنی هەرچی گرێ و گواڵ هەیە، هەرچی لە هەناوتایە بۆ سەر کاغەز، مەرج نییە چیرۆک و هۆنراوەی لێ دروست بێ... بابەتێک کە خەڵکی حەزی لێ بکەن و بیخوێننەوە، بەڵام هەموو نووسەرەکان

پێویستیان بەوە هەیە بەم قۆناغەدا تێپەڕن؛ قۆناغی هەڵڕشتنی هەرچی هەیە و نییە تا فێری ئەوە دەبن کە چۆن چۆنی هەست و نەستی خۆیان دەنێو شێوازێکی هونەریدا جێ دەکەنەوە. وشەکان لەسەر کاغەز جیاواز دەردەکەون لەوەی کە لە خەیاڵ و مێشکماندا هەیە. ئێمە لەنێو ڕستەکاندا یان بڵێین دەنێو فۆرمی ڕستەکاندا خۆمان دەدۆزینەوە. کردەی گۆڕینی گرێ و گواڵەکانمان بە ئاماژە و هێما لەسەر لاپەڕەکان وامان لێ دەکا لەسەر نووسین ڕابێین و فێری دیسپلین بین. شتێک لە ناوەوە پێمان دەڵێ- «ناکرێ بەم شێوەیە بیڵێی، ئاواهی بەکەڵک نایە»... جا بۆیە دەبێ بیگۆڕین. کە دەست دەکەین بە نووسین؛ دەبینین بەردەوام دەگەڕێینەوە لای هەست و نەستی خۆمان بۆ دۆزینەوەی ڕیتم و ئیقاع و شێواز. پاشان دڵگەرمانە بە نووسینەکەدا دەچینەوە، دەستکاری، کلک و گوێی دەکەین، چ شتێک دەقەکەمان بێزەوەر بکات لای دەبەین، سەرلەنوێ دایدەڕێژینەوە تاوەکو هەر بەشێکی دەتوانێ بەشێکی دیکە ڕابگرێ و بەیەکەوە هەر هەموو پارچەکان هەمئاهەنگیان دەبێ و دواجار وەک دەقێکی یەکگرتوو بەپێوە تۆکمە و دامەزراو دەوەستێ: ئەو مانا و مەغزایە دەبەخشێ کە ئێمە گەرەکمان بوو.

## خۆ ئامادەکردن بۆ نووسین

«کارلۆس کاستێنیدا» لە کتێبەکەیدا بەناوی «واقیعێکی تازە»دا بە دوای بایەخی ئەو شتەدا دەگەڕێ کە خۆی ناوی ناوە «دۆزینەوەی شوێنەکەت» بەر لەوەی دەست بەفێربوونی هەر شتێک بکەی. دۆزینەوەی شوێنێک بۆ نووسین، بە هەردوو دیودا کە دەکا شوێنێکی ڕاستەقینە - ژوورێک لە خانوویەکدا، مێزێک، کورسییەکی نەرم و نیان، ئەوی دیکەیان شوێنێکە لەنێو خەیاڵی نووسەرداک ئەم دوو شوێنە دوو داوا و مەرجی زۆر پێویستن بۆ پەرەپێدانی بەهرەی نووسین و گەشەکردنی. زاتی نووسەر پێویستی بە خۆراکی تایبەت هەیە، خۆراکێکی ڕۆحی، بەڵام نابێ ئەوەشمان لەبیر بچێ کە کورسییەکەی ژێریشت گرنگە. هەروەک چۆن



زەحمەتە لە ژوورێکدا بژی کە بە زستان سەربانەکەی دڵۆپە دەکات، هەروەها ناتوانیت بە ئاسانی بنووسیت ئەو وەختەی لەسەر کورسییەکی خەراپ دانیشتووی. بیر لەو ڕووناکییە بکەرەوە کە لاپەڕەکانی بەردەمت ڕۆشن دەکاتەوە. ئایا بایی ئەوەندە ڕۆشنە کە وشەکان ببینی؟ ئەوەندە ڕوونە کە بزانیت چی دەکەی؟ بیر لەو کاغەزەش بکەرەوە کە لەسەری دەنووسیت. «کۆلیت»ی نووسەر کاغەزی پاک و تەمیزی دەکڕی کە بۆ لەسەر نووسین زۆرخۆش بێ. ئەم شتانە بێ بایەخ نین، بەڵکو بەشێکن لە کەرەستەی زۆر پێویستی نووسەر، دیارە کار دەکەنە سەر پرۆسەی نووسینیش.

کە بۆ یەکەمجار ئارەزووی نووسینمان دەبێ و خۆمان تاقی دەکەینەوە. بە شێوازی نووسینەکەمانەوە دیارە کە دەترسین، سەرەتایەکە لاواز و بێ نموودە، بێ ڕەنگ و بۆیە، هەر بۆیە پێویست دەکا کە پتر تێر خۆراکی بکەین، دەبێ خودی نووسەر لەوە تێ بگات کە ئەو خوێن بەخشینە زۆر پێویستە، دەبێ کاتێکی زۆرتر خزمەت بەو بەهرەیە بکەین، گوێ لە خودی خۆمان بگرین. ئەو نووسەرەی کە لەناو ئێمەدا دەژی دەبێ لەوە تێ بگات کە خەمی نووسین یەکە خەمی ئێمەیە، دەبێ بزانین کە ئێمە ئامادەین واز لە زۆر شتی دیکە بێنین و هەرچی هەیە لە خزمەتی ئەو بەهرەیەدا تەرخانی بکەین، تێری بکەین، ئامادەشین کە شوێنێکی سێنترالی لە ژینی خۆماندا پێ ببەخشین، لە نووسینەکەمدا کە باس لە خود و زاتی نووسەر دەکەم وەک ئەوە وایە کە وەسفی کۆرپەلەیەک بکەم کە دیارە من دەقاودەق ئەوەم مەبەستە.

کە خۆت ئامادە دەکەی بۆ نووسین، بە وردی بیر لە هەموو ئەو شتانە بکەرەوە کە پێویستت پێیانە، بیر لەوە بکەرەوە کە چۆن ئەو کۆرپەلە برسییەی ناو زاتت تێر دەکەی.

کاتی نووسین کاتی خۆتە؛ دەبێ بۆ خۆتی بپچڕێنی، زۆربەی کات ناچاری گوێ بە خەڵک و داواکانیان نەدەیت و ئەو وەختەی بۆ نووسین

گەرەکتە بیدزی. هەندێ جار ئەو شتە پتر لە جۆرە ستراتیژێکی سەربازی دەچێ؛ بەم شێوەیەش ڕووبەڕووی ئەم حاڵەتە دەبیتەوە: وەک ئەوە وایە کە پیلان و پلانی بۆ ساز بکەی کە چۆن خۆت لەناو قەڵایەکدا بشاریتەوە و بەرگری لە خۆت بکەی... دیارە ئەو قەڵایەی تۆ خۆتی تیا حەشار دەدەی قەڵایەکی خەیاڵییە، پەناگەیەکی بێ دەنگە، بەڵام بۆ تۆی نووسەر ئەو قەڵایە پڕ خێروبێرە، لەپاڵ هەموو ئەو کار و ئەرک و کێشانەی کە لە ڕۆژێکدا تووشیان دەبێ و دەبنە بار بەسەر شانتەوە، تۆ هەمیشە پێویستت بەو قەڵا و پەناگەیە هەیە. هەر کاتێک هەستت بەوە کرد کە گوناهباریت، ئەوەت لەیاد بێ کە تۆ ئەو کۆرپەلەیە تێر دەکەی کە زاتی خۆتە... ڕۆحی خۆتە؛ ڕۆح و زاتی نووسەر.

لەوانەیە پێویستت بەوە بێ ئەم چەشنە پرسیارانە لە خۆت بکەی – «کەی شوێنێک و خەڵوەتێکی تایبەت بە خۆمم دەبێ؟ کەی جیهانێکی هێمنم دەست دەکەوێ؟ ئاخۆ پێویستم بەوە هەیە ماڵ بەجێ بێڵم یان کاتی ئەوەم دەبێ لە ماڵەکەی خۆمدا بنووسم؟ ئاخۆ دەتوانم بنووسم ئەو کاتەی دەورم قەڵەبالغە؟»

لە ڕاستیدا وا چاکە کە لێ بگەڕێم خەڵکی بزانن کە من سەرگەرمی نووسینم؛ هەر بۆیە پێویستم بە خەڵوەت و تەنیاییە. ئەگەر تۆ سوور بیت لەسەر وەدەست هێنانی کات و شوێنی گونجاو... خەڵوەت، بێ گومان بە لەوەی کە خەڵکی ڕێزی ئەو داوایەت دەگرن، ئەگەر تۆ بەڕاستی مەبەستت بێ، ئەوە خەڵکی دیکەش ناچار دەکەی کە پێی ڕازی بن.

**سەرچاوە:**

Creative Writing
A PRACTICAL GUIDE
Julia Casterton
Macmillan

چاپی یەکەم ١٩٨٦ چاپی هۆنگ کۆنگ لاپەڕە ١-٦



# ڕووەو ئاشتی چوون لە ڕێی دیالۆگی نێوان کەلتوورەکانەوە دەڕەخسێ

**ئامادەکردنی: تی. دی. ئێن- ئۆفیسی ئیستانبول**

«محەمەد ئوزون» دەڵێ:- «ئەوەی کە لە تاراوگە پێی گەیشتم ئەوە بوو کە من سەرلەنوێ بە زمانی دایکم ئاشنا بوومەوە، من سەرلەنوێ فێری ئەو زمانە بوومەوە کە پێشتر لێم قەدەغە کرابوو پێی بنووسم و بخوێنمەوە».

«محەمەد ئوزون» دەڵێ:- «دیالۆگی نێوان کەلتوورەکان سەرچاوەی دەوڵەمەندبوونێکی فرە قەبەیە، چەندە پێش بکەوێ، ئەوەندە پتر شەڕ و ململانێی نابەجێ کەم دەبنەوە.»

لە کۆتایی (١٩٩٣) بوو کە نزیکەی (٧٠) نووسەر لە زۆربەی وڵاتانی دونیاوە ڕوویان کردە تورکیا، سەردانی نووسەرەکان بۆ تورکیا لەلایەن یەکێتی نووسەرانی سوید–ەوە ڕێکخرابوو.

دیدەنی دووەم سەیرانێکی دوو هەفتەیی بوو لەسەر کەنارەکانی دەریای ڕەش، کە نووسەرەکان گەیشتنە «ئەستەنبول» پێشانگایەکی ساڵانەی کتێب لە (ئەستەنبول) کرابۆوە، ئەو نووسەرانە بۆ ئەوە هاتبوون تا لە نزیکەوە ئاگایان لە بزاڤی هونەری و ئەدەبی تورکی بێ و پشتگیری نووسەران و چاپکەرانی تورکیا بکەن. ئەو گەشتە پێشنیار کراوە چالاکییەکی ئەدەبی و کەلتووری بوو کە وای کرد نووسەرانی یۆنان و ڕوسیا و ئۆکرانیا و ئەبخازیا و جۆرجیا و چەرکەس بە یەکدی بگەن، لەگەڵ خەڵکانی سەر بەو کەلتوورانەی کە لە هەق پیشاندانی ئەو کەلتوورە قەدەغە کرابوون.

هەروەها یەکێتی نووسەرانی سوید گەشتێکی دە ڕۆژەیان بۆ یەکێتی شوورەویی جاران سازکرد دوای ئەوەی کە سیستەمی کۆمۆنیست داتەپی، بەنیازی ئەوەی نەهێڵن هیچ بەیەکدادانێک و ڕووبەڕووبوونەوەیەکی

کۆمەڵایەتی، ڕەگەزی، مەزهەبی بقەومێ کە لە گوێن بوو بەرپا ببێ... دواجاریش هەر بەرپا بوو. «محەمەد ئوزون» کە بە ڕەگەز کوردی تورکیایە و ئەندامی ئەنجوومەنی ڕاپەڕاندنی کاروباری یەکێتی نووسەرانی سویدە و هاوڕێ لەگەڵ سەرۆکی نووسەران خۆیان کردە بەرپرسی پشتگیری هەموو چالاکییەکانی [یانەی قەڵەمی جیهانی] لە وڵاتی سوید. محەمەد ئوزون حەڤدە ساڵە لە سوید دەژی و یەکەم بیانییە کە بۆتە ئەندامی یەکێتی نووسەرانی سوید کە ژمارەی ئەندامەکانی گەیشتۆتە (٢٢٠٠) ئەندام. ئوزون ئەندامی [یانەی قەڵەمی سوید]ییە و سەرەڕای ئەندامیەتی لە کۆمیتەی ئەدەبی و یانەی قەڵەم بۆ کەلتووری بیانیی، لە هەمان کاتدا پسپۆریش بوو لە سکرتارییەتی پەیوەست بە چالاکی ڕۆشنبیری کە سەر بە وەزارەتی ڕۆشنبیری سویدییە.

## محەمەد ئوزون کێیە؟

ئوزون لە «ئورفە»ی سەر بە ناوچەی (سڤێریک) و لە ساڵی (١٩٥٣)دا لە دایک بووە. یەکەمجار لە ژیانی خۆیدا دەستەواژەی «وڵات غەریبییە»ی لە داپیری خۆی گوێ لێ بووە. ئەم وا وەسفی ئەو حاڵەتە دەکات کە ئەم عیبارەتەی نەنکی «وێلات غەربیبیە» بۆتە یەک لەو ڕەمز و هێما هەمیشە زیندووانەی کە وەکو سێبەر بە دوایەوە بووە و لە منالییەوە پێوەی نووساوە. ئەم ڕستەیە واتا «نەتەوەیەک وا لە تاراوگە»دا. پاش هەموو شتێک هەر کەسێک بیەوێ ئەم شێوە ژیانە بگۆڕێ کە بۆیان دارشتووە: دەبێ قەدەری ئەوە بێ لە وڵاتی خۆی بە غەریبی بژی یان ئەوەیە لە تاراوگەیەکی دیکەدا بژی، بۆ ئەوانە نیشتمانیش هەر تاراوگەیە.

لە ڕاستیدا ئەم دەربڕینە تەمومژاوییە. ئاماژەیە بۆ ئەو نەتەوە و وڵاتانەی کە بزرن و یان لەناوچوون: چیاکانی قەفقاس، بیابانەکانی یەمەن، دوورگەکانی یۆنان، وڵاتانی مەغریبی عەرەبی... هەموو ئەوانە «وڵاتی غەریبی» بوون... هەموویان ئەو خاکە ئەفسانەییانە بوون کە کوردەکان ڕوویان تێ کرد و هەرگیز نەگەڕانەوە.



پاشان ساڵانێکی گەنجیەتی لە بەندیخانە بەسەر برد، تێگەیشت کە ئەو خاک و مەملەکەتە دوورانە هەر هەموویان مەملەکەتی مەنفا «تاراوگە» بوون. داپیرەی دەیوت:- «ئەم گەلە وشانەی بە ئازار و کارەسات و خەمی دوورە وڵاتی و دەردی غەریبییەوە پەیوەستن گەلەوشەیەکی گەلێ گەرم و جوانن». محەمەد ئوزون لە ساڵی (١٩٧٠)دا گیرا و دوو ساڵان لە بەندیخانەکانی «مەمەک ئەنقەرە» و «دیاربەکر» مایەوە. ئەو سەرنووسەری گۆڤاری «ڕزگاری» بوو کە لە ساڵی (١٩٧٦)ەوە دەردەچوو. لە سۆنگەی ئەو نووسینانەی لەو گۆڤارەدا بڵاو دەکرانەوە هەشت مانگی دیکەی لە بەندیخانەی سینترالی ئەنقەرە توند کرا.

کە بوو بە ساڵی (١٩٧٧)؛ دەستەواژەی (وڵات غەریبییە) بۆ کەسێکی وەکو «ئوزون» چیتر ئاماژە نەبوو بە «وڵاتێکی دوور و کەس نەناس». ئەویش ڕووە و ئەو شوێنانە سەری هەڵگرت کە بەر لەو خەڵکێکی دیکەش ڕوویان تێ کردبوو، ئەوسا پتر لە دەستەواژەی «وڵات غەریبییە» تێگەیشت، پتر لە نهێنییەکانی ئەو دوو وشەیە گەیشت. بەڵام ئەوە بەو مانایە نایەت کە «ئوزون» بڕوای بەوە بووبێ کە «تاراوگە - مەنفا» لە پەل و پۆی بخات و بوونی وەک بیانییەک وای لێ بکات خۆی بخواتەوە و کۆتایی پێ بێ، تاراوگە ڕێی ئەوەی لێ نەگرت بژی. ئەو توانی ژیانێک بۆ خۆی پێکەوە بنێ، ئەم خۆی لەگەڵ ئەو وڵاتەدا گونجاند و کردی بە ماڵی «خاکی» دووەمی خۆی. چووە ناو پۆلەکانی خوێندن و خۆی فێری زمان کرد. سەرگەرم و خولیای ئەدەبی میللەتانی دیکە بوو. وای لێ هات کە کۆمەڵە خەڵکێکی تازە بناسێ، کۆمەڵی وڵاتی تازە، نووسەری تازە و کەلتووری تازە. هەموو ڕۆژێک شتێکی تازەی دەخستە سەر ئەو خەرمانە کۆنەی، شتێک پتر لەوەی کە دەیزانی و فێری ببوو، سەرپەرشتی دەرچوونی گۆڤارێکی ئەدەبی کرد کە ناوی (٩٠- تال) بوو، کە دیارە لە سوید دەردەچوو، جگە لە بڵاوکراوەیەک بەناوی «کرمانجی» کە لە بڵاوکراوەکانی «ئامۆژگای کوردی بوو لە پاریس.»

لە وڵاتی «سوید» کە ئەو ناوی نابوو «وڵاتە تازەکەم»، توانی، بۆ یەکەمین جار، زمانێکی نوێ فێر بێ: شێوازێکی تازەی دەربڕین کە «زمانێک بوو هەڵگری هیچ ئازار و قەدەغەکراوێک نەبوو، ئازار و قەدەغەکراوێک کە لە زمانی دایکیدا هەبوو.» لە ژیانی خۆیدا، بە تایبەتی لە ساڵانی درێژی نێو تاراوگەدا، وەک خۆی وتوویەتی:- «گەلێ کەسی تازەم ناسی، داب و نەریتی نوێ، فێری بڕیاری تازە بووم، ئەزموونی نوێ، زمان و کەلتووری جیا، جگە لە پەیدا کردنی خولیایەکی کوشندە و بێ کۆتایی بۆ زانین و پشکنین و فێربوون، گەڕان بە دوای ناسنامەیەک کە لەم دونیایەدا خۆمی پێ بناسمەوە، لە ڕێی ئەو شتانەی کە دەستم کەوتن، توانیم زمانی دایکم دەست بکەوێتەوە. سەرلەنوێ فێری ئەو زمانە بوومەوە کە پێشتر لێم قەدەغە کرابوو پێی بنووسم و بخوێنمەوە و، توانیم خۆشەویستییەکی گەرمتر و قووڵتر لەگەڵ ئەو زمانەدا دابمەزرێنم.»

وای لێ هات کە بتوانێ بە زمانی کوردی ڕۆمان بنووسێ، لە ساڵی (١٩٨٥)دا ڕۆمانی (تۆ)ی نووسی، کە دواتر لە (١٩٨٧)دا بڵاوبۆوە، لە ساڵی (١٩٨٩)دا ڕۆمانی «مەرگی پیرە بێ لانەیەک»ی نووسی، ڕۆمانی «لە سایەی ئەڤین» دای لە (١٩٩١)دا بڵاوکردەوە، جگە لە ڕۆمانی «ڕۆژێک لە ڕۆژەکانی عەڤدالی زەینەک».

لە ڕۆمانەکانیدا، بە شێوەیەکی سەرەکی قسە لەسەر سەرکێشی و سەرچڵییەکانی ڕۆشنبیران دەکات، ئەوانەی وەک «محەمەد ئۆزون» ئازاریان چەشتووە. ڕووبەڕووی - توندوتیژی و ڕۆحی تاریکی - بوونەتەوە، کە دیارە ئەم ڕۆحە تاریکە و دەمارگیرییە بەشێکە لەو کەلتوورەی نووسەر تیایدا گەورە بووە و ژیاوە، ئەم وێنەی ئەم جیهانەی بۆ گرتووین، بەڵام هەمیشە بڕوای بە ڕۆشنی «دیالۆگی نێوان کەلتوورەکان» بزر نەکردووە. بە حوکمی ئەوەی وەک کەسێک کە پەراگەندە بووە و نەیتوانیوە لەسەر خاکی خۆی و دەنێو خەڵکی خۆیدا بژی... وتوویەتی: - «من کوردم، بەڵام لە هەمان کاتدا کەسێکم سەر بە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست،



کەسێکم لە ڕۆژهەڵاتەوە هاتووم و سەر بە کۆمەڵگەیەکی موسڵمانم. من لەوێوە هاتووم. من خاوەنی هەموو ئەو سیفەتانەم، بەڵام زۆر لە نزیکەوە تێکەڵ بە کەلتووری خۆرئاوام، بە ئەدەب و مێژووەکەی. من ئەم شتانە بە دەستکەوت دەزانم، نەک بە خاڵێک جێی هەڕەشە و مەترسی بێ. بۆ کەسێک گەر بیەوێ لەنێو کۆمەڵگەیەکدا نووسەر بێ، وا چاکە لە نزیکەوە ئەو کۆمەڵگایە ببینێ؟ نووسەرە مەزنەکانی ئەمریکای لاتین باس لە کێشە و بێشەی وڵاتەکانی خۆیان دەکەن، کەچی هەست دەکەم ئەمڕۆکە ئەوان بەشێکی نەپچڕاوەی ئەدەبی جیهانن. لە سەرەتادا ئەو «پەنابەرێکی سیاسی» بوو، چونکە لەو بار و زرووفەی «محەمەد ئۆزون»ی تێ کەوتبوو، لە ساڵانی (١٩٧٠)دا بەدواوە، تەواو جیاواز بوو، ئەو سەردەمە نووسەر باوەشی بۆ هەر شتێک دەکردەوە کە هەڵگری ڕۆحێکی شۆڕشگێڕانە بووایە، ئەو لەو سەردەمەدا کە سەیری هەر مەسەلەیەکی کردبا، لە دیدێکی «ئیدیۆلۆژی»کەوە تێی دەڕوانی. بەڵام لەمڕۆکەدا ئەم چیتر پێویستی بەو زمانە نەماوە کە پڕ بێ لە لەغز و قسەی قەڵەو کە لە دواجاردا زمانێکە هیچ نادا بەدەستەوە، یان زمانێکی وا بەکار بهێنێ کە پێی بوترێ زمانی «وردە بۆرژوا»، بەتایبەتی لەو بار و زرووفەی کە باسمان کرد. دیارە ئەو هەنووکە بۆتە هەڵگری پەیامێک، هەر بەم شێوەیە قسە لەسەر خۆی دەکات:-

«زۆر گرنگە بۆ کەسێک کە سیاسەتمەدار بێ، بەپێی ئەو ئیدیۆلۆژییەی خۆی بڕوای پێیەتی سەیری کێشەکانی دونیا بکات. لەوێدا ئیدیۆلۆژی دەبێ بە سێنتەری هەموو شتێک. بەڵام ئەدەب دەتوانێ باسی مرۆڤ بکا وەک کەسێک کە لە ژینگەیەکی دیاریکراودا دەژی، هەروەها وەک کەسێک کە هاونیشتمانییەکی جیهانییە، ئەوەی کە کەسێک دەکا بە مرۆڤێکی ڕاستەقینە: ئەو زمانەیە کە قسەی پێ دەکا و پێی دەنووسێ، کەلتوورەکەیەتی؛ کەلتوورێک کە هەڵگری کۆمەڵێک خەسڵەتە، سەرەڕای بیر و بۆچوون و بڕیارە پڕ بەهاکانی، تا دەگا بە شێوەی خواردن و

خواردنەوە و جل لەبەر کردن؛ هەر هەموو ئەو شتانەی پێی دەوترێ شێوەی وتن و دەربڕین، مەسەلەکە گفتوگۆ و ئاڵوگۆڕە، شێواز و حاڵەتی کارکردنی مێشکە. هەر هەمووی ڕێگایەکە دەتبا بەرەو ئەوەی کە تابێ پتر لە خەڵک و خاکی دیکە شارەزا بیت. من بۆخۆم لە دەرەوەی وڵات بەم گۆڕانە گەیشتم. هەروەک ئەوەی هەندەران بووە گۆڕستانی زۆر لەو نووسەرانە، خۆ دەکرا بۆ منیش هەر گۆڕستان بووایە. بەڵام من هەر لەو تاراوگەیەدا فێری زمانی نوێ بووم، کەلتووری نوێ، جیهانێکی تازە، کەوتمە بەراورد کردنی زمانی کوردی لەگەڵ ئەو زمانەی کە تازە فێری دەبووم، هەلێکی وام بۆ ڕەخسا کە کەلتووری خۆم لەگەڵ ئەو کەلتوورەدا بەروارد بکەم کە تازە بەتازە تیایدا دەژیام و خەریک بوو هێدی هێدی ئاشنای دەبووم.»

## دیالۆگی نێوان کەلتوورەکان سەرچاوەی دەوڵەمەند بوونە

«محەمەد ئوزون» بەردەوام قسە لەسەر «دیالۆگی نێوان کەلتوورەکان» دەکات. ئاخۆ دەبێ مەبەستی لەم دەربڕینە چی بێ؟ با گوێی لێ بگرین:-

«دیالۆگی نێوان کەلتوورەکان سەرچاوەی تەواوی دەوڵەمەند بوونە، لە دایک بوونە، خوڵقاندنەوەی سەرلەنوێیە. دیالۆگی کەلتووری دوژمنکاری و دووبەرەکی و ململانێی توندوتیژ کەم دەکاتەوە، تا پتر ئەو دیالۆگە بسازێ، ئەو ڕۆحی شەڕانگێزییە پتر لەناو دەچێ. من زۆر بەباشی ئاگاداری مەترسی لە یەکدی جیا کردنەوەی کوردەکان و تورکەکانم: لە تورکیای ئەمڕۆدا. ئەو مەترسییە دەڕوا و گەورەتر دەبێ تا دەگاتە نێو ڕۆشنبیرەکان و خوێندەوارەکان لەهەر کوێیەک بن. گەر من لە (تورکیا) بوومایە، لەوانەیە وەک زۆر کەس خۆم لەناو سەربازگەیەکدا ببینیایە؛ ئەویش لەبەرئەو بارە ناهەموارەی ئەمڕۆکە لەوێ لە گۆڕێ دایە.

کوردەکان هەست دەکەن کە ڕووبەڕووی هەڕەشەیەکی گەورە بوونەتەوە. ڕووبەڕووی هێرشێکی ترسناک دژ بە مافە سەرەتاییەکانیان، دژ بە زمان و کەلتووریان.



کوردەکان ڕۆژ بە ڕۆژ پتر هەست دەکەن کە دەبێ خۆ بە زمانەکەی خۆیان ببەستنەوە، بچنەوە سەر ئەو کەلتوورەی هەیانە. هەڵبەتە ئەوەیان هەقێکی سروشتییە، بەڵام نابێ ببێتە هۆی تەریکبوون و لێک دابڕان، چونکە ئەوەیان پێچەوانەی خۆکردنەوە و خۆ تازەکردنەوەیە، بەڵکو دەبێ ڕێ خۆش بکات بۆ دامەزراندنی جۆرەها پەیوەندی تێروتەسەل و بە بەرەکەت؛ ئەویش لە ڕێی دروستکردنی پردی توندوتۆڵ لەگەڵ زمانەکانی دیکەدا، کەلتووری تر و خەڵکێکی جیا. ئا ئەمەیان تورکیا دەوڵەمەندتر دەکات، کە ئەوەیان مەبەستی منە وەختێ باس لە دیالۆگی نێوان کەلتوورەکان دەکەم. بەڵام ئەو جۆرە عەقڵەی کە تورکیا بەڕێوە دەبات، هەر لە سەرەتاوە نامۆیە بەم جۆرە بیرکردنەوەیە. ناسین و دان نان بەزمانی کوردی، ئەدەبەکەی، مێژووی، هونەر و مۆسیقاکەی، کردنەوەی ئەگەرەکانی گەشەسەندن بەشێوەیەکی زۆر بەرفراوان تورکیای پێ دەوڵەمەند دەبێ. ئەمڕۆکە کە دەبینین خەڵکانی دوو میللەت یەکتری لەناو دەبەن، تا سەر وا نامێنێ و ڕۆژێک دێ کە بنەبڕ ببێ؛ من بڕوام بەوەیە کە ئاشتی جێی ئەو جەنگە دەگرێتەوە.»

بۆ گەیشتن بەچارەسەری کێشەی کوردەکانی ناو تورکیا کە بەوتەی «محەمەد ئوزون»ی ڕۆماننووس و پیاوی پەیامەکان؛ بۆتە دەرد و نەخۆشییەکی وەک «گانگرین»، هەر دەبێ لە ڕێی هەنگاو هەڵهێنانێکی دیموکراتی بێ کە دیارە خەریکە ببێ، ئوزون دەڵێ:-

«هەڵهێنانی هەنگاوی لەم جۆرە مانای لاوازی و بێ دەسەڵاتی حوکمەتی تورکی نابێ، نە پاشەکشێیە و نە مل کەچکردن بۆ هەقێک لە پێناو هێورکردنەوەی بارودۆخێک کە تەنها ماوەیەکی کورت بخایەنێ، بە پێچەوانەوە، ئەم هەنگاوە بەڵگەی هێز و دەسەڵاتی تورکیایە، بەڵگەی بوونی بەهایەکی دیموکراتیک و ڕەفتارێکی شارستانیانە. وای لێ دێ خەڵکی هێمنتر و کراوەتر بن، پتر لە یەکتری حاڵی بن و زەمینەی لێ بووردن و بەخشین پتر بەرکەماڵ ببێ.»

«محەمەد ئوزون» بە کوردی دەنووسێ تا پتر بوار خۆش بکات بۆ

زمانەکەی خۆی گەشە بکات، بەڵام ئەو لەگەڵ ئەدەبی تورکیدا لە پەیوەندییەکی یەکانگیردا دەژین. ڕۆمانەکەی (لە سایەی ئەڤین)دا کراوە بە تورکی و بڵاوبۆتەوە. ئەو کاتەی لەسەر ڕۆمانی «بیری قەدەر» کاری دەکرد و بەشێکی بڵاوکردبۆوە، هەر لەو وەختەوە ئەو بەشانەی لەناو «ئەستەنبول»دا دەستاودەستی دەکرد.

ئۆزون دەڵێ– «هەرچەندە من لە ئەنقەرە دەژیام، بەڵام هەمیشە لەنێوان ئەنقەرە و ئەستەنبولدا لە هاتوچۆدا بووم. بەڵام ئەو ئەستەنبولەی تیایدا دەژیام ئەو ئەستەنبولە نییە کە لە ڕۆمانەکەمدا هەیە. ئەو ئەستەنبولە سەرنجی منی ڕانەدەکێشا. ئەو ئەستەنبولەی من لە ڕۆمانەکەمدا باسی دەکەم؛ ئەستەنبول–ی ساڵانی (١٩٨٠) و (١٩٩٠)ە. ئەستەنبول–ێکی جیایە و فەزایەکی پڕ لە فرە دەنگ و فرە ڕەنگ. ئەستەنبول–ی (ئایاسۆفیا) بوو، دۆڵمە بەگی، پیرە پەلاس، بورجی قەڵا، قەڵا خۆی، ئەستەنبول–ێک پڕ لە جوولەکە، ئەرمەنی، ئەو یۆنانییانەی لە تورکیا لە دایک بوون، چەرکەس، سریانی، کورد، تورک، بۆسنی، بولگاری، عەرەب... ئا ئەوە ببووە هۆی دەوڵەمەندبوونی کەلتووری؛ کەلتوورێک کە زادەی کەلتوورەکانی تر بوو، بە هەموو تایبەتمەندی خۆیانەوە.

**سەرچاوە:**

Turkish Daily News
November/ 1993
Sunday (3)



# دەنێو دڵی چیرۆکدا مرۆڤ هەیە

**نووسینی: ڕۆبێرت گۆرهام دەیڤس**

لە ڕەخنەی ئەم سەردەمەدا بۆتە باو کە قسە لەسەر ئەوە بکرێ پلەوپایەی ئەدەب، بەگشتی، بەرز و بڵند ڕاناگیرێ، بەتایبەتیش ئەدەبی گێڕانەوە (کە چیرۆک و ڕۆمان) دەگرێتەوە، بیانووەکەش ئەوەیە کە ئەم جۆرە ئەدەبە نەیتوانیوە «چەند بەهایەکی پیرۆز و جێگیر» دەنێو نووسەرانی ئەم سەردەمەدا بخولقێنێ. بڕوا هێنان بەهەر بەهایەک لەلای نووسەر دەکرێ ببێتەوە بە بەهایەک لەنێو خودی کۆمەڵگادا.

ڕەخنەگرە زۆر دڵگەرم و ڕشتەکان وشەی «بەهاکان» زۆر بەکار دەهێنن، بەڵام ئەوەندە لە خەمی ئەوەدا نین کە پێناسەی ئەو بەهایانە بکەن یان هەتا دەستنیشانیان بکەن. بۆ ماوەی چەندین سەدەش وشەی «بەهاکان» گرفتی گەورەی بۆ فەیلەسووفەکانیش دروست کرد. هەندێ لە ڕەخنەگرەکان وای دەبینن کە دابەزینی کێرڤی ئەدەبی ڕۆمان یان ئاوابوونی خۆری ئەدەبی گێڕانەوە پەیوەندی بە نەمانی یان ناجێگیر بوونی بەهاکانەوە هەیە. کەچی هەر ئەو ڕەخنەگرانە ناچنە بنج و بنەوانی ئەم ڕوانینەی کە خۆیان بڕوایان پێیەتی، تێمان بگەیەنن کە لە ڕابردوودا ئەم بەهایانە چی بوون و چۆن لە نووسەرەکانەوە گوازرانەوە بۆ نێو کۆمەڵگا، چۆن لەنێو ڕۆمانەکاندا وەدەرکەوتوون، بەتایبەتی بەر لە هاتنی «ئێرنست هێمنگوای، هێنری جەیمز، یان جێن ئۆستن.»

گەر مەسەلە نەبوونی «بەهاکان» بێ، یان لەقبوونیان، ئەوە دەبێ بڵێین دەمێکە بەهاکانی مرۆڤ وەکو خۆیان نەماون، ڕەنگە نووسەری ئیتاڵی «بۆکاشیۆ» بەر لە سەدەها ساڵ قسەی لەسەر ئەو داڕووخانە کردبێ، بۆ ئەوەش دەکرێ یەکەمین نووسەری واقیعی بێ کە قسەی خۆی لەسەر گەندەڵ بوون کردووە. نووسین، بە نزیکەی شەش سەدە، لەمەوبەر، بەر

لەوەی سەدەکانی ناوەڕاست بە ڕەسمی کۆتایی بێ، لەم دارِزانە ڕۆحییە دواوە. بۆکاشیۆ باس لە جیهانێک دەکا کە تیایدا قەشەکان و بگرە زۆرینەی ناو چینەکانی ناوەڕاست لەمەڕ ڕوانینیان بۆ بەهاکان تا ئەوپەڕی ماددییانە بیریان کردۆتەوە، بۆ گەیشتن بە خەون و ئامانجەکانیان هەموو ویژدان و ئەخلاقێکیان پێشێل کردووە، لە هیچ شتێک سڵیان نەکردۆتەوە.

ئەدەبی ڕۆمان لە ئیسپانیا سەری هەڵدا ئەو کاتەی کەڵکەڵەی گەشت و سەفەر و بازرگانی و سەرکێشی و مەیلی بە کۆلۆنیالکردنی دونیای دەرەوە لای خەڵکەکانی بوو بەهەواوهەوەسێکی کوشندە.

هەموو ئەو مەیلانە و پەیدابوونی شارە گەورەکان وایان کرد ئەو قاڵبگرتن و جێگیربوونەوەی سەدەکانی ناوەڕاست بە تەواوی دارمێ و هەڵتەکێ... وا دەرکەوت کە ئەو هەڵتەکاندنە یەکجارەکی بێ. ڕۆمانی «دۆن کیخۆت»ی (سێرڤانتس) نموونەیەکی زۆر بەرجەستەیە. پاڵەوانەکانی نێو ڕۆمانە فەرەنسی و ئیسپانییەکان، بەتایبەتی پاڵەوانە وێڵ گەرد و بێ لانەکان، ئەوانەی گوایە سوارچاک بوون، هەر هەموویان خەڵکانێکی بێ کەس و مایەپووچ و نارِەسەن بوون، واتا کوڕی کەس نەبوون، بەڵام نەوە لەدوای نەوە بزرەکان کە بێ سەرمایە و بن مایە بوون لە خێری ئەو کەسانەیان دەخوارد، ئەو کەسە وێڵ گەرد و بێ لانانە کەسانێکی زۆڵ و زیرەک بوون، هەموو ئەو کەسانە توانیبوویان کۆمەڵێ (بەها) بۆ خۆیان دامەزرێنن، لە دونیایەک کە ئاڵۆزە و پڕە لە تەماع و فڕوفێڵ.

ئەو کاتەی «ریچاردسن» و «فیلدنگ» و «سمۆلێت» و «ستێرن» ڕۆمانی ئینگلیزییان دامەزراند، لە چارەکی سێیەمی سەدەی هەژدەم، هەر ئەوکاتە پێویستی بۆ «گەڕانەوەی بەهاکان» زۆر کوشندە بوو. گەندەڵ بوونی جیهانی ڕامیاری، بەرتیل خواردن، پایە و پلە کڕین و فرۆشتن بێ ئەندازە تەشەنەی کردبوو. شارەکان نوقمی هەژاری و بەدڕەوشتی و پیسی و تاوان و بەرەڵلای سێکسی بوون. نموونەی پاڵەوانی وەک «تۆم جۆنز»ی



«فیلدنگ» زۆر باوبوون دەنێو خەڵکانی خاوەن موڵک و ماڵ و دڕندە ئاسا، کەسانی شەڕخواز پتر بوون لە خێرخوازەکان. زانکۆکان و کڵێسا چاک دامەزراوەکان لە دۆخێکی زۆر مت بوون دابوون.

لەم کۆمەڵگایەدا کە تیایدا مەسەلە ڕەها و جێگیربووەکان کەم بوون. ئەو چوار ڕۆماننووسە کە پێیان دەوترا «چوار شکۆدار»ەکە، هەر ئەوە نەبوو کە بە تەنها بناغەی ڕۆمانی ئینگلیزی دابمەزرێنن، بەڵکو توانیان ببنە خولقێنەری بەهاکان و پتر بەرفراوان کردنیان. ئەو چوار ڕۆماننووسە گەلێ وانەیان بە خوێنەرانی خۆیان وتەوە: هەر لە دەست و دڵفراوانییەوە، سۆز و بەزەیی، ڕۆحی خۆش مەشرەفی و مەزاق تا دەگا بە چاندنی هەستێکی بەرزی ڕەوشت پەروەری و جوانپەرستی. ئەوان توانیان ئەو ڕۆحە وەئاگا بێنن کە بیر لە چاککردنی دەزگا و دامەزراوەکان بکاتەوە، بیر لە باشکردنی هەلومەرجە کۆمەڵایەتییەکان. لەگەڵ ئەوەشدا نەچوونە پاڵ ئەوەی خۆ بە بەها باوەکان ببەستنەوە. هەرچەندە (فیلدنگ) و (ریچاردسن) دوو نووسەری مۆرالیست (ئەخلاقی) بوون، بەڵام کەمتر کەڵکیان لەو ئەخلاقییەتەی یەکدی دەبینی. (لۆرانس ستێرن) کە خۆی قەشە بوو، لەنێو ئەو سێ ڕۆماننووسەی دیکەدا لە هەمووان زیرەکتر و وردتر و هەستیارتر بوو، جگە لەوەی کە تاسەر ئێسقان پیاوێکی ئەزموونکار بوو، بەپێی پێوانەی ئەخلاقییەتی سەدەی نۆزدەم کەسێکی تا بلێیی بێ پەردە و حەیابەرە بوو.

ئەگەر بگەڕێینەوە ناو ڕۆمانەکانی سەدەی نۆزدەم، بۆ نموونە: لای نووسەرانی وەک (جێن ئۆستن، ئێملی برۆنتی، جۆرج ئیلیۆت، جۆرج مێریدث، توماس هاردی، جۆرج موور) قەت ئەم ڕۆماننووسانە تا ئەو ئاستە ڕێک و کۆک نین لەسەر ئەو (بەها)یانەی کە دەکرێ پێیان بوترێ بەها گەوهەری و ڕەهاکان، ئەو بەهایانەی کە ئێمە چاوەڕوانی دەکەین، کەواتە بە بەراورد چوار ڕۆماننووسە شکۆدارەکان ڕێک و کۆکتر وەدەردەکەون لەسەر خولقاندنی ئەو بەهایانە. ئەگەر بچینەوە لای ئەو

نووسەرانەی کە ئینگلیز نین وەک: (هێنری جەیمز، مارک توێین، گۆستاڤ فلۆبێر، زۆلا، دۆستۆێڤسکی) ئەوسا هەست دەکەین کە نەک ڕێک و کۆک نین لەسەر (بەها)کان، بەڵکو زۆر لە یەکدی دوور دەکەونەوە و جیاوازن. ئەو شتەی کە هەر هەموویان کۆ دەکاتەوە: بایەخدانێکی زۆرە بە خەڵک و عەوام، بە حاڵەتە جیاکانی خودی مرۆڤەکان، بەرکار و ئاکامی جۆرەها کاروکردەوە، ئەو بەرئەنجامانەی ڕەفتاری ئادەمیزادەکان کە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر گەر بە کەمیش بێ دەگۆڕێ.

هەتا گەر مرۆڤ بۆ خۆی لە بارێکی جێگیریشدا بێ، واتا شتەکان و حاڵەتەکان هەر لە بناغەوە وەکو خۆیان بمێننەوە کەچی لەولاوە سەیر دەکەین ڕوانین و گۆشەنیگای ڕۆماننووسەکان زۆر دەگۆڕێن. لە ڕۆماندا گۆشەنیگا یان ڕوانگە یان بگرە جیهانبینی زۆر گرنگە، چونکە (بەهاکان) -قیَم- وەک (نیتشە) دەڵێ: بە ڕوانگە دەگۆڕێن.

ئەوەش وەستاوەتە سەر ئەوەی کە تۆ چۆن سەیری شتەکان دەکەی، ئەوەش بە دەوری خۆی پەیوەستە کە تۆ خۆت چیت و کێی. ئەو کاتەی ژیان (مانا)ی خۆی یان (بەها)ی خۆی دەدۆڕێنێ، ئەوە بزانە کە شتێک لە خاوەن بەها گۆڕاوە، نەک لە خودی ژیان. بەهاکان دەبێ چی بن جگە لەبەرئەنجامێکی نرخاندن و هەڵسەنگاندن، خەڵکی جیاواز لە بارودۆخی کۆمەڵایەتی جیاوازدا کۆمەڵێ بەهای جیاوازیان هەیە و شتی جیاوازیش دەنرخێنن.

لەو ئەگەرە قورسانەی کە ژیان هەمیشە پێشکەش دەکات، ئادەمیزادەکان دەتوانن جۆرێک لە بەهاکانی خۆیان هەڵبژێرن و دەستنیشانی بکەن، بەپێی ئەو قوربانییەی کە ئامادەن پێشکەشی بکەن لەپێناو هەر خێر و هەق و جوانییەک کە دەزانن هەر هەموو ئەو بەهایانە مەزنن و دەبێ بەرزیش ڕابگیرێن. مادامەکێ کەسەکان دەتوانن ئارەزوویان هەبێ و لەولاوەش دابین کردن و ڕەزامەندی، لەم حاڵەتەدا ژیان دەتوانێ لەناو ئاخنی خۆیدا بەهای دیکە بەرهەم بێنێ. مادامەکێ ڕۆمان دەتوانێ هەموو



جوانی و نهێنییەکانی ژیانمان بۆ وەدەربخات، کارێکی هەڵەیە وابزانین نووسەر هیچ بەهایەکی نییە. هەرچەندە خوێنەر وابزانێ ئەو بەهایانە گونجاو و جێگیر نین.

کۆنتراستی (دژواری) نێوان (ڤایکنیگ) پاڵەوانی «گراهام گرین» لە ڕۆمانی «کۆتایی عیشقبازی» لە بەرامبەر «چارلز سکرنبەر» لە ڕۆمانی «هەروەها خۆریش هەڵدێتەوە»ی هێمنگوای ئەم ڕاستییە دەردەخات. ڕۆمانەکەی «گراهام گرین» لەسەر بەها ڕەهاکان دامەزراوە، بە گەڕانەوە بۆ «ئۆرثودکسییەتی ئایینی» کە لەو سەردەمەدا جێی بایەخ بوو. ڕۆمانی «دیسانەوە یان هەروەها خۆریش هەڵدێتەوە» لە ساڵی (١٩٢٦)دا بڵاوبۆوە، ئەو دەربڕینە لەو وەختەدا زۆر کاریگەر بوو، دەربڕینێک بوو بۆ خۆ ڕزگارکردن لە خەونی پووچ و درۆ کە دیارە ئەو نەوە بزرەی دوای جەنگی جیهانی یەکەم لەسەری دەلەوەڕان.

لەگەڵ ئەوەشدا پڕ بەمانای وشە بەهاکانی نێو ڕۆمانی «دیسانەوە خۆر هەڵدێتەوە» گەلێ زۆرترن لەو بەهایانەی کە لە ڕۆمانی «کۆتایی عیشقبازی»یەکەدا هەن. هەرچەندە هەردووکیان پڕن لەو ساتە وەختە زۆر تاڵانە. کارەکتەرەکانی «هێمنگوای» هەمیشە سوپاسگوزارن و زۆر شت بەرز دەنرخێنن.

ئەوان پاریس-یان لەبەر دڵە، ئیسپانیا، ئەوان سەرسامن بە جووتیاران، شەراب، ماسیگرتن، شەڕ لەگەڵ گا، ئەوان زرنگی و زوڵییەتی و ئازایەتی دەفامن، هەتا گەر بە زمانێکی سادەش بێ تەعبیر لەم حاڵەتانە کراوە.

لە ڕۆمانەکەی «گراهام گرین»دا هەموو شتێک غەمهێن و سواوە... تا ئەوپەڕی. بۆمبارانکردنی (لەندەن) هەموو شوێنێکی وێران کردووە، بەردەوام باران دەبارێ، پاڵەوانی ڕۆمانەکە کە کارەکتەرێکی مێیە بەردەوام دەکۆکێ، ژەمە خۆراکەکان هی ئەوە نین هەرس بکرێن، هەتا دێ خەراپتریش دەبێ، خەڵکەکەی وەڕس و بێزارن، یەکدی هەراسان دەکەن، خۆشەویستی مانای خۆی دۆڕاندووە و لە ڕێی زاراوە و دەستەواژەی

(فیزیکی) پێناسەی دەکرێ... یان لە ڕێی تەعبیری پیس و بێزەوەر. کارەکتەرەکان ڕوو لە کلێسا دەکەن چونکە بەرگەی ئەو ژیانە دۆزەخییە ناگرن. پاڵەوانەکە خۆ بە (بڕوایەکی ئایینی)یەوە دەبەستێتەوە تا ئاستێک کە پتر لە نەخۆشی بچێ تا خواپەرستی بێ، ئەو بە دوای بەزەیی خودا-دا دەگەڕێ، بەڵام کە دێ پتر لە سزا دەچێ.

هەڵبەتە لە دواجاردا مەسەلەکە دەرک کردنە بە شتەکان و حاڵەتەکان، دیارە وت و وریایی و دەرکردنی «گراهام گرین» لەمەڕ مەسەلە ڕۆحییەکان، بێ گومان، زیاترە و وردترە لەوەی کە لای «هێمنگوای» هەیە. «هێنری جەیمز» سەبارەت بە کارەکتەرەکانی نا ڕۆمانەکان وتوویەتی – (ئەوان کە زۆر بە جوانی وت و وریا و هوشیارن؛ بۆ نموونە: کارەکتەری وەک «هاملێت» و «شالیر» کە هەردووکیان زۆر هوشیارن بە شتەکانی دەوروبەر؛ وا دەکا کە ئەزموونی سەرکێشی و ململانێییان تێژ و پڕ و تەواو بێ، دواجاریش لە زەخمی ئەو کارەساتانە زیاتر دەکا کە لە کۆتاییدا ڕووبەڕووی دەبنەوە؛ واتا هوشیاری وا دەکات جەرگبڕانە هەست بەو کارەساتانە بکەن). بەڵام دەرک کردن و وت و وریایی گەلێ دیوی هەیە. ئایینە مەزنەکان هەروەکو فەلسەفە مەزنەکانی دونیا بە شێوەیەکی بەرفراوان زۆر لەو بیروڕایانە، حاڵەتانە ڕەت دەکەنەوە کە پێشتر هەر خۆیان جەختیان لەسەر کردبوو. ئایینەکان و فەلسەفەکان، هەر خۆیان دوودڵن، لە بەرامبەر هەموو ئەو شتانەی کە پێشتر بڕوایان پێیان هەبووە، یان ئەوەتا نکۆڵیان لێ کردووە.

هەرچەندە لە ڕۆمانی «کۆتایی عیشقبازی»یەکە مەرج نییە کە بڕوا و ئیمان دژ بە خۆشی و لەزەت وەستابێتەوە لەناو ئاخنی ئەو جیهانە خوڵقاوە و لەنێو خودی ئەو خۆشەویستییە مرۆڤانەیە. بینینی (مۆنتانا)یان شەڕەگا لە چاوانی «هێمنگوای»، یان سەماکانی(ناڤاجۆ) یان شوێنە دێرینەکانی (ئیترۆریا) -کە کەوتۆتە ڕۆژئاوای ئیتالیا- لە چاوانی «دی. ئێچ لۆرانس» وا دەکات کە (بەهاکانی) خوێنەران زیاد بکەن. بەڵام ناکرێ داوا



بکرێ لە خوێنەر ئەو هەموو بیر و بۆچوونە پڕ لە گومانانەی کە لە ڕۆمانی «مەرگ لە نیوەڕۆ»دا و ڕۆمانی «فانتازیای نەست»دا قەبووڵ بکات.

وێڕای ئەو شتانەش، زۆر گرنگە کە لە بیرمان نەچێ ئەو وەختەی قسە لەسەر پەیوەندی نێوان ئەدەب و بەهاکان دەکرێ، کە ئەدەبی خەیاڵزەدە خۆی لەخۆیدا (بەها)یەکە، بەڵکو بۆ خۆی هەم مەبەستە و هەم ئامانج، بەوەی کە داوا ڕۆحی و فیکرییەکانی نووسەر و هەم خوێنەر تێر دەکات.

دیموکراسی وا دامەزراوە کە ڕێ بدات هەرکەسێک سەربەستانە ڕۆڵی خۆی ببینێ و ئەگەر هەڵبژاردنی ئازادەی شتەکان و حاڵەتەکان و بیر و بۆچوونەکانی هەبێ، دیموکراسی و فەزای ئازاد وا دەکات کەسەکان بەو بەها جیاوازانەی خۆیانەوە، زۆر ئازادانە، بکەونە دوای ئامانج و مەبەستەکانی خۆیان تا بتوانن بیهێننە دی، تاوەکو بواریان هەبێ ئەگەری بەشداری بوونێکی مەزنیان هەبێ بۆ خێر و خۆشی کۆمەڵ. لە ڕاستیدا ڕۆمان، لەم ڕووەوە، یارمەتیمان دەدا بەوەی کە بتوانین جوانتر و لە چەندین گۆشەنیگای جیاوازەوە شتەکان ببینین، وا دەکات هەست و سۆز و بەزەیی، ڕۆحی بەخشندەیی و لێپرسراوێتی تاکەکەسیمان پڕ زەخم و زیاتر بێ. گەر لە ڕوانگەی مێژووییەوە ئاوڕ لە ڕۆمان بدەینەوە هەست دەکەین کە سەرهەڵدانی ڕۆمان بە نەش و نومای ڕۆحی تاکڕەوی (فەردانیەت) پەیوەستە کە لەژێر باڵی دیموکراسیدا پتر و پتر ڕسکاوە، لە سەدەی نۆزدەمیدا پتر گەشەی کرد و لەوە دەچێ پێ بەپێ لە سەدەی بیستەمیشدا ئەو پەیوەست بوونی دیموکراسی و تاکڕەوی و گەشەی ڕۆمان زیاتر وەپێش کەوتبێ.

بەهەر حاڵ، دەکرێ بڵێین بۆ مەسەلەی گەشە و پەرەسەندنی نێو دونیای ئەدەب یاسایەکی ئەوەندە زۆر لەبەر دەست نییە بۆ شێواز و تەکنیکی ڕۆمان فەزایەکی ئەوەندە فش و فۆڵە کە زەحمەتە یاسا و دەستووری ڕێک دامەزرا و پەیڕەو بکەین، لەو فەزا کراوەیەدا ناکرێ دیمەنەکان تاریکتر ببینین لەوەی کە لە سەردەمی نووسینی ڕۆمانی «تریسترام شاندی»ی

(ستێرن)دا هەبوو، یاخود ڕۆمانی «جودی پەنهان» ی (تۆماس هاردی) لەوە دەچێ ڕۆمانی (تریسترام شاندی) سەرەتایەک بووبێ بۆ لەناوچوونی شێوازی تەقلیدی ڕۆمان. لەولاوە ڕۆمانی «جودی پەنهان» کۆتاییەکی تاریکی بۆ ئەو (فەردانیەتە - تاکڕەوییەتی)یە هێنابێ کە لەسەردەمانێکی زووتردا ڕۆمان هەلهەلەی بۆ لێ دەدا.

هەنووکە، لە میانەی ململانێدا دژ بە (تۆتالیتاریانیزمی کۆمۆنیست) دا کە دەکا دەستەلاتی ڕەها و سەراپاگیری کۆمۆنیستی: سیاسەت و ئایین و فەلسەفە جارێکی دیکە لە هەولی ئەوەدان کە سەرلەنوێ مانای فەردانیەت - تاکڕەوی- بدۆزنەوە، جەخت لەسەر ئەوە بکەن کە هەرکەسە و لەگەڵ ئەوی دیکەدا جیاوازە، لە هەست کردن بە لێپرسراوێتی ئەخلاقی لە بەرامبەر ئەوانی دیکەدا کەس لە کەس ناچێ، هەتا لەوەشدا جیاوازن کە هەریەکە و توانایەکی هەیە لەمەڕ گۆڕینی چارەنووسی خۆی یان هی نەتەوەکەی. هەر ئەو شتانەیە وا دەکات کە فەزایەکی کراوە و گونجاو بۆ نووسینی ڕۆمان دابمەزرێ. ڕۆماننووس، لە کۆمەڵگایەکدا کە بڕوای بە - تاکڕەوی- هەیە، فەزڵی بەسەر زانایانی کۆمەڵناسەوە هەیە کە دەڕواننە خەڵکی کە هەریەکەیان ئەندامی گرووپێک بێ. سروشتی هونەری ڕۆماننووس وا داوا دەکات کە هەموو جۆرە بە گشتی کردنێک (تعمیمات)ێک، هەر بەهایەک، یان هەر کار و کردەوەیەک بخرێنە ژێر چاودێری و تاقیکردنەوە و لێ وردبوونەوە بەپێی ئەو مەغزا و مانایانەی کە دەیبەخشن بە تاک.

گرفتی تاکڕەوی پابەستە بە هەستکردنی مرۆڤ بە غوربەت و تەنیایی، تاکڕەوی لەو جۆرە هەستانەدا جێگیرە. هەر لە ڕێگای «گۆشەنیگا»وە کە ڕەنگدانەوەی هوشیارییە ڕۆماننووس دەتوانێ بەسەر ئەو غوربەت و تەنیایی و لێک ترازانەدا زاڵ بێ، کە دیارە بە هەمان شێوە بۆ نووسەری دراما و ژیاننامە (بایۆگرافەر) نارەخسێ. بە دیتنی ژیان لەچاوی کەسێکەوە، هەست کردن بەوەی کە ئەو هەستی پێدەکات، بە بیرکردنەوە



لەو شتەی کە ئەو بیری لێ دەکاتەوە: ئێمە دەتوانین لە مانا و بەهای ئەو ئەزموونە حاڵی بین کە ئەو کەسە پیایدا تێدەپەڕێ، سەرەڕای ئەو هەموو شتانەش... کارەکتەرەکانی ناو ڕۆمانەکان بە تەنیا ئەوە نییە کە کەسانی ڕاستەقینە بن کە خوازراوی ناو ژیانی واقیعین، لەوێ گوێزرابنەوە سەر کاغەز، بەڵکو ئەو کارەکتەرانە کەسانێکن کە لە دەرەوەڕا دەبیندرێن. ئەوان مەزنترن لەوەی کە لە ژیاندا هەن، «ڕاستترن لەوەی کە لە واقیعدا هەن» وەک «هاردی» وتوویەتی، ئەوان لە دید و بەرۆحی نووسەرەوە دەبیندرێن، کە لەگەڵیدا خوێنەر هوشیارە بەو بەشداری بوونە و بگرە لەگەڵ نووسەردا دەکەونە دادگایی کردنی کارەکتەرەکان. کەواتە نووسەر لە دەرەوەی پاڵەوانەکانیدا ناژی، بەڵکو ژیانیان، کەسایەتیان ڕاستەوخۆ لە نووسەرەوە قەرز دەکەن. «گوستاڤ فلوبێر»ی ڕۆماننووس دەمێکە ڕایگەیاندووە - «مەدام بۆڤاری منم».

خوێنەری ڕۆمان لەگەڵ کارەکتەرەکان بەشدارە، لەگەڵ ڕووداوەکان تێکەڵە، دەچێتە ناو تان و پۆ و بنج و بناوانی ڕۆمانەکەش. خوێنەر شان بەشانی نووسەر دەڕوا بەڕێوە، نووسەریش وا دەکا خوێنەرانی خۆی لەتەک کارەکتەرەکان و ڕووداوەکان تێوە بگلێنێ، چ بۆ هەنووکە و چ بۆ ڕابردوو. ڕۆمانەکان و کارەکتەرەکان لە ناوەوەی مێژوودا هەن، هەروەها لە دەرەوەش هەر هەن: وەکو کۆمەڵێک سەرچاوەی بابەتیانە کە مەیل و هەوڵی ئاسایی ئێمەیە بۆ تێگەیشتن و هەڵسەنگاندن و کۆنترۆڵ کردنی ئەزموونەکانمان.

«فیلدنگ»ی ڕۆماننووس وتوویەتی:- «پارێزەرەکەی من هەر ئەوە نییە کە زیندووە، بەڵکو لەو چوار هەزار ساڵەشدا هەروا بووە». کارەکتەرەکانی نێو ڕۆمانەکان جۆرێک لەو کەسانەی تێ دەکەوێ کە دەکرێ بۆ هەمیشە خولق و ئەتوارێکی جێگیریان هەبێ، هەروەها دەکرێ لەو تایپانە بن کە لە حاڵەتێکەوە بگۆڕێن بەحاڵەتێکی تر، واتا لەسەر هەمان ڕەوشت و خوو نامێننەوە، هەروەها ئەزموونی جیاواز لە بار و زرووفی کۆمەڵایەتی وادا کە لە گۆڕاندا بێ. ئەوان تاکەکان بە گرووپەکان دەبەستنەوە بێ ئەوەی داوایان

لێ بکرێ قوربانی بە (فەردانیەتی – تاکرەوی) خۆیان بدەن. ئەوان دەبنە ئامرازێکی سەرەکی بۆ تێپەڕاندن و پەڕینەوە لە بازنە و سنووری ئەزموونی تاکە کەسەکان، پاشان زانینی ئەو حەقیقەتەی کە بوونە مرۆڤ چ واتایەک دەگەیەنێ.

ڕەخنەگران لە هەموو قۆناغەکاندا گلەیی و گازاندەیان لەو کارەکتەر و کردارانە هەبووە کە ڕۆماننووسە ڕیالیستییەکان ئیشیان لەسەر کردوون، واتا پاڵەوانەکان و ڕووداوەکان زادەی ئەو واقیعە بوون کە نووسەر تیایدا ژیاوە. بەڵام خۆ ڕۆمان فێڵی لە واقیع نەکردووە. ڕۆمانیش هەروەک ژیان پڕ لە کەسانی سەیر و سەمەرە و لە ڕێ لادەر، لە لات و لەوار و کەسانی پەڕپووت و پەڕاگەندە، لە کەسانی کێوی و دڕندە ئاسا، لە تاوانکاران و خەڵکی لاکەوتە و گۆشەگیر و ڕەشۆکی، ئەو ساختمانە خەیاڵییەش کە لە ئەدەبی ڕۆماندا بونیات دەنرێ بێ قەرز کردن لە ژیان ناگاتە کەماڵی ئادەمییەتی خۆی، ناگاتە ڕۆح پەروەری، ناگاتە دۆخێک کە لە سروشتی ئادەمییانەی زۆر کەسدا بەرجەستە بووە.

لەبەرئەوەی هەمووان ئەو ڕوانینەیان لەلا گەڵاڵە بووە سەبارەت بە بایەخ و گرنگی ڕۆمان، جا گەر ئاگایان لە خۆیان بێ یان نا، بە تایبەتی ڕەخنەگران و خەمخۆرانی داهاتووی ڕۆمان، هەر لەبەر ئەوەشە کە بە ئاشکرا دیارە خەڵکێکی یەکجار زۆر پەرۆشی ئەوەن بزانن هەنووکەی ڕۆمان بەچی گەیشتووە و لە داهاتوودا بەکوێ دەگات. ئەمەیان نیشانەیەکی چاکە، بەڵام لە مێژووی ڕۆماندا هیچ شتێک نییە وامان لێ بکات ڕەشبین بین، بەتایبەتی ئایندەی ڕۆمان، تا ئەو کاتەی کە سەربەستی و شکۆمەندی و لێپرسراوێتی تاکە کەس یەکە خەمی سەرەکی کۆمەڵگا بێ، هیچ ترسێک بۆ داهاتووی ڕۆمان لە پێشدا نییە. مادامەکێ نووسەران خۆیان بڕوایان وایە کە هێزی ئەوەیان تیایە خولقێنەری (بەهاکان) بن؛ پێویست ناکات لە ئایندەی ڕۆمان بترسین. بەڵکو پێچەوانەی ئەوە ڕاستترە. زۆر هۆ و نیشانە هەن کە مرۆڤ گریمان لەسەر ئەوە بکات



ڕۆماننووسانی نەوەی تازە کە پتر هەست بەڕۆحی سەردەمی خۆیان دەکەن، بە خۆشییەوە ئاگاداری ئەوەن کە هونەری ڕۆمان توانای کردنەوەی دەیەها دەروازە و ئەگەری هەیە، لە داهاتووشدا دەتوانن دەیەها ڕێگە و شێوەی تازە بدۆزنەوە تاوەکو پیشانی ئێمەی بدەن: بوون بە مرۆڤ چی دەگەیەنێ؛ لەژێر سایەی نەمریدا. بیرمان نەچێ کە ڕۆمان جۆرە مەعریفەتێکمان پێ دەبەخشێ کە لەوانەیە بە تەنها ڕۆمان بەو تێری و پڕییە بتوانێ بیبەخشێ.

**سەرچاوە:**

HIGHLIGHTS of Modern Literature
Edited by: Francis Brown A mentor book
First Printing, 1954
Pages (57-61)

# تۆ و... شیعر

**نووسینی: میکاییل تۆرپ**

شاعیری بلیمەت، بەرلەوەی سەر بە ڕێباز و قوتابخانەیەکی دیاریکراو بێ دەنگێکی ئادەمیزادانەی ڕەسەن و پیرۆزە...

گرنگ نییە سەر بە چ میللەت و وڵاتێکە... گرنگ ئەوەیە ڕۆڵەیەکی ڕاستەقینەی سەر ئەم زەمینەیە... هەر لەم ڕوانگەوە دەکرێ بڵێی شاعیر خەڵکی هەموو وڵاتێکە... لە هەر شوێنێ عاشقانی شیعرەکەی زۆر بن کوڕی ئەو هەرێمەیە.

کە مەسەلەش هاتە سەر شیعر گرنگ نییە تۆ لە باکوورەوە هاتووی یان باشوور... لە ڕۆژهەڵاتەوە یان ڕۆژئاوا... چونکە شیعر زمانێکی جیهانییە... هەر بۆ نموونە: شەڕ و ئاشتی، مەرگ و ژیان، مرۆڤ و یەزدان... هتد... ئەو بابەتانەن کە هەموو شاعیرانی دونیا لێوەی دواون... قەت مەڵێ ئەم شیعرە ئینگلیزییە، ئەمەشیان ڕووسییە... ئەویتریان هیندییە... پێش وەختی بزانە شیعرە یا نا...!

هەڵبەتە دوای خوێندنەوەی هەر شیعرێک دەشێ سەر بلەقێنی و بڵێی – «ئاە... منیش ئەو هەستەم هەیە...!» یان دەڵێی– «من قەت بیرم لە شتی وا نەکردۆتەوە...» یان «نەء... من لە گەڵیا نیم...!» هەمووی شیاوە... چونکە گەلێ سەیرە بۆ هەموو دەم لەگەڵ شاعیرەکاندا یەک بگریتەوە... دەبێ هەندێ جار هەمان ئەو هەست و سۆزەت نەبێ... چونکە شاعیرەکان لەنێوان خۆشیاندا بۆ هەمیشە هەمان هەوا و هەوەسیان نییە... زۆرجاریش بە تەواوی لێکدی جوێ دەبنەوە... مەرج نییە ئەوەیان کارێکی خەراپ بێ، بە مەرجێک، ئەوەی شاعیر دەیڵێ بێ لەزەت و بێ مانا نەبێ.

شاعیران پتر لە خەڵکی ئاسایی، قووڵتر، هەست بە دەوروبەری خۆیان دەکەن، هەر بۆیەشە خۆیان سەغڵەت دەکەن و هەوڵ دەدەن بەشێوەیەک



هەست و نەستی خۆیان دەربڕن کە هەموو کەسێک بۆی هەبێ بەشداریان بکا. وەک ئاشکرایە کە شاعیری ئایین پەروەر، بەتایبەتی، پەرۆشە بگا بەو نیازە. بە هەمان شێوەش ئەو شاعیرانەی دەربارەی جەنگ دەنووسن... ئەوانەی کە خۆیان لەو شەڕانەدا بەشدار بووینە حەز دەکەن خەڵکی لەو مەرگەساتە ئاگادار کەنەوە.

هەر بۆ نموونە: شاعیرێکی ئینگلیزی وەک «ولفرید ئۆون» کە بەشداری جەنگی جیهانی یەکەمی کرد و تیا کوژرا، لەو کاتەدا تەمەنی گەیشتبووە بیست و پێنج ساڵ... ئا بەو عومرە کەمەی خۆی توانی شیعر لەسەر تاڵاوی جەنگ بنووسێ... هەڵبەتە ئەو شیعرانە تا ئێستاش بڕ دەکەن و بۆنی ئەو خوێنە ڕژاوەی لێ دێ. دونیا گەر شەڕ بێ یا ئاشتی شاعیر ڕاستییەک سەبارەت بە خودی خۆی بەو خەڵکە ڕادەگەیەنێ. کاتێ لەم جیهانە تازەی ئێمەدا شاعیر مرۆڤ دەبینێ کە هەموو مێشک و خەیاڵی لای بەرژەوەندییەکانی خۆیەتی، سەرقاڵی پارە پەیدا کردنە، ئۆتمبێل و ڕادیۆ دەکڕێ... ئا لەم کاتەدا شاعیر بە ئەرکی خۆی دەزانێ کە ئەو کەسە ملهوڕانە ئاگادار کاتەوە بەوەی کە ژیان مانایەکی قووڵ و پیرۆزتری تیایە. لەگەڵ ئەوەشدا کێ گوێ لە شاعیر دەگرێ... گەر وا نەکا ئەو خەڵکە پێ بکەنێ – یان... وەک هەندێ شاعیری تر کە هەمیشە وا لەو خەڵکە دەگەیەنێ کە دونیا شامی شەریفە...؟ بۆ شتە جەرگبڕەکان کەم کەس گوێ دەگرێ... چونکە زۆربەی خەڵکی حەز دەکەن گوێ لە شتی خۆش بگرن. ئێمە ڕقمان لە ڕاستی دەبێتەوە. بگرە هەندێکمان دەڵێین ئێمە لەو ڕاستییە تێ ناگەین...!

جا ئەگەر جەنابت لە ڕاستی تێ بگەی یا تێ نەگەی ئەوە لەسەر ئەوە وەستاوە تۆ چ جۆرە ئادەمیزادێکی. شاعیرێکی گەورەی ئینگلیزی وتوویەتی– «شاعیر ئەو مرۆڤەیە کە بۆ مرۆڤەکانی تر دەدوێ.» ئەوە وا... بەڵام گەر پێویستی کرد گوێی لێ بگرین دەبێ ئێمە خاوەن هەست و نەست و بیروباوەڕی پتەو بین... دەبێ تۆزێ سەیر و نائاسایی بین. ئەمەش مانای

ئەوە نییە هەر کەسێک خوێندەوار بێ تەواو - زۆربەی ئەو کەسانەی دەرۆیشی شکسپیر بوون نەیان دەتوانی هیچ بخوێننەوە... زۆر کەمیان پیاوی عیلم و ماریفەت بوون... کەچی یەکێک بوو لە شاعیرە هەرە ناودارەکانی سەردەمی خۆی. ئەوەیان بۆ...؟ دیارە... چونکە ئەو هەمیشە وای لەو خەڵکە دەکرد بە جوانی بیر بکەنەوە - بە قووڵیش هەست بە دەوروبەری خۆیان بکەن: هەندێ جار جەماوەرەکەی ئەوەندە خۆشحاڵ دەبوون هەڵدەستانە سەر پاشوان، هەندێ جاریش نا... بەڵکو ئەوپەڕی ناڕەزایی خۆیان دەردەبڕی... کە بێزار دەبوون زۆڵانە گوێزیان لە یەکدی دەخشان یا ئەوەتا تەماتەی ڕزیویان دەگرتە ئەکتەرەکان. وەک «مرۆیەک کە بۆ مرۆیان بدوێ» هەموو شاعیرێک لەوانەیە دووچاری هەمان ئەو گرفتەی شکسپیر بێ. مەرجیش نییە جەماوەر بۆ هەمیشە لەسەر هەق بێ... هەروەها سەبارەت بە شاعیریش: گرنگ ئەوەیە لە هەردوو حاڵەتەکەدا خەڵکەکە ڕوانینێکی ڕاستیان ببێ. ئەرکی تۆ لە جەماوەرەکەی شکسپیر گەورەترە: چونکە تۆ ڕۆشنبیرێکی ئەم سەردەمەی - تۆ دەبێ وریا بیت و چاک بیر بکەیتەوە بەرلەوەی تەماتەی ڕزیو بگریتە خەڵکی. بەڵام کەسیش لاری لەوە نییە کە هەقی خۆتە.

لەوانەیە بپرسیت بۆ... ئەگەر شاعیر بیەوێ خەڵکی هەموو تێی بگەن... بۆ بە زمانێکی وا نانووسێ کە ئەو خەڵکە ئاساییەش لێی حاڵی بن... ڕاستەوخۆ بە زمانی پەخشان...؟

وەڵامی یەکەم: چونکە پەیامی شاعیر پەیامێکی ئاسایی نییە. هەروەک چۆن ئینجیل، قورئان... یان کتێبی «گیتا»ی هیندییەکان ئاسایی نین: ئەم کتێبە ئایینییانەش شێوە شیعرن، زمان و شێوازی دەربڕینیان نائاساییە... چونکە دەبێ هەردوو جەمسەرەکە بەیەکەوە گرێ بدەن... لەلایەکەوە دەبێ لە ئاستی ئەو ناوەڕۆکە مەزنەدا بێ کە بانگەشەی بۆ دەکا و لەلایەکی دیکەوە دەبێ خەڵکە ڕەمەکییەکە بەلای خۆیدا بە کێش کا. دووەمیان: مادامەکێ شاعیر مەبەستیەتی ئەو ناوەڕۆکەت بیر نەچێتەوە و هەمیشە لە گوێتدا



بزرنگێتەوە بۆیە ئیقاعێکی وا خۆش بەکار دێنێ کە لە قسە و باس و خواسی ڕۆژانەدا بەکار نایەت. هەتا گۆرانیبێژە میللییەکانیش کە سەروا و کێشی سادە و ساکار بەکار دێنن هەر ئەوەیان مەبەستە کە خەڵکی بۆ هەمیشە بیریان نەچێتەوە. شیعریش جۆرێکە لە گۆرانی و شاعیریش گۆرانیبێژە.

لە ڕاستیدا شاعیرانی سەردەمێکی زوو گۆرانیبێژ بوون. ئەوسا هیچ شیعرێک نەدەنووسرایەوە، بەڵام ئەوە بوو ئیقاعەکەی - واتا ئیقاعی گۆرانییەکان - ئەوەندە ڕێک و جوان بوون خەڵکی لەبەر خۆیانەوە دەیان وتەوە... ئەم لە دەمی ئەوی تر... بۆیە بە درێژایی چەندەها سەدە مانەوە و نەفەوتان تا ئەو حەڵەی کە تۆمار کران... ئەویش لە دوای سەدەها ساڵ کە بەسەر دانانیاندا تێپەڕی. گەر سیحری ئەو ئیقاعە نەبووایە لەبەر نەدەکران و بۆ هەتا هەتایە ون دەبوون و بیر دەچوونەوە. وێڕای ئەوەش شاعیر لایەنەکانی تری جوانکاری فەرامۆش نەدەکرد هەر لە وێنەی شیعری تا دەگاتە خوازە و لێک چوون... هتد... ئەوەش تەنها بۆ ئەوەیە کە سەرنجی خوێنەر یا گوێگر پتر بەلای خۆی ڕابکێشێ... چونکە ئەمە وا دەگەیەنێ کە ئەم چەشنە دەربڕینە نائاسایی و مایەی سەرسام بوونە.

لایەنێکی تر لە شیعر کە خەڵکی سەغڵەت کردووە زمانەکەیەتی. ئەوان وای بۆ دەچن کە لە زمانی پەخشان زۆر جیا بێ و هەر بۆیەشە قورسە بۆ تێگەیشتن. ڕاستە کە جیاوازن... بەڵام زمانی شیعر و پەخشان لە بنەڕەتەوە لێکدی جوێ نابنەوە، بەڵکو لە شێوە و چۆنیەتی بەکارهێنانی وشەکاندا جیان... واتا لە داڕشتندا. وەک وتم: شاعیر بە شێوەیەکی نائاسایی وشەکانی ڕێک دەخا (ئەویش بە مەبەستی ڕەوانبێژی و جوانکاری وێنەی شیعری و خوازە و لێکچوون... هتد) بەکار دێنێ... جگە لە زەرووڕەتی سەروا و کێش. لەپاڵ ئەوەشدا فەرهەنگێکی گەورەتری زمان دەهێنێتە کایەوە: ئەگەر بە تەنها خۆی بە فەرهەنگێکی چکۆڵانەی وشە ئاساییەکان ببەستێتەوە ئەوە بێ ئەوەی ئاگای لە خۆی بێ لە توانای خۆی

کەم دەکاتەوە و ناتوانێ لە مانا ڕەنگاوڕەنگەکانی ئەو زمانە تێ بگا... بۆی ناکرێ مەلە لە قووڵایی ئەو دەریا پڕ لە مرواریییە بکا کە ناوی زمانە. لە بری ئەوە بۆی هەیە بگەڕێتەوە سەر سەرچاوە و سامانی بە بەهای زمانەکەی خۆی... ئەوساش کە ئێمە شیعرەکەی دەخوێنینەوە زمان و سامانی زمانەوانیمان دەوڵەمەندتر دەبێ. هەڵبەتە زمانیش لە گۆڕان دایە... وەک هەر بوونەوەرێک نەشونوما دەکا... پێ بەپێ لەگەڵ سەردەم و چاخەکاندا.

زمانی شاعیرێکی وەک [چۆسەر] (١٣٣٩-١٤٠٠) هەمان ئەو زمانە نییە کە شکسپیر بەکاری هێناوە، هەروەها زمانی ئەمیش هەمان ئەو زمانە نییە کە شاعیرەکانی ئیمڕۆ پێی دەنووسن. دوای هەزار ساڵی تریش قوتابییەکی شیعر دەبێ ئەو جیاوازییە لەنێوان زمانی خۆی و ئەو زمانە شیعرییەی ئیمڕۆ ئێمە پێی دەنووسین بدۆزێتەوە... ئەگینا ناتوانێ وەک ئێمە ئیمڕۆ تێی دەگەین ئەو دوای هەزار ساڵی تر تێی بگا. هەر خوێنەرێکی شیعریش تا لە زمانی ئەو سەردەمە نەگا کە شیعرەکەی پێ نووسراوە... ناتوانێ هیچ تام و لەزەتێکی لێ وەربگرێ... چەند قووڵتر لە سیحری زمان تێ بگەی... ئەوەندە ئاسانتر لەو شیعرە دەگەی.

گوێ لەو گفتوگۆیەی نێوان شاعیرێکی ئینگلیزی وەک «ڕۆبرت گرەیڤس» و هاوڕێیەکی بگرە:-

«- باشە تۆ چۆن شیعری خەراپ لە شیعری چاک جیا دەکەیتەوە...؟

- باشە ئەی زەلامێک چۆن دەتوانێ ماسییەکی خەراپ لە ماسییەکی تازە جیا بکاتەوە؟ هەڵبەتە بە بۆن... دەتوانی لووتت لێی بەریتە پێشەوە...!

- وایە... بەڕاهێنان و وردبوونەوەی بەردەوام دەتوانی بڵێی ئەمەیان شێوەیەکی نارێکی هەیە و ئەوەشیان تۆکمە و بێ عەیبە. بەڵام چۆن شتی ڕاستەقینە لە شتێکی دەستکرد جیا دەکەیتەوە...؟



- ئاسانە... ماسییەکی زیندوو بۆنی خۆی هەیە... ماسییەکی دەستکرد کە لە لاستیک دروستکرابێ هیچ جۆرە بۆنێکی نییە... هەرگیز.»

«ڕۆبرت گریڤس» سوعبەت ناکا و حەزیشی لە نوکتە گێڕانەوە نییە. تۆ کە لە شیعرێک دەکۆڵیتەوە هەموو زانیاری و ڕۆشنبیری خۆت دەخەیتە کار - یان بە واتایەکی تر دەبێ بیخەیتە کار. تۆ ئەگەر بە ئەمەکەوە ئەوەت کرد، ڕاستگۆیانە، هەر بە سەلیقە دەتوانیت شیعری چاک و ڕاستەقینە بناسیتەوە: هەستی پێ دەکەی. هەندێ جاریش... هەرچەندە هەوڵ بدەی ڕاست دەرناچێ: لەوانەیە بابەتەکە بەدنیهادانە بێ، درۆ، دەستکرد، ڕیاکار و دوور لە حەقیقەتی ژیان. بەڵام هەمیشە ئەوەت لەبیر بێ... تۆ تەنها ئەو کات بۆت هەیە بڵێی خەراپە کە تێی گەیشتبی: خۆ ئەگەر نەتتوانی تێی بگەی... ئەوە گوناه گوناهی خۆتە. دیسانەوە... لەوانەیە کەیفت بە شیعرێک نەیەت - لەبەرئەوەی کە لەگەڵ بۆچوون و ڕوانینی شاعیرەکە یەکدی نەگرنەوە یان شێوەی دارشتنەکەت بەدڵ نەبێ - بەڵام ئەوە تەنها هۆیەک نابێ کە وات لێ بکا بە شیعرێکی خەراپی دابنێی. باشە تۆ خۆت لەنێو خەڵکیدا دادوەرێکی سەر ڕاستی؟ ئەگەر وابیت دیارە کە دادوەرێکی چاکی شیعریشیت ... چونکە لە ڕێگەی شیعرەوە کەسایەتی ئەو شاعیرەت بۆ بەدیار دەکەوێ. بەڵام سەبارەت بە خەڵکیش با حوکمت ڕاست و دروست و زیرەکانە و لەسەرخۆ بێ. شاعیرە هەرە چاکەکانیش لەوە پتر داوا ناکەن...!

**سەرچاوە:**

Modern Poems
Edited by Michael Thorpe
بریتانیا ١٩٨٣ لاپەڕە ١١٠-١١٣

# ئەرکی ڕۆماننووس

**نووسینی: جۆیس کاری**

جاریکیان وتراوە کە خوێنەر دەتوانێ سەفەر بەناو ڕۆمانەکانی «ثرۆلۆپ»دا بکات و شەفقەکەشی هەر لەسەر سەر بێ، بەواتا ئەو جیهانەی ئەو لەنێو ڕۆمانەکانیدا دەیخوڵقێنێ زۆر واقیعی و زیندووە، ئەوەیان ڕاستە، ثرۆلۆپ لە «چارلز دیکنز» واقیعیترە. خۆیشی هەر وای بۆ دەچوو، ئەوە وای کرد ژمارەیەکی زۆر لە خوێنەرانی بێ گوناه دەستخەڕۆ بن، دەستخەڕۆی ئەوەی وا بزانن کە کاری نووسەر قۆپیە کردنە، یان بە واتایەکی دیکە کۆپی کردنەوەی ژیان بە هەموو شتە هیچ و بێ ماناکانی کە تیایەتی، دیارە گەر واش کرا ناگەینە هیچ مەبەست و شوێنێک.

«ثرۆلۆپ»ی ڕۆماننووس هەموو ئەو شتانەی لە ژیاندا بینی کە ئێمەش دەیبینین، شتێکی یەکجار زۆر کە هیچ مانایەکیان نییە، دلڕەقییەکی بێ کەڵک، شەڕانگێزییەکی زۆر دەبەنگانە، چارەنووسی کوێرانە، دەیەها کارەکتەر و کەسانی وا گێل کە بە ڕێکەوت چاکە دەکەن، ئەو پیاوچاکانەی کە نیازیان پاکە و کەچی بەردەوام هەڵەی گەورە دەکەن، ئەوەی کە «ثرۆلۆپ» دەیکرد؛ هەر نووسەرێکی دیکەش بێ بەم ئاڕاستەیە کار بکات، وەکو ئەمی پێ دەکرێ... کردووشیانە. هەتا ئەو نووسەرانەی کە کەم ئەزموونن و بۆ پارە پەیدا کردن دەنووسن. ئەم ڕۆماننووسە هونەرێکی وای خوڵقاند کە تیایدا بتوانێ یەک شێوە ئەزموون بخاتە بەرچاوان.

لە ڕاستیدا ئەم دەیوت – «ئەوە دیمەن و شێوەی شتەکانە ئەو وەختەی کەوتوونەتە ژێر ڕووکەشێکی پڕ لە هەرا و تێکچڕژان، ئەوەتان ئەو هێزانەی پاڵ بە خەڵکەوە دەنێن کە بجووڵێن و ڕەفتاری جیا بنوێنن.» هەر چیرۆکێکی ئەو نووسەرە، هەرچەندە ئاڵۆز بووبێ، بۆ ئەوە بووە کە لە خزمەتی ثیمەیەکدا، ناوەڕۆک یان بیرۆکەیەکدا بێ، گەشە بە مەغزایەک



بدا و پیشانی ئێمەی بدات. ئەرکی سەرەکی «ثرۆلۆپ» هەر هەمان ئەرکی «چارلز دیکنز» بووە، هەر ئەوەیە کە ئەم شێوازێکی جیای بەکارهێناوە.

هەر چۆن ئەرکی فەیلەسووف ئەوەیە کە مانایەک بۆ ژیان بدۆزێتەوە و لە عەقڵی مرۆڤی نزیک بخاتەوە، وەک یەکەیەکی عەقڵانی بیخاتە بەر زەینی ئێمە، هەر بەهەمان کلۆچ ڕۆماننووس دەیەوێ ئەو مانایە بدۆزێتەوە و لە هەست و نەستی ئێمە نزیکی بخاتەوە. ئەوەش مانای وایە کە دەبێ ئێمە گۆشەنیگایەکی چەسپیومان هەبێ، چونکە بە تەنها لەو گۆشەنیگایەوە، ئەو ئەزموونە، وەک لاندزکەیپێک... ڕێک و ڕوون دەخرێتە بەرچاوان.

لەوانەیە جێی مەترسی بێ گەر بڵێین دەبێ کتێبێک یان ڕۆمانێک ئەخلاقی تیا بێ، بەڵام دەکرێ لە بری ئەوە داوا بکەین کە دەبێ هەر کتێبە و هەڵگری مانایەک بێ. کەواتە ڕۆمانی «تریسترام شاندی» چی دەگەیەنێ؟ ئایا وەکو ڕووداوێک بیخوێنینەوە، وەک یەکەمین بیستنی «پیتروشکا»ی –ستراڤنسکی– کە وەکو یادگارێک لەلامان جێ دەمێنێ، وەک ئەزموونێکی تاک و تەنها، وەک دیدەنییەک و بە یەک گەیشتنێک کە کەسێک سەبارەت بەو دیدەنییە دەڵێ– «ئەوەیان بۆ من مانایەکی زۆری هەبوو.» ئێمە ناتوانین ئەو کاریگەرییە بە وشە دەربڕین، بەڵام دەشزانین کە شتێکە هەبووە و بەردەوامیشە .

ئەوەی جێی ڕەخنەیە ئەوەیە کە هەتا ئەو کتێبانەی ئەخلاقێک «مۆراڵ»ێک ڕادەگەیەنن نابێ بە یاسا و بۆ ئەوەی سەنگی هەبێ، ڕۆمانی وا هەیە پڕە لە ئەخلاقیەت، بەڵام هونەری دۆڕاندووە. ئەو ڕەخنەگرانەی کە هەڵە لە ڕۆمانی «نانا»ی ئەمیل زۆلا دەدۆزنەوە، چونکە بە ئەخلاق بارکراوە، ئەخلاقی ماڵپەرستی و خاکپەرستی، کە تیایدا «زۆلا» چەندین ئامرازی ناکاملی بەکارهێناوە تا بەو مەبەستە بگات، گرنگ ئەوەیە کە ڕەخنەکە ئاڕاستەی ئەخلاقی تەقلیدی بکرێ. گەر (زۆلا) دەیەوێ بەرز بفڕێ و وانەیەکی ئەخلاقی بڵێتەوە، دەبی حیساب بۆ ئەو جیهانە بکات کە دایدەمەزرێنێ، بەڵام ئەو وەختەی سەرنجی خوێنەرانی خۆی ڕادەکێشی،

ناکرێ فێڵیان لێ بکا و شتی پووچیان بخاتە بەردەست.

کاتێ لە کۆتایی ڕۆمانەکەی (زۆلا)دا «نانا» دەمرێ، لای (زۆلا)، لەوە دەچێ، ڕووداوێکی هاکەزایی بێ، بەڵام من وای دەبینم کە ئەوەیان ڕووداوێکی جەرگبڕە، باشە لەو وەختەدا بوو کە خەڵکی ڕەشۆکی لە فەرەنسا لەسەر جادەکان، لەژێر سایەی ئیمپراتۆڕییەتی دووەمدا بوو، کە لە هاوار و شاتەشات و هوتاف کێشان نەدەکەوتن، بەڵام ئەوەیان قەناعەت بە ئێمە ناکات کەوا بزانین (زۆلا) دەیەوێ بڵێ ئەو تەڵەزگە و دەردەی ئیمپڕاتۆڕییەت تیایدا دەژی هاوشانە لەگەڵ مەرگی سۆزانییەک لەو ڕۆمانەدا. واتا دەیەوێ بڵێ مەرگی سۆزانی یەکسانە بە دەردە کوشندەکانی ناو مەملەکەت، ئەگەر وابێ، ئەوەیان ڕوانینێکی سادەیە، ئەم مانایەکی پووچە، بەڵکو عەقڵێک وا بیردەکاتەوە کە لەسەر سیاسەتەکانی حیزبایەتی بلەوەڕێ.

ڕاستە کە (زۆلا) قەت کابرایەکی هەلپەرست و دووڕوو نەبووە، لەسەر مەسەلەی (دریفوس) شەڕێکی بەرپا کرد؛ شەڕێک لەپێناو دادپەروەری، بەڵکو لەو پێناوەدا ژیانی خۆیشی خستە مەترسییەوە. بەڵام ناکرێ بڵێین نووسەرێکی قووڵ و بیرتیژ بووە، ڕاستە کە ئەو جیهانێکی پڕ و دەوڵەمەندی هەبوو کە جمەی دەهات لە کارەکتەری جیاواز، وەلێ زۆربەی سادە و ڕووکەش بوون. (زۆلا) بەهەموو ڕەهەندە گەورەکانی ئەخلاق و مێژوو نابینا بوو. دەیتوانی زەخمێک بەو هەست و ڕوانینە کۆنانە ببەخشێ، بەڵام هیچ بیر و بۆچوونێکی تازەی نەهێنایە پێشەوە، یان بە لایەنی کەم ئەو شتە مەزنە نەبووە، مەبەست لە مەزن دەوڵەمەندییەکە لەمەوداو بوار و مەبەستی بیر و بۆچوونەکان.

هەر بەو مانایە، نووسەری داهێنەر، شاعیری گەورە، مێژوونووسی مەزن، ڕۆماننووسی بلیمەت ئەو کەسانەن کە ئەزموونێکی ڕێکوپێک و کۆکراوەیان هەیە، ئەزموونێک کە ئیقاع و هەستێکی تۆکمە و یەکگرتووت پێ دەبەخشێ کە دەکرێ گەورەترین پانتایی لە هەرا و تێکچڕژانی ژیانی



لەخۆ گرتبێ. ڕۆمانی «شەڕ و ئاشتی»یەکەی «تۆلستۆی» هەوڵێکی ڕێک ڕەخساوە کە مانایەک بە عەقڵ ببەخشێ، بە هەمان شێوەش مانایەک بۆ هەست و سۆز بدۆزێتەوە، بۆ هەموو ئەو جیهانەی کە کردەیەکی مرۆڤانەی تێ دەکەوێ، هەروەها چارەنووسێکی نامرۆیانە. لە ڕاستیدا «ئەمیل زۆلا» لەوەدا سەرنەکەوتووە، لەبەر زۆر هۆ، هەندێکیان تەکنیکییە و هەندێکیان ڕەهەندێکی واقیعی هەیە. بەڵام «جەنگ و ئاشتی» یەکێکە لە شاکارە ئەدەبییە هەرە جوانەکان، دیارە مرۆڤەکانیش بە هونەر و لەناو هونەردا دەژین، گەر هونەرێکی گەورەیان بەرهەم هێنا، مەزنانە دەژین، خۆ گەر هونەرێکی هەرزانیان بەرهەم هێنابێ، ئەوە خۆیان بە چکۆلەیی لەناو هونەردا ژیاون.

لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو نووسەرانەی وەکو (زۆلا)، دەتوانن زەخمێک و هێزێک بەو بیر و ڕوانینە زۆر سادە و ڕووکەشانە ببەخشن، مانایەکی هەتا گەر سادەش بێ، ئەوان بەم کارەیان خێر و کەڵکێک بە بوون و ژیان دەبەخشن. هۆیەکەشی ئەوەیە کە ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی لە تەمەنێکدا کە هێشتا گەنجن واز لەوە دێنن کە ڕەنگێکی دیکە بخەنە سەر ڕەنگەکانی ناو ژیان، مانایەکی تازە، بڕوا و ڕوانینێکی نوێ. لە تەمەنێکی دیاریکراودا، تۆ بڵێ لە تەمەنی بیست و پێنجساڵیدا، وا حیساب بۆ خۆیان دەکەن کە بواری خۆ فێرکردن و هەوڵ و بەخشین نەماوە و دەوەستن.

لەوە دەچێ ئاسایی بێ، پاش تێپەڕین بەو پرۆسە پڕ لە ئازار و بێزارکەرە، کە پێی دەوترێ پەروەردە و خۆ فێرکردن، کە زۆر کەس لە قۆناغێکدا لێی دەوەستێ و کۆتایی پێ دێنێ. هەر بەهەمان شێوەش تەیار و ئامادە دەبن کە هەر ڕووداوێکی ژیان بخەنە ناو ئەو خانەیەی کە جێی دەبێتەوە، بۆ هەر شتێک ڕەچەتە و پێناسەی هەبێ، بەڵام هەر کەسێک بەو خانەبەندی و پۆلبەندییە سەیری ڕووداوەکانی ناو ژیان و ماناکانی بوون بکات، بێ گومان ئەو کەسەی ڕەچەتەی ئامادە و پێناسەی خێرای بۆ هەموو شتەکان هەبێ، چیتر خۆی سەغڵەت ناکات کە لە ژیان ڕامێنێ و

لێی ورد بێتەوە، هەتا ئەو شتانەش کە بۆ خۆی لێیان ورد دەبۆوە، بە جۆرێک لە تێڕامان و بایەخەوە، بەرلەوەی بچێتە قوتابخانە، هەتا لەم حاڵەتەشدا ئەرکی ئەم جگە لە کار و کاردانەوەیەکی ئاسایی هیچی دیکە نەبووە.

بۆ ئەو خەڵکانەی دەمێکە وازیان لەوە هێناوە سەرنجی شت بدەن و لە دەوروبەر و ئەزموونە ئادەمییەکان ورد ببنەوە، تەنها ڕێگەیەکی نوێ بۆ تاقیکردنەوەی ئەزموونی تازە، یان سەرلەنوێ بینینی هەر ئەزموونێکی ئادەمی، یان هەر زانیارییەکی تازە، هەردەبێ لە ڕێی ئەدەب و هونەرەوە بێ. چونکە ئەوەیان بە تەنها جۆرە ئەزموونێکە کە ئەوان ئامادەن وەکو خۆی وەری بگرن، ئەوسا دەتوانن دەنێو قاوغی خۆیان بێنە دەرێ و لەزەت لەوە بکەن چۆن گوێیان لە مۆسیقا بێ، چێژ لە بینینی شانۆگەرییەک بکەن، چۆن بتوانن کتێبێک بخوێننەوە، چونکە ئەمەیان شێوازێکی قەبووڵ کراوە بۆ چێژ وەرگرتن لەو شتانە. بەڵام ئەوەش ڕاستە کە هەندێ جار ئەو کەسە بە ڕوانین و بۆچوونێکی پێشینەوە دێتە بەردەم کارە ئەدەبی و هونەرییەکان، هەر ئەوەش وا دەکات نەتوانێ بە جوانی ئەو شانۆگەرییە ببینێ، یان لە ماناکانی ئەو کتێبە تێ بگات کە دەیخوێنێتەوە، ڕەنگە هەستی هونەری و جوانپەرستی وەکو مێشکی ژەنگی هەڵهێنابێ.

بەڵام خۆ بەشێک لە ئەرکی نووسەر یان هونەرمەند ئەوەیە کە ئەو ژەنگە نەهێڵێ و ئەو شەختەبەندی ناو ڕۆحە بتوێنێتەوە، یان با وا بڵێین کە ئەو نووسەرانەی لە خەمی خەڵکیدان و بە تەنها بۆ لەزەتێکی زاتی خۆیان نانووسن. مەبەستیانە ئەو ژەنگە لابەرن و ئەو شەختەیە بتوێننەوە، چونکە مەبەستیانە لەگەڵ هەست و نەست و ڕۆحی ئەو خەڵکە بدوێن.

هونەرمەندانی شێوەکار، هەر بۆ نموونە، بۆ ماوەی سەدەها ساڵ کەڵکیان لە «ئیمپرێشنیزم» واتا ئینتباعیەت وەرگرت لەو سکێجانەی کە خولیای بوون، تەنها مەبەستیش لەزەتی خۆیان و تۆمارکردنێک بوو، هەتا ئەو ساتەوەختەی «تێرنەر» و «کۆنستابل» لە ئینگلتەرە و (مۆنیە) و



قوتابخانەکەی لە فەرەنسا پەیدا بوون، توانیان جۆرە تەکنیکێک بەکار بێنن کە لەو ڕێیەوە هەست و نەستی تازە و ڕوانین و سەلیقەی نوێی خۆیان لەمەڕ سروشت بخەنە بەرچاوان کە لە ڕێی گەمەی ڕووناکییەوە دەهاتە بەرهەم.

هەڵبەتە وایە، مادامەکێ ئەوان لە جیهانێک لە دایک بوون کە وا ڕاهاتووە سروشت وەک (لاندز کەیپ)ێکی کلاسیکی (دیمەنێکی سروشتی کلاسیکی) ببینێ، زەحمەتە کەسانێک هەبن لەزەت لەو بابەت و شت و حاڵەتە شاعیریانە بکەن، زۆر زەحمەتە ئەو شتانە ببینن و لەو حاڵەتانە بگەن کە بە گەڕانەوەیەکی فۆرماڵی حیسابیان بۆ کراوە. ئەو کاتە ئەو جۆرە هونەرمەندانە بەوە تاوانبار دەکران کە کۆمەڵێ وێنەکێشی نەزان بن و تەنها شتێک کە بیکەن تابلۆ پیس کردنە و شەڕە پشیلەیەک کە ناوی هونەرە، یان ئەوانەی لەو کەسانە دەچن کە دەرمانی ساختە بە خەڵکی بفرۆشن، ئەوەیان تەنها وەسفێک بوو بدرێتە پاڵیان، تەنها خانەیەک کە لەوێدا جێیان بێتەوە، بۆ هونەرێک کە ناوی «ئیمپرێشنیزم» بێ جێگایەکی لەوە شیاوتر لەو وەختەدا نەبوو.

بەڵام دواجار ئەم بزاڤە هونەرییە وەک قوتابخانەیەکی هونەری، توانی خۆ بسەلمێنێ و لە تێگەیشتن و زەوقی خەڵکی نزیک ببێتەوە. لەبەرئەوەی تەکنیکێکی تا بڵێی جوان و باڵای هەبوو، داهێنانێکی بوێرانە، جگە لەوەش توانی سەرنجی ئەو عەقڵانە ڕابکێشێ کە نوێخواز و سەربەخۆن، سەرەڕای کۆکردنەوەی دەیەها عاشق و بازرگان و سەودایانی زرنگی ئەو هونەرە، هەر بۆیە توانیان ئەو شەختەبەندی زەوقە بشکێنن و ئەزموونێکی نوێ و پڕ و دەوڵەمەند ببەخشن، جگە لە بەخشینی بەهایەکی تازە و بەردەوام، زەمینەی هەڵسەنگاندنێکی بە پێز و جیهانێک کە تیایدا هونەر جێی ناسینەوە و ستایشێکی باڵا بێ.

دیارە نووسەرانیش جار لە دوای جار بە هەمان ئەزموونداا تێپەڕیون. «ریچاردسن»ی ڕۆماننووس توانی لە ڕێی ورووژاندنی هەست و سۆز و

ویژدان هەموو ئاوروپا بەخۆیەوە سەرسام بکات، ئەم توانی جیهانێکی نوێ لە سۆز و سێنتیمێنت بێنێتە بەرهەم، «ژان ژاک رۆسۆ» جوامێرانە بەسەر جێ پێیەکانی ئەودا رۆیی، ئەویش لە رێی نووسینی (ئیمیل) و (قەشەی ساڤۆیارد). ئەمجارەیان ئەم شەختەبەندەی ئەوان شکاندیان شەختەبەندی کۆمەڵگای دەرەبەگی بوو، کۆمەڵگایەک کە لە بناغەوە هەڵتەکی – ئەویش لە رێی ئەو فرمێسکانەوە کە سۆز و عاتیفە وای کرد بباریێن.

راستە کە (رۆسۆ) و (تۆلستۆی)ی کاریگەرییەکی راستەوخۆ و شۆڕشگێرانەیان لەسەر مێژوو هەبوو، بەڵام من بە تەنها لەبەرئەوە نایانخوێنمەوە، لەسەر ئەو تەنها دەرئەنجامەش بە نووسەری گەورەیان نازانم. هەموو هونەر و ئەدەبێکی باش مێژوو دروست دەکەن، بەڵام زۆربەیان ناڕاستەوخۆ و بە شێوەیەکی پەنهان دەیکەن.

«جێن ئۆستن» رۆماننووسێکی گەورە بوو، ئەمرۆکەش خوێنەرانی ئەو زۆرترن لە هەموو ئەو نووسەرانەی لە سەردەمی «ئۆستن»دا دەژیان.

کاریگەری «ئۆستن» بەسەر عەقڵەکانەوە فرەمەزن بوو، بەڵام بەوپەڕی زیرەکی و ناسکی و شەیتانی. لەوەوە نایە کە ئەم شتێکی زۆر تازەی داهێنا بووبێ کە کەس لە پێش ئەودا نەیکردبێ، بەڵکو لەوەوە هاتبوو کە بە قووڵی لە ژیان گەیشتبوو، توانیبووی کە پارسەنگێک بۆ ئەو تێگەیشتنەی خۆی دابنێ، پارسەنگێک لەنێوان روانینی بۆ ژیان لە بەرامبەر ئەو هێزە تەکنیکییەی کە لە رێیەوە بتوانێ ئەو بیرۆکە و روانینەی لەسەر ژیان بخاتە بەرچاوان. جیهانی «جێن ئۆستن» لە رووکەشدا سنووردارە، بەڵام لە ناوەڕۆکدا قووڵتر دیارە، هەرچەندە پتر لەگەڵیا بڕۆی، ئەوەندە زیاتر هەست دەکەی لە ناوخۆیدا گونجاوە و هەر هەموو بەشە جیاکانی رۆحێکی تۆکمە پێک دێنێ، لەوەدا لە (تۆلستۆی) و (رۆسۆ)ش لە پێشترە و هەردووکیان دەبەزێنێ. «جێن ئۆستن» توانی شەختەبەندی وشکە خەیاڵات بشکێنێ، بەڵام نەک لە رێی هێرش و هەڵمەتێکی توندوتیژدا، بەڵکو لە رێی نەرمە لێدان و کوتانی سەری



پەنجە، لێدانی یەک لەدوای یەک، نەرم و لەسەرخۆ، بەڵام ناسک و لەسەرخۆ.

ئەوە شێوازی «جێن ئۆستن» بوو، رۆحی تەنزئامێزی کە کاری لە هەست و نەستی خوێنەران دەکرد، دیارە ئەوەش ئامرازێک بوو زۆر گونجاو لەگەڵ نیاز و مەبەستەکانی نووسەر. ئەو لەو کەسانە نەبوو کە بە چاوبەستەکی فێڵ لە خوێنەر بکات، ئەو لە ئاهەنگێکدا نییە تا بە هەرا و زەنایەک کاسمان بکات، یان لە سەفەرێکدا بین و لە ناوەڕاستی رێگەدا جێمان بێڵێ، ئەو بە رادەیەکی زۆر خاوەن چێژ و جوانی و سەلیقە بوو، ئەوەی کە «هێنری جەیمز» ناوی دەنێ زەوق، لە رووی هەستێکی ئەوتۆی تیابوو کە دەیتوانی بە رێژەیی حیساب بۆ لایەنە ئەخلاقی و ئیستاتیکییەکان بکات، مەزنی ئەو وەک رۆماننووسێک بە تەواوی لەوەدا بوو کە تێگەیشتنێکی روون و دروستی هەبوو بۆ کارەکەی خۆی، بەوەی کە هەرشتێکی بکردایە، تێروپڕ و تەواو، دایدەمەزراند، واشی دەکرد کە هەست بەو کامڵبوونەش بکرێ. ئەرکی رۆمان ئەوەیە کە وا لە ئێمە بکات لە جیهان رابمێنین و تێی بگەین، بە واتایەکی دیکە جیهان لە خۆی رابمێنێ و لە خۆی تێ بگات، نەک بە تەنها وەک بوونێکی عەقڵانی، بەڵکو وەک ئەزموونی بەهایەک، وەک هەر شتێکی پڕ و تەواو.

**سەرچاوە:**

Highlights of Modern Literature, edited by: Francis Brown
A mentor book, first printing: 1954
U.S.A
Pages: 53-56

# له ستایشی ڕوون و ڕەوانیدا

**نووسینی: ئیڤۆر براون**

لەم سەردەمەدا قسەی ئەدەب لەسەر ئەوە نییە تۆ وەکو نووسەر مەبەست و نیازت چییە، هەر نووسەرێک کە زۆری بۆ هات، دەتوانێت بێ باکانە شان هەڵتەکێنێ و بڵێ: ئەوەی دەینووسم ئەوەیە، خوێنەریش بۆ خۆی سەربەستە چۆن نیاز و مەبەستەکانم شی دەکاتەوە. دەکرێ نووسەر وەک ئەو ژنە سک پڕەی لێ بێ کە بەسەرنج و تێبینییەکانی خۆی ئاوسە. دەکرێ خوێنەر ئەو ما بێ کە لەو زان و لە دایکبوونە حاڵی بێ و یارمەتی نووسەرەکەی بدات. گەر وەک نووسەر بتەوێ ئاشکراو ڕوون بدوێی، پێویست ناکات بە دوای پەرجوو یان موعجیزەیەکدا بگەڕێی.

ڕستەیەکی لەو بابەتە لەلایەن (تی. ئێس. ئیلیەت)ەوە وتراوە ئەو کاتەی کە شانۆگەری (ئاهەنگی کۆکتێل)ەکەی لە (هارکۆت) دا لە ڤیستڤالی (ئێدنبرە)ی هونەری (١٩٤٩)دا پێشکەش کرا. شانۆگەرییەکە پاشتر لە لەندەن و نیویۆرک بەوپەڕی سەرکەوتنەوە خرایە سەرشانۆ دیارە نمایشەکەی نیویۆرک وەک بزانم تا ڕادەیەک دەقێکی ئاسانی لێ هاتبووە بەرهەم و کلک و گوێی کرابوو. بەڵام ئەوەیان شاعیرێکی وەک (تی. ئێس. ئیلیەت) لاڵ نەکرد لەوەی وەڵامی ئەو خەڵکە بداتەوە کە بەوە تاوانباریان کرد کە وەک نووسەر تەمومژاوییە، ئەم لە وەڵامی ئەوەدا وتی کە نووسەر لەژێر هیچ مەرجێکدا نانووسێ و ناچار نییە کە زیاد لە پێویست خۆی شی بکاتەوە. ئەرکی نووسەر هەر ئەوەیە کە بیروبۆچوونەکانی، هەست و نەستی، خەیاڵ و ختوورەکانی بخاتە بەرچاوان: ئومێدیش دەکرێ کە بۆ هەر لێدوان و توێژینەوە و شیکردنەوەیەک، خەڵکی دەبێ بایی ئەوەندە هوشیاربن کە یارمەتی خۆیان بدەن لە تێگەیشتنی هەر دەقێک.

من وای دەبینم کە ئەم جۆرە قسەکردنە دوو حاڵەت دەردەخات تەمبەڵی



یان قسەیەکە لە ڕووکاری سۆزدارییەوە نزیکە. قسەیەک لەسەر ئەوەی ئاخۆ نووسەر لەسەر عەرشی خۆی دابەزێ یان نا ئەمەیان پەیوەندیدارە بەوەی کە نووسەر بزانێ چۆن بیر دەکاتەوە، چی لە مێشکدا هەیە و چۆن چۆنیش دەری دەبڕێ. دواجاریش، ئیلیەت هەوڵی ئەوەی دەدا کە کۆمەڵێ گرفت و کێشەی تایبەت بە خولقی مرۆڤ و پەیوەندییەکانی بخاتە نێو دوتوێی دراماکانی، ئەم هەوڵی دەدا ڕۆڵی حەکیمێکی دەروونناس بدا بە مامۆستایەکی ئەم وەک شاعیر و نووسەر بە تەنها نەدەهاتە پای ئەو بیر و بۆچوونە کە لە قوولایی ڕۆحدا قولپی گریان وەئاگا بێنێ، بەڵکو هەوڵی دەدا باس لە چارەنووس و خەلاس بکات، هەموو ئەو مەسەلە گەورە پڕ بایەخانەی کە هەقی ئێمەیە بە ڕوونی بیزانین و تێیان بگەین لەم حاڵەتەدا بۆ ئێمە زۆر گرنگ بوو کە بزانین ڕاوبۆچوونی ئەو لە ئاست ئەو مەسەلە مەزنانەدا چۆنە. ڕاستە کە ئەو لە نووسینی شانۆگەرییە شیعریدا هەر زمانی گفتوگۆی بەکارهێناوە، بەڵام دارشتنی دەمەتەقێیەک لەنێوان چەند کارەکتەرێک بە زمانی شیعر، گەر بێت و ڕوون و ڕەوان نەبێ، هەردەکا هەڵاتن لە جۆرە بەرپرسیارییە ئەو نووسەرە و دەقەکەی دەبنە جێی مشتومڕ، خۆشتان دەزانن کە گیانلەبەرێکە زۆر عاشقە گفتوگۆ و دەمەتەقێیە. کارێکی فرە بەخێر و قازانجی کەسێک بتوانێ لە ڕێی نووسینی شیعرێک، شانۆگەرییەک یان کتێبێک خۆی بکا بەسەرباسی سەرمێز و خوانەکان، شەوچەرەی هەمووان. بۆ ئەو کەسانەش کە مامە حەمەیی دەکەن و دەیانەوێ وای پیشان بدەن کە ڕۆشنبیرن و لە دونیا حاڵین؛ زۆر خۆش دەبێ چەنەبازی بکەن و بەتۆ بڵێن کە ئەوان دەقاودەق دەزانن نیاز و ئامانجی نووسەرەکە چی بووە. تۆش چونکە نازانی مەسەلە چییە، ناشتەوێ وا خۆت پیشان بدەی کە دەیزانی، بۆیە ناچار دەبیت وەک کەسێکی ساویلکە و گێل گوێ بگریت و سەر بلەقێنی. لە ڕاستیدا مێژووی ئەو کەس و نووسەرانەی دەیانەوێ خۆیان زلتر پیشان بدەن لەوەی کە هەن، ئەوانەی کە لەنێو تەمومژدا خۆیان دەشارنەوە و وای دەنوێنن کە

گەوهەریان ڕشتووە ئەوانەی خۆ دەبەنە پێشەوە و ماستاو سارد دەکەنەوە، ئەوانەی بەدرۆ لاسایی لە خۆیان گەورەتر و مەزنتر دەکەنەوە، ئەوانەی خۆ لە مەزنە نووسەران دەبەنە پێشەوە تا ناو پەیدا بکەن، ئەوانەی فیزێکی بەتاڵ بەو کەسانە دەفرۆشن کە گوایە لە خۆیان بچوکترن، ئەوانەی خۆیان لێ دەگۆڕێ کەچی هیچ نین... بۆ ئەوانە و بۆ شتی لەو بابەتە چەندین کتێب بەشی ناکات تا ئەو مێژووە وەکو خۆی بنووسینەوە.

ئەو ڕۆژگارەی شاعیرێکی وەک «ڕۆبرت براوننگ» ڕایگەیاند کە بە تەنها خۆی . وەک نووسەر، دەتوانێ لە مانا شاراوەکانی هۆنراوەی «سۆردێلۆ» تێ بگات کە دیارە هی خۆی بوو بەڵام هەر خۆی بە خوێنەرانی وت کە مەغزا و مانای قەسیدەکەی خۆی لەبیر چۆتەوە، لەو وەختەدا بەم قسەیەی بوارێکی باش و ئەرکێک کە نووسەر مەرجە لە ئەستۆی خۆی بگرێ.

«سویفت» زیرەکانە لە پێناسەیەکیدا بۆ «شێواز» دەڵێ- «چەند وشەیەکی گونجاو لە شوێنی گونجاودا» بۆ ئەم پێناسە من ئەوەی بۆ دەخەمەسەر- «بیروڕای گونجاو لەنێو سەمتێکی گونجاودا» . بۆ ئەوەیان هیچ مەحاڵێک لە ئارادا نییە. گەورەترین نووسەرانی پەخشان، لەلای من، لەم سەردەمەدا؛ نووسەرانێکی وەک «بێرناردشۆ» و «سۆمەرست مۆم»ن. ئایا هیچ کامێکیان ڕستەیەکی نووسیوە کە وابێ خەڵک تێی نەگا و تەمومژاوی بێ؟

گەر تۆ «ئەنتی - شۆ» بیت، دەتوانیت «بێرناردشۆ» بەوە تاوانبار بکەیت کە جگە لە شتی پڕوپووچ هیچی نەوتووە، بەڵام بۆ یەک چرکەسات دانامێنی تاوەکو بگەیت بەو حەقیقەتەی کە ئەو جۆرە پڕوپووچییەکی مەبەست بووە. گەر بە دیقەتەوە و زۆر بەڕوونی بڕوانینە ئەو شتەی کە پێی دەوترێ ئەزموون و حیکمەتەکانی ژیان، تێ دەگەین کە پوختەی کارەکانی «سۆمەرست مۆم» ، لەوانەش -دەبڵ ڕۆژ- کارێکە کە تا ئەمڕۆکە تێپەڕ نەکراوە. دووبارە دەیڵێمەوە کە تۆ وەک خوێنەر، هیچ مەرج نییە، لەگەڵ



بڕیار و بۆچوونەکانی ئەودا یەکدی بگرنەوە، یان لەگەڵ ئەو بەهایانەی کە ئەم بڕوای پێیان بووە، بەڵام زۆر بە وردی لەوە تێ دەگەی کە ئەم وەک قسەی لەسەر کام حوکم و بیر و بۆچوونێک کردووە، بە واتا جیهانیینی ڕوون و ئاشکرای هەبووە.

با ئێستا نموونەیەک لە نووسینی نووسەرێکی لێڵ بێنینەوە کە بە ڕای من هیچ پاساوێک بۆ ئەم جۆرە نووسینە نییە کە ڕۆماننووسێکی وەک «مستەر هێنری گرین» ، لە مرۆکەدا، پێوانەی خوێندەواری سەردەستە و ڕۆشنبیرانی پلە یەک حیسابێکی بۆ دەکرێ، ڕەنگە لەبەرئەوە بێ کە زۆر بە فیزەوە ڕێزمان و سینتاکس و خاڵبەندی ڕەت دەکاتەوە و سووک سەیری ئەم مەسەلەیە دەکات. ئەوەتا ، لێرەدا نموونەیەک لە ڕستەیەکی درێژی ئەودا دەخەینە بەرچاوتان کە لەلاپەڕەی یەکەمی چیرۆکێکی خۆیدا هەیە ئەو چیرۆکەی زۆر ستایشی کراوە، بێ فیزانە، ناوی لێ ناوە- «هیچ» :

[ئەوسا تەڕ و تووشی بوو، ئاخۆ ژنە ئەوەی بیر کەوتبۆوە کە پیاوەکە دەیوت و دەیوتەوە، کەواتە پێچەوانەی ئەمەی وت، کابرا ڕووەو لای پرشنگی بەتینی پەنجەرەکە ڕووی وەرگێڕا، تەواو تاریک دادەهات بە فرمێسکی غەمهێنی سەر شووشەی پەنجەرە و شەقامەکانی زێرابەکان هەرکە لە نزیک ئاگری ژنەکە دانیشتبوو چونکە«جێن» حەزی لە زەردەپەڕی تاریکی ئێوارە بوو، گڵۆپەکان داناگیرسێنێ تاوەکو وای لێ دێ بەرپێی خۆی نەبینێ کە دەجووڵێ، کەچی لە دەرەوە گڵۆپێکی سەر شەقام زەرد دەچۆوە لەناو هەزارەها دڵۆپە بارانی سەر شووشەی پەنجەرەکە دەدرەوشایەوە، ئاگرەکە گوڵ بوو، «پێنیلۆپ»یش هاتە ژوورەوە.]

شت هەیە لەوە نارێکتر؟ لەبەردەم بابەتێکی وا منالآنەدا، پڕ لە شێوان لەپاڵ خەراپ بەکارهێنانی خاڵبەندی، قوتابییەک پێی وەڕس دەبێ و سەری لێ تێک دەچێ. نووسەری ئەم پەرەگرافە هەر لە خۆیەوە بێ پەروا فاریزەی فڕێ داوە، هەرچی یاسا و ڕێسای داڕشتن هەیە حیسابی بۆ نەکردووە؛ ئەو جۆرە یاسایانەی بۆ ئەوە دروست بوون کە یارمەتی خوێنەر

بدەن بۆ تێگەیشتن لەو بابەتەی کە دەیخوێنێتەوە بۆ ئەوە نەکراوە کە نووسەر پێیان سەغڵەت بێ. من وەک خوێنەر؟ بابەتێکی وا بێ سەروبەر ڕەت کەمەوە چونکە ناچێتە مێشکمەوە.

پاشان با ئاوڕێک لە نووسینێکی «مستەر تی. ئێس. ئیلیەت» بدەینەوە کە لەژێر ناوی «چەند سەرنجێک ڕووەو پێناسەکردنی کەلتوور» نووسیویەتی. جارێ سەیرێکی ئەو ناو و نیشانە بکە کە دیارە جۆرێک لە لێڵی و ترسنۆکی دەنوێنێ. ئەو نایەوێ وا خۆی دەربخات کە پێناسەی (کەلتوور) بکات، بەڵکو لە کتێبێکی (١٢٤) لاپەڕەییدا خنەخن بە دەوری ئەو پێناسەیەدا گیری خواردووە. لەم کتێبەدا ڕستەی ئاواهی بەدی دەکەی:-

[لەو ڕوانگەیەی کە من دەڕوانمە کەلتوور و ئایین، هەوڵ دەدەم کە ئاماژەی پێ بکەم، زۆر لەوە قورسترە کە دڵنیابم لەوەی خۆم دەیگرم و دەیگەمێ، مەگەر بەچەند سەرەقەڵەمێک، دەنا زەحمەتە لە هەموو مانا شاراوەکانی تێ بگەم.]

ئێستاکە لەوە تێگەیشتین کە نووسەرێک لەو بیر و بۆچوونەیدا بە تەنها دەتوانێ «هەوڵ بدا ئاماژەی بۆ بکات، پاشان خۆی دانی پێدادەنێ کە ناتوانێ لەو ڕوانگەیەی خۆی تێ بگات، بۆیە من وای بۆ دەچم کە هەقە ئەو نووسەرە هێمن و بێ دەنگ بێ تا لەو سەرلێشێوانە قورتاری دەبێ و بەرچاوی ڕوون دەبێتەوە ئایا هیچ کەسێک خەیاڵی بۆ ئەوە دەچێ مامۆستای فیکر و زمانی ئینگلیزی ئاواهی دەمی تەتەڵە بکا و بەم شێوەیەش لە تر بدا؟ بەڵام لەوە دەچێ دان پیانان بە ناتواناییدا مانایەکی قووڵتر ببەخشێ، لێڵی لە بیرکردنەوەدا و تەمومژ لە نووسیندا لەبری ئەوەی نوچدان بێ، بووە بە ڕەوانبێژی.

کەس نییە بتوانێ وای بنوێنێ کە زۆربەی ئەو شیعرە نووسراوانەی کە لە دوا چارەکی ئەم سەدەیەدا بڵاوبوونەوە تەمومژاوی نەبوون. هەر لە سۆنگەی



ئەمەوەیە کە لە (بریتانیا) ژمارەیەکی زۆریان بە کەڵکی بازاڕ نەهاتن. زۆر لە چاپگەرانی (لەندەن) ناڕازی بوون و وتیان «شیعر چاپکردن ماڵوێرانییە»، دیارە بەتەنها یەک دوو شاعیری وەک (ئیلیەت) هەڵاوێرد «ئیستثنا» کرابوون. (ئەنجوومەنی هونەر) لەلایەن کۆمەڵێ شاعیر کە تەواوێک بەم حاڵە هەڵچووبوون، داوای یارمەتی لێ کرابوو کە هەتا زووە فریای بکەوێ. بەڵام ئەو ئەنجوومەنەش سەرگەرمی ئەوە بوو کە چۆن چۆنی خواوەندەکانی شیعر و ستران و هونەر کە خەریکە زەرد و سیس دەبن و دەمرن: زیندوو بکاتەوە. ئاخۆ دەکرێ ئەو دیوانانە لەسەر حیسابی گیرفانی خەڵکی چاپ بکرێن و بڵاو ببنەوە؛ لە کاتێکدا کە خەڵکێک ئامادە نییە بیانکڕێ و بیانخوێنێتەوە؟

بەرگری کردن لە شاعیرانی (تەمومژ) پەرست کە ڕێزمان و سینتاکس ڕەت دەکەنەوە بۆتە مەسەلەیەکی زۆر تێکەڵ و پێکەڵ، بۆ ئەو وەختەی دونیایەک وێنەی دەستکرد و ساختە و ناجۆرە فڕێ دەدا نێو دوتوێی شیعرەکانیان. هەندێک لەوانەی دەبنە پارێزەری ئەم جۆرە شاعیرانە، هەر لە بنەڕەتەوە تۆمەتەکە ڕەت دەکەنەوە و نکوڵی لەوە دەکەن کە شتی وا هەبێ، ئەوانەی کە لە گۆرانیبێژانی «سپاسمۆدست» تێ ناگەن و ناتوانن ئەو قسە تێکەڵ و پێکەڵانە شی بکەنەوە، تاوانی ئەویان دەخرێتە پاڵ کە یا ئەوەتا تەمبەڵن یاخود گێلن؛ یان هەردووکیان بەیەکەوە. گلەیی لەو خوێنەرە کەللە بەردینە دەکرێ کە مێشکی ئەوە نییە وێنە جیاوازەکانی ئەو شیعرانە بەسەریەکەوە و بەڕێکخراوی ببینێ و مەتەڵەکانی هونەر هەڵبێنێ، لەناو ئەو تونی بابای شیعرەدا ڕێ دەربکا و لە مانای وشە و ڕستەکان تێ بگات. بیانوویەکی دیکە ئەوەیە کە ئەم سەردەمە وەها تێکچووە و شڵەژاوە و کێشە ڕامیاری و ئابووری و ئەخلاقی و سایکۆلۆژییەکانی وەها ئاڵۆز و تێکەڵ بوونە زۆر زەحمەتە بۆ هەرکەسێک کە لەگەڵ سەردەمەکەی خۆیدا ڕاست بێ، بتوانێ وا ڕێک و ڕەوان تەعبیر لەو سەردەمە و تەڵەزگە و قەیران و کێشە هەڵایساوەکانی بکات.

بیانووی یەکەم نکوڵی کردن و ڕەتکردنەوەیەکی زۆر پەتی گوناه کە دیارە بیانوویەکی وا لە هۆڵی دادگادا سەری تاوانبار ڕزگار ناکات. دووەمین بیانوو جەخت کردن و بەرگری کردنە لە بێ بەهرەیی و ئیفلیجی هونەری. جارێکی تر مەسەلەکە دێتەوە سەر قسەکردن لە دابەزینی نووسەر لەسەر عەرشی خۆی. هەرچەند کێشەکانمان ئاڵۆزتر بێ، وا پێویست دەکا و واش چاوەڕێ دەکرێ کە عەقڵەکان بایی ئەوەندە بە توانا بن، وەک نەشتەر تیژ بن و بچنە ناو جەستەی گرفتەکان و سندانەکان ببینن، دەبێ وابێ کە مانا و گەوهەری شتەکانمان بدەنێ و لە قسەی پڕوپووچ ڕزگارمان بکەن، ناوکمان بدەنێ و پەلک فڕێ بدەن.

یەکێک لە خووەکانی ئەو کەسانەی کە ناتوانن هەست و نەستی خۆیان دەرببڕن ئەوەیە کە خۆ لەژێر وشە و ڕستەیەکی زۆر درێژ دەشارنەوە کە لە دواجار دەکەونە دوای مۆدە و بازاڕگەرمی ئەو ڕۆژگارە. لەم بوارەدا فەلسەفەی بوونگەرایی -وجودییەت- وای بەسەر هات دەکرێ بڵێین نموونەیەکی ئاشکرای ئەم حاڵەتە بوو. هەر کاتێک یەکێک دێتە بەردەمم و پێم دەڵێ بوونگەرایی -وجودییەت- ئاوا و ئاوا دیارە ئەو کەسە چاوەڕێ کە من سەری نەوازشی بۆ دانەوێنم و بەوپەڕی سەرسامی و ترسەوە گوێی لێ بگرم، کەچی من یەکسەر مل دەدەمە بەر ملی و داوای لێ دەکەم کە پێناسەیەکی -بوونگەرایی-م بۆ بکات. و من لە هەموو ژیانما سادەترین وەڵامم دەست نەکەوتووە کە ڕازیم بکات.

ئەو ئەکتەر و دەرهێنەرانەی سەرگەرمی کارکردنن لەو شانۆگەرییە بۆنی بوونگەرایی -وجودییەت-یان لێ دێ خەڵکێکی زۆر سەیرن، گەر پێیان بڵێی واز لەو گارەگارە بێنن و مەبەستتان لەم هەرایە چییە؟ بۆ ڕێک و ڕەوان نیازتان چییە؛ ئەوە دەرببڕن، کەچی بە تەواوی ئەبڵەق دەبن و سەریان لێ دەشێوێ. بەپێی ئەو ئەزموونەی من هەمە ڕەخنەگران و نووسەرانێکی زۆرمان هەن کە لەم دۆخە ناپوختەدا دەژین بەناوی ئەوەی دەچنە قووڵاییەوە، خۆ لە تەمومژێکدا دەشارنەوە ئاواهیش پتر خۆیان و



دەقەکانیان لەلامان ئاڵۆزتر دەکەن، دەیانەوێ لە ڕۆح و گەوهەر و ماهیەتی شتەکان نزیک ببنەوە. بۆیە کە داوایان لێ دەکەی ئەوە ببێژن کە دەقاودەق مەبەستیانە لاڵ دەبن و هیچیان پێ ناگوترێ.

هەندێک جار بەرهەمهێنانی دەقی تەمومژاوی دەبێ بەڕێگای کورت بۆ جۆرێک لە پەیداکردنی ناو و شۆرەت لەلای خەڵکی، چونکە کاتێکی خۆشی بۆ دەوروبەرەکەی ڕەخساند، لەو سەردەمەدا هەر هەمووان کەوتنە بەزمی هەڵهێنانی مەتەڵی ئەو قەسیدەیە و شکاندنی تەلیسمەکانی، ئەوپەڕی بلیمەتی و توانا و زرنگی خۆیان بەکار دەهێنا لەو مانایە تێ بگەن کە شاعیر خۆی بیری چۆتەوە.

کەس نییە نکوڵی لەوە بکات کە شاعیر هەمان حاڵەتی نووسەری پەخشان ناژی، ئەو پتر لەسەر ئەو شتانە کار دەکات کە بە هەر پێنج هەستەکە دەرکیان پێ دەکات، کەواتە ئەو لەسەر هەستەکان دەلەوەڕێ نەک لەسەر بیرۆکە و چەمکەکان، پتر لەسەر سۆز دەژی، نەک ئەوەی لەسەر دایەلێکتیک. بەڵام هیچ ڕێگرێک لەبەردەمی شاعیردا نییە کە نەتوانێ وێنەیەکی ڕوون سەبارەت بە هەست و نەست و سۆزی خۆیمان پێ ببەخشێ، هەست و سۆزێک لە ڕێی وشەوە بە ئێمە بگات. دیارە کارامەترین شاعیرانی سەرزەمین توانیویانە ئەوە بکەن. ئایا ئێمە ئاگامان لەوەیە کە شاعیرێکی ڕۆمانسی وەک «کیتس» چۆن چۆنی سەیری (بولبولەکەی) کردووە یان لە بەرامبەر «گۆزەیەکی یۆنانی»دا چ هەستێکی هەبووە؟ بێ گومان هەست بەو حاڵەتەی شاعیر دەکەین. دە باشە خۆ «کیتس» پێوستی بەوە نەبووە جەنگێک لە دژی «سینتاکس - پێکهاتە یان بەکارهێنانی وشە و دەستەواژە لە ڕستەدا» بەرپا بکات، ئەو نەهاتووە بونیاتی ڕستە تێک بدات، ئەو نەهاتووە گۆڕ بۆ زمانەوان هەڵبکەنێ و لە ڕێی (سروودەکان)یەوە بۆ مەرگی مانا و ڕێزمان بلاوێنێتەوە.

ئەو کاتەی گوێم لە هۆنراوە ڕەش و پڕ خەمۆکییەکانی (ئەی هاوسمان) دەبێ، قەت پێویستیم بەوە نابێ سەری خۆم بخورێنم یان بێم خاولی تەڕ

بکەم و بیخەمە سەر تەوێڵی گەرمم و مێشکم بگوشم تا بتوانم مانا و مەغزا لە شیعرێکی (تێنیسن) دەربێنم. هەندێ جار عەقڵی داهێنەر وا کاردەکات، وا خێرا کە دەستەکانی فریای هەڵڕشتنی بیر و بۆچوونەکانی ناکەوێ، وای لێ دێ کە وێنە و خوازە و لێکچوون و وەسفە ئەدەبی و هونەری و ئیمیجەکان وا بەناویەکدیدا دەچن کە هەر دەڵێی بە ناویەکدیدا چوونی فارگۆنەکانی شەمەندەفەرێکە لە ڕووداوێکدا. هەندێک لە بەرهەمە هەرەجوان و گەورەکانی «شکسپیر» وا دێنە بەرچاو. بەڵام دواجار دەڵێین کە هیچ شاعیرێکی گەورە و داهێنەر، گەر داهێنەر بێ تەمومژاوی نییە.

خەڵکی بەگشتی، جگە لەو کەسانەی کە بەدرۆ خۆ بە زانا و دانا دەزانن، هەر هەموان حەز دەکەن گوێ لەو هونەرمەندانە بگرن و ئەو نووسەرانە بخوێننەوە کە تەواو ئاگای لە توانای عەقڵی و هونەری خۆیان زاڵن بەسەر ئامرازەکانی دەربڕین، خەڵکی هەمیشە لەو هونەرمەند و نووسەرە نزیک دەبنەوە کە دەیانکەن بە خاوەنی ئەو مانا و مەغزایانەی لە دوتوێی بەرهەمەکانیاندا هەن. ئەو هونەرمەندەی هوشیاری نیاز و مەبەستەکانی خۆی نەبێ و نەزانی هەڵگری چ فەلسەفە و بنەمایەکی فیکری و هونەرییە، دەکرێ پێی بوترێ کەسێکە خۆ دەنوێنێ یان خۆ هەڵکێشە. خۆ گەر لە نیاز و ڕا و مەبەستەکانی خۆی ئاگادار بێ و بەڵام نەتوانێ دەریان ببڕێ، ئەوە جگە لە هونەرمەندێکی بێ توانا و بێ بەهرە هیچی دیکە نییە. هیوادارم کە منیش ڕێک و ڕەوان قسەکانی خۆم کردبێ.

**سەرچاوە:**

Highlights of Modern Literature, Edited by: Francis Brown
Published in New American Library
Pages (36-39)



# لێکۆڵینەوەیەک دەربارەی شیعر
## بایەخی شێوە

**نووسینی: مارجۆری بۆڵتن**

ئەو شتانەی کە زۆرخۆش و بەلەزەتن، یا زۆر بە بەها و نرخن... گەلێ زەحمەتە پێناسە بکرێن. ئەگەر پەنا بەرینە بەر هەستی ئاسایی خۆمان و زۆر بە دیقەتەوە بکەوینە پێناسەی شتەکان: دەتوانین زۆر بە ئاسانی وەسفی خاکەناز و تەلەفۆن و بازن بکەین، نەک هەر ئەم جۆرە شتانە... دەتوانین شتێکی وەک دۆلاریش پێناسە بکەین، یا تاجی سەری پاشایەک... هەرچەندە ئەم دووانە دەبنە هەڵگری ڕەمز و هێمای شتەکان. بۆ نموونە: بیر لەو ژن و پیاوە بکەرەوە کە کەوتوونەتە داوی عیشقێک و کوژراوی خۆشەویستی و حەزێکی گەورەن، زۆرجار ئەم دووانە لاڵ دەبن و هیچ وشەیەک نادۆزنەوە تا ئەم حەزەی خۆیانی پێ دەربڕن، هەرچەندە ئەم چەشنە هەوڵ و تەقەللایە بۆ دۆزینەوەی وشەی بەنرخ و جوان، دەربڕینی ناسکی عاشقانە، گەورەترین و جوانترین شیعری سەردەمیان خوڵقاندووە، لە ڕاستیدا کابرایەکی سۆفی هەرگیز ناتوانێ وەسفی تاقیکردنەوەی ڕۆحییەکانی خۆی بکا، چونکە بەردەوام، لەگەڵ بابەتە ئایینییەکەی خۆیدا لە کێشە دایە و قەتیش لە ململانێ ناکەوێ. بۆ نموونە: تا ئێستا سەدەها دانا و زانای بلیمەت لە پێناسەکردنی -جوانی-دا سەرنەکەوتوون. بەم شێوەیە... هەر شیکردنەوەیەک کە ئامانجی «ڕوونکردنەوە و لێدوان بێ لە جوانیی شیعر» بەکارێکی زەحمەت دادەنرێ، ئەمەیان دەبێ بە هەوڵێکی نابەجێ بۆ شیکردنەوەی شتێک کە هەرگیز شیاوی لێدوان و ڕوونکردنەوە و شیکردنەوە نییە.

بەهەرحاڵ... لەوە دەچێ زۆربەی خەڵکی لەسەر ئەو ڕایە یەک بگرنەوە کە یەکێ لە ڕەگەزە سەرەکی و پێکهێنەرەکانی (جوانی) فۆرمە: واتا شێوەیە.

که دەڵێین شێواز: یانێ یەکێتی و بە یەکەوە گونجان و تێکەڵییەکی پڕ لە هارمۆنییەتی (ئیقاع). بۆ نموونە: گەر سەیری ئەو کێکە بکەی کە لە ئاهەنگی بووک و زاوایەکدا دروست دەکرێ... دەبینی ئەو کێکە سێ یان چوار چینییە، مانای وایە کێکەیش شێوازی تایبەتی خۆی هەیە، هەرچەندە، هەموو دەم، ئەوەندە جوانیش دەرناچێ. ئەو جەلییەی کە بە جوانی لە قاڵبێکەوە بەتاڵ دەکرێ: شێوەیەکی دیاریکراوی هەیە، هەرچەندە وەسفی شێوازی کێکەکە ئاسانترە لەهی جەلییەکە. چونکە ئەو جەلییە شێوەیەکی زۆر دیار و سەربەخۆی نییە... بە پێچەوانەوە کێکەکە سێ چینە و هەر چینێکیش کە لە شێوەی سیلندەرێک داڕێژراوە قەوارەی تایبەت و جیاوازە. ئەو کێکەی کە پارچە پارچە دەبێ و یان بە دەستی ئەنقەست لەت لەت دەکرێ، یان ئەو جەلییەی کە قاڵبەکەی بەتاڵ دەکرێ و خۆی بەیەکەوە ناگرێ و لەسەر قاپێکدا پەرتوبڵاو دەبێتەوە و دەبێ بە دەڵەمە... لەم حاڵەتەدا جەلی و کێکەکە بێ شێوە و دیمەنێکی دیاریکراون... بەڵام بۆ تام و لەزەت و هەرس کردن هیچ جیاوازییەکیان لەگەڵ کێکی ئەندازەدار و جەلی قاڵب گرتوودا نییە، جیاوازییەکە تەنها لەوەدایە کە وەک شێوە سەرنج ڕاکێش و جوان نین، بە واتایەکی دیکە: کە مرۆڤ سەیری کێکێکی بێ شێوە و جەلییەکی دەڵەمەیی دەکا خۆشحاڵ نابێ. ئێمە، لە هەموو شتێکدا، شێوەمان بەلاوە گرنگە... بۆ نموونە- ڕێکوپێکی ژوورێک، جلوبەرگی زەلامێک، قەتیش حەز بەسەر مێزێکی نارێک ناکەین، کابرایەکی پیس و چەپەڵ، ئەگەر بتوانین هەست بەهێزی سیحراوی و جوانی و هونەری زمان بکەین، یان بتوانین دەرک بە نهێنی وشەکان بکەین... ئەوسا حەز ناکەین گوێ لە قسەیەک، یان گفتوگۆیەک بگرین کە هیچ پەیوەندییەکی مەنتقی تیا نەبێ... هەروەها حەزیش بەوە ناکەین نووسینێکی زۆر نارێک بخوێنینەوە، بەرلەوەی ئەم کتێبە دابنێم بیرم لەوە کردەوە پەیڕەوی پیلان و پرۆگرامێک بکەم بۆ ئەوەی کتێبەکە فۆرمێکی -شێوە- جوان و پەیوەندییەکی مەنتقی بگرێتە خۆی.



لەوە دەچێ ئەم حەز و ئارەزووە بۆ فۆرم شتێکی خۆش و دەگمەن بێ... من ناتوانم ئەم مەسەلەیە شی بکەمەوە و ناشتوانم قەناعەت بەخۆم بکەم کە لە توانامدا بێ لە شێوەی شیعر بکۆڵمەوە و بیخەمە بەرچاوان. ئەم حاڵەتە پەیوەندی بەو هێز و شکۆمەندییەوە هەیە کە وا لە مرۆڤێک دەکا بە شتێک بڵێ - «ئەمەیان جوانە...!» من حەز لە چەخماخە و شریخەی برووسک و گڤەی ڕەشەبا دەکەم، حەز بەوە دەکەم لە دەریایەکی سەرشێتدا مەلە بکەم، وا بزانم هەموو کەسێک بە خوڕەمی جۆگەلە و ڕووباری بەتەوژم سەرسامە، یان گێژەلووکەی دەریایەک، بەفر و باووبۆرانیش هەمان موچڕکە و تەزوو بە مرۆڤ دەبەخشن... واتا بەم دیاردە و دیمەنانە هەڵدەچین و سەراسیمە دەبین، هەرچەندە حەز بە هێمنی دەکەین و بەدوای کپی و خامۆشیدا دەگەڕێین، ئەوانەش کە پڕ بەدڵ، بەڕاستی، بە گوڕوتینێکی زۆرەوە دەژین... چاک دەزانن کە هەندێ حاڵەتی وا هەیە مرۆڤ دەخاتە ژێر دەریایەکی پڕی سۆز و عاتیفە، ناسکییەک کە وەسف ناکرێ، یان خۆشی و سەرسامییەکی کتوپڕ... ئەمانە هەمووی دەبن بە ئەزموونێکی پڕ و تەواو و لەیادنەچووی ڕۆژانی ژیانمان، لەوە دەچێ -جوانی- ببێ بە دوو بەشەوە و ئێمەش بە هەردووکیان سەراسیمە بین: یەکەمیان: جوانی فۆرم (شێوە) - واتا جوانییەکی خاوەن شێوە و دیمەنێکی دیاریکراو. دووەمیان: جوانییەکی خاوەن شێوە و... بێ ئەندازەی دڵڕفێن... هەڵبەتە جۆری دووەمیان زۆر کێویانە و سەرەتایی ترە... نەک هەر ئەوەندە... بەڵکو کۆنتر و لە پێشتریشە. بەهەرحاڵ... ئەو خۆشییەی کە لە شیعرێکەوە هەستی پێ دەکەین: کەم تا زۆر دەگەڕێتەوە بۆ جوانی فۆرم و شێوەکەی. زۆربەی شیعرەکانی (ویتمان) و هەندێکی (بلەیک) لەم یاسایە بەدەرن. دەتوانین بڵێین: ئەو تاقیکردنەوە ئیستاتیکییانەی -جمالی- کە لە کتێبی «شیکردنەوەی شیعر»دا بەرچاو دەکەون پابەندن بە جوانیی شێوەی شیعر، ئامانجی ئەم کتێبەش شیکردنەوەی ئەو شتانەیە کە شیاوی شیکردنەوەن. ئەو شتە سەرسوڕهێنەرانەی کە دەمێننەوە و شیاوی لێدوان نین... هەروەکو

خۆیان دەمێننەوە و دەستیان لێ نادرێ.

لێرەدا... حەز دەکەم سەرنجتان بۆ لایەنێکی گرنگ ڕابکێشم. شیکردنەوەی شیعر پێویستی بە پەلەپەل نییە. زۆربەی خەڵکی، بۆ مەبەستی دەرچوون لە قوتابخانە یان بۆ ئەوەی دڵی مامۆستاکەی خۆش کا، لە ڕوانگەیەکی تەسک و بە ئامانجێکی چەوتەوە لە فەلسەفەی شیعر نزیک دەبنەوە... بە گشتی ئەم حاڵەتە وا دەکا کەس تام و لەزەت لە شیعر نەکا، بەڵکو بە پێچەوانەوە: خۆشەویستی شیعری لەلا دەکوژێ. گەلێ پێشم ناخۆشە ئەم کتێبە ببێتە مایەی ئەوەی خەڵکی قینی لە شیعر بێتەوە.

ئەگەر، شیعر، لەلای تۆ شتێکی بێ بایەخە... تکا دەکەم واز لەم نووسینە بێنە و چیتر مەیخوێنەوە. هیچ کتێبێک ناتوانێ وات لێ بکا شەیدای شیعر بیت... تەنها کتێبی شیعر دەتوانێ وات لێ بکا شیعرت خۆش بوێ. ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان هەستت بەوە کرد بێ شیعر ناحەوێیتەوە، یان هەستت کرد ئەوپەڕی کەمی و نەنگییە گەر حەز بە شیعر نەکەیت... بڕۆ چەندەها دیوانە شیعری هەڵبژاردە بکڕە... یان ئەوەتا لێرە و لەوێ بە قەرز وەری بگرە و بیخوێنەوە. بە قووڵی شیعرەکان بخوێنەوە تا ئەو حەلەی شیعری شاعیرێکت بەدڵ دەبێ و وات لێ دەکا چەند جارێک بیخوێنیتەوە... پاشان بە دوای چەند شیعرێکی دیکەی هەمان شیعردا بگەڕێ تا وات لێ دێ هێدی هێدی پتر تام لە شیعر وەردەگریت و زیاتر حەوسەڵەی شیعر خوێندنەوەت دەبێ. لەوانەشە دوای ماوەیەک وات لێ بێ بەدوای ئەو هۆیانەدا بگەڕێی کە تۆیان گۆڕی و وایان لێ کردیت ببیت بە دەروێشی خەڵوەتگای شیعر، ئەوسا دەتوانیت چەندەها کتێب دەربارەی -شیکردنەوەی شیعر- بخوێنیتەوە.

هەڵبەتە... هەتا گەر کەسێک، بۆ مەبەستی دەرچوون لە تاقیکردنەوەیەک، لە ئەدەب نزیک کەوتەوە... پێوستە لە ڕوانگەیەکی ڕاستەوە بۆ مەبەست و ئامانجەکانی بڕوانێ، ناکرێ پرۆگرام و کتێبەکانی



فەرامۆش بکا، بەڵام ئەگەر لەژێر بارێکی ناهەمواردا و لە ڕوانگەیەکی نارێکەوە لە شیعر و ئەدەب هاتە پێشەوە... ئەوە ئاکامەکەی دیارە... زەرەری بۆ پەزەکە نییە.

لەوانەشە تۆ حەز بەوە بکەی بۆ خۆت، لەژێرەوە و لە دڵی خۆتدا، شیعر بخوێنیتەوە... واتا: زەوقی ئەوەت نەبێ بە دەنگ بیخوێنیتەوە، یان حەز بەوە نەکەی یەکێکی تر بۆتی بخوێنێتەوە. لەوانەیە چەند کچێکی شەرمن بە زیقەزیقەوە جوانی شیعرەکەت لەلا بشێوێنن، یان چەند هەرزەکارێکی دەنگ گڕ و ناخۆش... یان مامۆستایەک بە شێوەیەکی نارێک و ناخۆش بنەڕێنێ و کەچی وا بزانێ بە سۆزەوە شیعر دەخوێنێتەوە... ئەوسا بەلاتەوە سەیر نەبێ گەر شیعرت لەبەرچاو بکەوێ. هەوڵدە گوێ لە هەندێ شاعیر و کەسانی وا بگریت کە بە تام و تاسووقەوە شیعر دەخوێننەوە... ئەوسا بزانە چۆن سەرسام دەبیت.

بە شێوەیەکی نموونەیی... هەموو ڕەخنەیەکی ئەدەبی لە تام و چێژێکەوە سەر هەڵدەدا. ئەوەی هەستی پێ دەکەین ئەوەیە کە ئێمە شتێکی بە تام و دڵخۆشکەر لە دەقێکی ئەدەبیدا دەدۆزینەوە، بۆ ماوەیەکیش قەناعەت بەو خۆشی و لەزەتە دەکەین، پاشان... هەست و هۆشی مرۆڤێکی زیت و زیرەک تەنها بەوەندە ڕازی نابێ... بەڵکو زۆر بە وردی بە دوای ئەو هۆیەدا دەگەڕێین کە وای لێ کردووین تام و لەزەت لەو شاکارە ئەدەبییانە بکەین، سەیرە... لەوانەیە هۆی ئەم تام و لەزەتەش پەیوەندی بە مەسەلەی (جوانی)یەوە نەبێ. لەوانەیە تۆ بە شیعرێکی -لاهووتی-یانە سەرسام بیت، یەکێکی دیکە حەز بە شیعرێک بکا: تەنها لەبەرئەوەی وشەکانی بەجێن و هارمۆنییەتی -ئیقاع-ی تێدایە، کەواتە ڕێی تێ دەچێ تۆ چەندەها جار بە تامەوە شیعرێک بخوێنیتەوە تەنها لەبەرئەوەی ئیقاعێکی خۆشی هەیە... یان تەنها لەبەرئەوە دەیخوێنیتەوە چونکە بیرۆکەی ناو شیعرەکە پلە بەپلە دەگاتە چلەپۆپە، لەوانەشە سەرواوکێشی شیعرەکە لەگەڵ خۆیت ببا... بە ڕادەیەک کە تۆ بە هیچ شێوەیەک ناتوانیت جێگۆڕکێ

بەوشەكان بكەیت.

كە بۆ یەكەمجار بەنێو جیهانی شیعردا دەگەڕێین و دەكەوینە شیكردنەوەی، بە هەرچی شێوەیەک بێ، ئەم شیعرە دەشێوێنین. واتا بە پارچە پارچە كردن و هەڵوەشاندنەوەی ئەو شیعرە جوانی ڕووخسارەكەی دەشێوێ. یەكەم تاقیكردنەوەی بە بایەخی هەر كەسێک لەگەڵ شیعردا مەسەلەیەكی زۆر زاتییە، حەزیش دەكەین ئەم هەستە هەر بە نهێنی لای خۆمان بمێنێتەوە وەک هەست و نەستی یەكەم حەز و ئەوین كە هەمیشە حەز ناكەین خەڵكی دیكە پێ بزانێ... یان ئەزموونێكی ڕۆحی و زاتی سەبارەت بە مەسەلەیەكی ئایینی. لەوانەشە وا هەست بكەین گەر زۆر بە وردی و لە نزیكەوە شیعرێک شی بكەینەوە و هەڵتەک و داتەكی زۆری پێ بكەین، لەوانەیە بەم شێوەیە لە جوانی و پیرۆزی ئەو شیعرە كەم بكەینەوە... بۆ نموونە: كەسێک كە جێی ڕێزی ئێمە بێ... نابێ ڕێ و ڕەسمی دۆستایەتی لەگەڵدا بشكێنین. لەگەڵ ئەوەشدا... گەر بتوانین بەوپەڕی زیرەكییەوە شیعر شی بكەینەوە و بەش و پارچەكانی لە یەكدی جوێ بكەینەوە و هەڵی وەشێنین... ئەوسا تام و لەزەتی شیعرەكە لەلامان قووڵتر دەبێتەوە بەوەی كە چاكتر لێی حاڵی دەبین... بەم شێوەیەش شیعرەكە لەبەرچاو ناكەوێ. شیعری چاک دوای خوێندنەوەی بیستەمین جاریش تام و لەزەتی خۆی ون ناكا، بۆ هەمیشە نهێنی و شتی تازەی تیا دەدۆزینەوە... گرنگیش نییە ئەگەر تا ئەوپەڕی ڕەگەز و بەشەكانی لێک بترازێنین و هەڵی وەشێنین... چونكە هەر كاتێ ئاوڕی لێ بدەینەوە و بە دیارییەوە ڕابمێنین پارچە و ڕەگەزەكان وەک جاران یەكدی دەگرنەوە و دەبنەوە شیعرە بەتامەكەی یەكەمجار.

خوێندەواران هەمیشە لەوە بەگلەیین كە هەموو ڕەخنەیەک پڕە لە چەندەها وشە و زاراوەی گەلێ گران... هەندێ لەو وشانە لەبەردەم خوێنەری لاواز و تەمبەڵ لە سپێڵ و ڕێنووسدا دەبن بە كۆسپ و گرێی ناخۆش... بۆ نموونە: لە ڕەخنەی شیعری ئینگلیزیدا چاوت بەم جۆرە وشانە دەكەوێ



(onomatopoeia) مەبەستیش لەم زاراوەیە ئەو كردار و ناوانە دەگرێتەوە كە گوزارشت –تەعبیر– لە دەنگی دیاردە و شتەكان دەكا: بە واتا: دەنگی وشەكان گوزارشت لە مانا و مەبەستەكانی دەكا... هەر بۆ نموونە: گڤەی با، زیكەی دەرگا، هاژەی ڕووبار، قیڕەی بۆق... هتد. یان وشەی (alliteration) كە بە عەرەبی پێی دەوترێ (الجناس الاستهلالي) واتا: دووبارەكردنەوەی پیتێک لە سەرەتای چەند وشەیەک... بۆ نموونە" شنە، شەوبۆ... شەماڵ... هتد. هەڵبەتە بەكارهێنانی ئەم جۆرە زاراوانە هۆی خۆی هەیە.

ئێمە دەتوانین ناو سكی كەروێشكێک هەڵبدڕین و لە هەموو ئەندامەكانی لەشیشی بدوێین و بۆ زەلامێكی دیكەی باس بكەین و بێ ئەوەی یەک زاراوەی نێو دونیای –نەشتەرگەری– بەكاربێنین. لەم حاڵەتەدا دەتوانین كۆمەڵێ ناوی وا دابتاشین كە لای هەموو كەس ڕوون و ئاشكرا بێ... وەكو كیسی هەناسە، كیسی خواردن، بۆڕی خوێن، كەرەستەی بیروهۆش... بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم چەشنە وشانە سەیر و نائاساییین... وا دێنە بەرگوێ كە منداڵانە و عەنتیكە بن، لە هەمان كاتیشدا لەنێو خەڵكیدا نەبۆتە باو بە گەدە بڵێی كیسی یان سندووقی... یان هەگبەی خوادرن، بۆیە دەبێ بگەڕێینەوە سەر ئەو وشانەی كە هەموو خەڵكی پەسندیان دەكا. بەم چەشنە كۆمەڵێ زاراوەی (terms) پەسندكراو بۆ مەبەستی وەسفی تەكنیكی شیعر بەكار بێ: خزمەتێكی زۆرمان دەكا و تەنها لەم ڕێگەیەوە سەرمان لێ ناشێوێ و هەوڵ و وەختیشمان بەفیڕۆ ناڕوا. هەندێ جار كاتێكی زۆرمان بۆ دەگەڕێتەوە... بە تایبەتی كاتێ قوتابییەک زاراوەیەكی ڕەخنەیی بەكار دێنێ، بێ ئەوەی مانای ڕاستەقینەشی بزانێ، بە نیازی ئەوەی مەبەست و ئاكام بپێكێ. دەبێ ئەم زاراوانەش بۆ مەبەستی لە یەكدی تێگەیشتن بەكاربێ، نەک بۆ ئەوە بێ خەڵكی سەرسام بكەین تا پێمان بڵێن – «ئەم ڕەخنەگرە زۆر تێدەگا...!» كەواتە شتێكی چاكە گەر شارەزای چەندەها زاراوەی ڕەخنەیی بین، بەڵام ئەی ئەگەر لە شیعرێكدا

چەند شتێک سەرنجی ڕاکێشایت و بەدڵت بوون... بە ڕادەیەک کە حەز بکەی لێیان بدوێی، وەلێ هیچ زاراوە و ناو و وشەی ڕەخنەگرانە شک نابەیت کە لە تێبینی و سەرنجەکانتا بەکاری بێنیت... گیر مەخۆ و دامەمێنە... زۆر ئاساییە و دەتوانیت بەوپەڕی سانایی ئەو وشانە بەکار بێنیت کە لە فەرهەنگی زمانەوانی خۆتدا هەن... ئەگەرچی زاراوەی گونجاو ئەم ئەرکە ئاسانتر دەکا... بەڵام تۆ ئەگەر ئەوەندە وریا و هەستیار بیت کە تام و لەزەت لە شیعر بکەیت... هەڵبەتە ئەوەندەشت لە دەست دێ وشە و دەربڕینی تایبەت بە خۆت بدۆزیتەوە تا بتوانیت هۆی ئەم تام و لەزەتە شی بکەیتەوە.

هەمیشە شتێک (نهێنییەک) لە شیعردا دەمێنێتەوە کە هەرگیز ناتوانین لێی بدوێین و شیی بکەینەوە، چونکە ئەو نهێنییە بە تەنها لە بوونی شیعرەکەدا نییە... بەڵکو لە «یەکێتی» شیعرەکەدا هەیە، بەواتا لە بەشێکی یان ڕەگەزێکی شیعرەکەدا نییە... بەڵکو لە «یەکێتی» شیعرەکە دایە. ئەگەر هەوڵی ئەوە بدەین و بمانەوێ لەوە تێ بگەین بۆچی شیعرێک تام و لەزەتمان پێ دەبەخشێ، لەم حاڵەتەدا، چار نییە، دەبێ هەموو ڕەگەز و بەشەکانی شیعرەکە لە یەکدی جوێ بکەینەوە و هەڵی وەشێنین... هۆی ئەم هەڵوەشاندنەوەش زۆر ئاشکرایە... هەرچەندە ئێمە دەتوانین هەموو ڕەگەز و لایەنەکان بە یەکەوە و لە یەک ساتدا ببینین، بەڵام ناشتوانین لە یەک کاتدا و دەستبەجێ وەسفی ئەو هەموو لایەن و ڕەگەزانە بکەین، هەروەها ناتوانین لە یەک ساتدا بیر لە دوو ڕستەی ئاڵۆز و تەواو بکەینەوە. دوای ئەوەی هەموو لایەن و ڕەگەزەکانی شیعرێک هەڵدەوەشێنینەوە: ئەو ڕەگەزانەی کە شیعرەکەیان دروست کردووە... لە کۆتاییدا شتێک هەر دەمێنێتەوە... ئەو شتەش (ڕەگەز) جوانیی شیعرەکەیە، یان دەکا لایەنی شێواز – واتا: فۆرمی شیعرەکە، کە دەڵێین: جوانی یان (فۆرم)ی شیعر: مەبەستمان تێکەڵی و بەیەکەوە گونجانی هەموو ڕەگەزە سەرەکییەکانی شیعرەکەیە. با ئاشکرا قسە بکەین... ئێمە



ناتوانین لەم نهێنییە بگەین و ناشتوانین ئەم جوانییە شی بکەینەوە، بۆ نموونە: گەر ئێمە ناو سکی کەروێشکێک هەڵبدڕین و لە دواییدا بمانەوێ ژیانی پێ ببەخشینەوە، دەبێ هەموو ئەندام و پارچەکانی لەشی بخەینەوە شوێنی خۆیان، شیعر، وەک کەروێشک نییە، دوای هەڵوەشاندنەوەش دەکرێ زیندووی بکەینەوە، بەڵام ئەو «یەکێتییە زیندووەی» لە شیعردایە هەرگیزاو هەرگیز، بە شێوەیەکی ڕێک و جوان، نە پێناسە دەکرێ و نە شی دەکرێتەوە.

ئێمە دەتوانین دیاردە و ڕەگەزەکانی فۆرمی شیعرێک شی بکەینەوە و لێی بدوێین و لە هەمان کاتیشدا لە یەکدیان جوێ بکەینەوە، چونکە شێوەی -فۆرم-ی شیعر، هەمیشە، ئاشکرا و لەبەرچاوترە لە شێوازی پەخشان، ئەمەشیان لەبەرئەوەیە کە شیعر بابەتێکی مێژوویی زۆر کۆن و سەرەتاییە، واتا یەکێکە لە بابەتە هەرەکۆنەکانی ئەدەب، سەرباری ئەوەش... لە هەموو بابەتەکانی دیکەش جوانترە. کۆنترین شیعر، وەک ئێمە ئاگامان لێ بێ، لە مەبەست و ناوەڕۆکدا بابەتێکی کۆمەڵایەتی بووە: هەندێ جار شیعر بۆتە دیوان و دەفتەری دابونەریتی هەموو خێڵ و تیرەکە... بۆتە بەیت و بالۆرە، نوشتە و دێوجامە، هەندێ جار وەک بابەتێکی پیرۆزی ئایینی سەیری شیعر کراوە، هەندێ جاریش بۆتە گۆرانییەکی میللی و چیرۆک و سەرگوزشتە و کارەساتی تێ خزاوە، هیچ بۆنە و جەژنێکی ئایینی و بگرە سەماش بەبێ شیعر نەبووە و نەکراوە. بەڵام ئێستا، لەم سەردەمەدا شیعر لایەنێکی زۆر زاتی وەرگرتووە، مەبەستم ئەوەیە بڵێم: شیعر پەیوەندییەکی توندوتۆڵی بە ناخی شاعیرەکەوە هەیە... تەقاندنەوەی هەموو شتە شاراوەکانی ناخی شاعیرە، جاری وا هەیە دەبێ بە دان پیانان، تا ئێستاش شیعر جەماوەرێکی فراوانی خۆی ماوە و ڕۆڵێکی کۆمەڵایەتی و ڕۆحی گەورە دەبینێ. لەبەرئەوەی، شیعر، یەکێکە لە بابەتە هەرەکۆن و سەرەتاییەکان، دەبینین لە هەموو بابەتەکانی دیکە پتر فۆرمێکی بەرجەستەی هەیە. مەبەست لە وشەی -بەرجەستە- ئەوە نییە کە -فۆرم- تەنها لایەنی ماتریالی –

مادی- هەبێ و بەس... چونکە ئەگەر وابێ: فەرهەنگێک لە دیوانە شیعرێک لاپەڕەی زۆرترە و قەوارەشی گەورەترە، بەڵکو مەبەستمان ئەوەیە کە ئێمە دەتوانین لە ڕێگەی هەست و نەستەوە فۆرمی شیعر ببینین، بۆ نموونە: چاو و گوێچکە، لەم بوارەدا، یارمەتییەکی زۆرمان دەدەن. منالانی زۆر بچووکیش تام و لەزەت لەو شتانە دەکەن کە ئیقاع و مۆسیقای هەیە، زۆربەشمان حاڵەتی وای بەسەردا هاتووە کە بە ئیقاع و مۆسیقا و دەنگەکانی شیعرێک سەرسام بووە بێ ئەوەی بە تەواوی لە مانای شیعرەکە گەیشتبێ.

لەنێو جیهانی ڕەخنەدا، هەروەک هەموو بابەتێکی ئەم ژیانە، شتەکان پەیوەندیان بە یەکەوە هەیە، بەڵام بۆ ئەوەی ئەم کتێبە -شیکردنەوەی شیعر- ئاڵۆز نەبێ... هەوڵ دەدەین فۆرمی فیزیائی -مەتریالی- لە فۆرمی فیکری و ڕوحی و -ذهنی- جیا بکەینەوە. فۆرمی فیزیائی ئەو ڕووەیە کە لەسەر لاپەڕەکان دەبینرێ، لەوەش گرنگتر: دەنگی شیعرەکەیە. ئەمەشیان دوو جۆری هەیە: یەکەمیان- دەنگ و سەدای شیعرەکەیە لەو کاتەی یەکێک بۆمانی دەخوێنێتەوە، دووەمیان ئەو دەنگەیە کە لەناو مێشکی خۆماندا دەخوێنینەوە. شێوەش زۆر شت دەگرێتەوە... لەوانە: مۆسیقا و ئیقاع، سەروا و کێش، بەرزونزمی ئیقاعی شیعرەکە، چەندەها جۆری جیاواز لە دەنگ و سەدا و زرنگانەوە و دووبارە کردنەوە. شێوەی فیکری -ذهنی- ناوەڕۆک دەگرێتەوە، جگە لەوەش ئەوەندەی مەسەلەکە پەیوەندی بە ئەدەبەوە هەیە بناغەی زمان و ڕێزمانیش دەگرێتەوە، زنجیرەیەکی مەنتقی شتەکان، بە یەکەوە لکان و گونجانی هەست و ختوورە و وێنە و بیرۆکەکانی شاعیرەکە، جگە لە فیکرەیەکی زاڵ و سەرەکی، بەمەرجێ فیکرەکەش پابەند و تێکەڵ بە هەست و سۆزی شاعیرەکە بێ، ئەم هەموو ڕەگەز و شتانە یەکدی دەگرن و دەتوێنەوە تا هێزێکی لە بن نەهاتوو بە شیعرێکی چاک ببەخشن و لەوێوەش کار دەکاتە سەر هەست و نەستی هەموومان و ئەو جوانییەش کە لە شیعرەکە دایە سەرتاپای خەیاڵمان داگیر دەکا.



# ئەو جیهانەی کتێب بونیاتی دەنێ

**نووسینی: دەبلیو. ئێچ. ئۆدن**

بۆ نووسینی کتێبان هیچ کۆتاییەک نییە، «ئێمە کە بەردەوام کتێبێکی زۆر دەخوێنینەوە، لە سۆنگەی ئەوەوە هاتووە کە خەڵکێکی زۆر ناناسین». چەند ساڵێک لەمەوبەر ئیلیەت-ی شاعیر قسەیەکی وای کرد. ئەم بەیانییە کە لە خەو هەستام؛ بەخۆم وت «ئەو قسەیە ڕاستە». بەڵام من چۆن توانیم بڕوا بەو قسانە بکەم؟ ئاسانە... من چووم کتێبی ئەو کەسانەم کڕی کە قسەی وا دەکەن، دەستم کرد بە خوێندنەوەیان. هەن کە دژی خوێندنەوە قسە دەکەن، بەڵام ناخوات... چونکە بۆ ئەوەش دەبێ مەنتق و قسەی بەجێ و ئەزموونی خۆت هەبێ، دەبێ بزانیت بۆچی خۆشیت لە خوێندنەوە دێ، یان بۆچی ڕەتی دەکەیتەوە.

ئەوانەی کە دژ بە کتێبان دەوەستن لە دوو ئاستدا قسە دەکەن. یەکەمیان: ڕوانینێکی سایکۆلۆژیانەیە و بڕوای وایە کە «ئەدەب» چونکە ڕەگ و ڕیشەی دەگەڕێتەوە سەر خەیاڵ (جا چ شیعر بێ و چ چیرۆک) پتر خۆی لە زیندەخەوندا غەرق دەکات، ئەو کەسانەشی کە شەیدای ئەدەبن، بۆیان زۆر زەحمەت دەبێ خۆ لەگەڵ داواکانی واقیعدا بگونجێنن. خۆ لەوانەیە ئەم بۆچوونە یەک تۆزقاڵ ڕاستی تیا بێ، بەڵام تۆزقاڵێک و بەس. گریمان ئەو قسەیە سەد دەر سەد وابێ، ئایا ئەوەیان چی دەگەیەنێ؟ لە وەڵامی ئەوەدا دەڵێین کە مرۆڤ خۆی حەزی لەو خۆ غەرقکردنەیە دەنێو خەو و خەیاڵ و زیندەخەوندا، هەتا گەر ئەوە خاڵی لاوازی بێ لە مرۆڤدا، دەبێ بە ڕاستییەک و خۆهەڵخەڵەتاندن دادمان نادات. ئەو کاتەی کە دەبێ وەڵامی نامەی هاوڕێکانم بدەمەوە، ناچار دەبم کە چیرۆکی پۆلیسی بخوێنمەوە، ئەگەر چیرۆکەکان لەگەڵ خۆیان نەبردم، ناچار دەبم کە بە دوای فیلێکی دیکەدا بگەڕێم.

دووەمین بۆچوون کە دەکرێ حیسابی بۆ بکرێ بڕوای وایە کە زمانی کەسانی خوێندەوار پڕ لە حیکمەت و هەستی بەرز و مەنتق کە دەکا ئەو شتانەی لە دوتوێی کتێبەکاندا دەنووسرێن، لە زۆر حاڵەتدا ئەو زمانە دەکرێ نزمتر و دابەزیوتر بێ لەو زمانەی کە کەسانی نەخوێندەوار پێی دەدوێن - با بپرسین لە ڕۆمانێکی «دی. ئێچ. لۆرانس»دا چەندە ژیانی تیایە؟ هەندێک بڕوایان وایە کە ئەو ئەزموونەی لەناو کتێبان دەست دەکەوێ، ئەزموونی ڕاستەقینە نییە، بەڵکو دەکرێ بڵێین ئەزموونی (دەستی دووەم)ە کە بە بەراورد لەگەڵ ئەزموونی ژیاندا کورتی دێنێ، ژیانێک کە بێ کتێبە، مرۆڤ وەک زیندەوەر نەخوڵقاوە کە خۆڕسکانە بۆ ژیان ئامادە کرابێ، بەڵکو زۆربەی شتەکان لە دەستی دووەمەوە بۆ دێ، لە خەڵکی دیکەوە. گەر بێت و بە ئەزموونی ڕاستەوخۆی خۆمانەوە پابەست بین، بەو شتانەی کە پێیان دەوترێ (یەکەم دەست)؛ ئەوەیان جگە لە ئەزموونێکی (حسیانە) هەستەوەرانە هیچی دیکە نییە. گەر وابێ دەبێ لەنێو دارستانەکان بژین و سەرلەنوێ لەسەر گژوگیا بلەوەڕێین. گەر بڕوا بەوە بێنین کە کەسێکی خوێندەوار پایەی لە کەسێکی نەخوێندەوار نزمتر بێ سەبارەت بەو مەسەلەیەی کە زووتر درکاندمان، کەواتە دەبێ بڵێین جۆری ئەو ئەزموونەی کە کەسێکی خوێندەوار لە کتێبان دەستی دەکەوێ زۆر نزمتر بێ لەو شتەی کە جووتیارێک دەستی دەکەوێ ئەو کاتەی لەگەڵ باوکی یان دراوسێیەکاندا مامەڵە دەکات. چارەسەر لەوەدا نییە کەسانێک لە کتێب خوێندنەوە بتۆرێنین، بەڵکو جوانی لەوەدایە خەڵکی بەوە ڕابهێنین کە تا پێیان دەکرێ کتێبی باشتر بخوێننەوە.

قسەکردن لەسەر نەخوێندەواری سەرمان لێ دەشێوێنێ گەر بێت و لەگەڵ خوێندەواری و نیشانە و هۆکار و ئاکامەکانی بەراوردی بکەین. دەردی ڕاستەقینەی ئەم شارستانیەتەی لەمرۆکەدا هەیە کە تەقینەوەیەکی تەکنۆلۆژی گەورەی بەخۆیەوە دیوە ئەوەیە کە تا بێ دیوارێکی ئەستوورتر هەڵدەچنێ، دیوارێک لە نێوان قەوارە و دۆخی ئەو ڕێکخستنە



کۆمەڵایەتییەی کە داوای بەرهەمی زۆر و هەرزان دەکا، لەولاوەش کۆمەڵگایەکی ساغ لە بواری ڕامیاری و سایکۆلۆژی. ئەو کاتەی «ئەرستۆ» وتی کۆمەڵگایەک کە شیاوی نەشونوما بێ؛ دەبێ هەر یەک لە تاکەکانی ئەو کۆمەڵە بتوانێ دراوسێیەکانی خۆی بناسێ و لە یەکدیان جیا بکاتەوە، ئەو کاتەی کە «ئەفلاتون» وتی ژمارەی دانیشتووانی کۆمەڵگەی نموونەیی (٥٠٤٠) کەسە: ئەوان، هەردووکیان، دەیانویست بە ئاکامێکی دروست بگەن لە بونیاتنانی جۆرێک لە مرۆڤ کە لە ڕووی ڕامیاری و ڕۆحیشەوە مرۆڤێکی تەندروست بێ، کە دیارە مێژوو بە درێژایی قۆناغە جیاکان هەوڵێکی لەو جۆرەی داوە و جەختی لەسەر کردووە... وەدیهێنانی ئەو دۆخە خەونی زۆربەی فەیلەسووفەکان بووە. دە کەواتە چۆن بتوانین کێشە و گرفتی کەلوپەلی زۆر و هەرزان لە بەرامبەر کۆمەڵگایەکی شارستانیدا چارەسەر بکەین؟ کەم کەس هەیە بوێرێ بڵێ «من دەتوانم و دەیزانم.» تەنها ڕاستییەک کە من بیزانم ئەوەیە کە بە لابردنی کتێبەکان هیچ گرفتێک چارەسەر ناکرێ.

گریمان ئەو کۆمەڵگایەی ئێمە وەک هەنووکەی وایە، بەڵام هەرچی نووسین و تۆمار هەیە لێی دەرکراوە، بابڵێین کۆمەڵگایەکی پیشەسازمان هەیە بێ چاپەمەنی، بێ تایپ ڕایتەر، بێ مەکینەکانی کۆپی کردن و لەبەرشۆرینەوە. لەم حاڵەتەدا دوو شتی بەرچاو بەرەو پێشەوە دەچن، ئەوانیش (یادەوەری - ذاکرە)و (نووسین بە دەست)ن. لەم حاڵەتەدا دەبێ هەر لە زوویێکەوە، واتا لە سەرەتای تەمەنەوە، وامان ڕابهێنن کە هەر بە دڵ شت ڕەوان بکەین، هەموو ئەو شێوازانە فێر ببین کە وامان لێ دەکەن ئاسان شتەکان ئەزبەر بکەین، دیارە هەر کەسێک خەتی ناخۆش بێ و نەخوێندرێتەوە، ڕەنگە زۆر بە زەحمەت نانی دەست بکەوێ. هەموو ئەو ئیشوکارانەی کە پێویستیان بە پسپۆری و شارەزایی دەبێ، وایان لێ دێ بە تەنها بۆ ئەو کەسانە تەرخان بکرێن کە تەواو کارامە و لێهاتوون، لەوانەشە وای لێ بێ کە بە میرات دەستاودەست بکەن. ئەوساش

پێویستی هەبوونی زانیارییەکی زۆر لە مێشکدا بۆ هەر کارێک، یان گەیشتن بەو هەموو دەستنووسە دەگمەن و گرانبەهایانە وا دەکەن کە بازنەی کارکردن زۆر بەرتەسک بێتەوە و ئومێدی بە پسپۆر بوون لەهەر بوارێکدا نزیک بێتەوە لە مەحاڵ، لێرەشدا ئەو ئولفەت و نزیکبوونەوە زۆرەی کە لەنێوان مامۆستا و قوتابیدا دروست دەبێ، بە حوکمی گواستنەوەی زانیاری هەر بە زار (ئۆرەل)، وا لەو پەیوەندییە دەکا کە زۆر درێژ بخایەنێ و نزیکییەکی وای لێ بکەوێتەوە کە لە پەیوەندی (فێرکەر/ فێرخواز) ببێ بە جۆرێک لە پەیوەندی خێزانداری .

تەلەفزیۆن و ڕادیۆ و سینەما کە کۆمەڵێ بابەتی فێرکردن و لەزەت بەخشین؛ مەرج نییە هەر لە سەرەتاوە ڕۆڵیان نەمێنێ و کاریگەری نێگەتیڤیان لەسەر بێ. بەڵام بۆ ماوەیەکی دوور و درێژتر، هەمان ئەو نیشانانە دەردەکەون کە زووتر باسمان کرد، لەوانەیە لە دوا ئاکامدا کاستێک لە حەکایەتخوانی پیشەکار و لێزان بێنە مەیدانێ، بەڵام بەتەقلیدێکی زۆر وشک و برینگ و کۆنەخواز. گەر لە ڕوانگەی ڕامیارییەوە بڕوانین، پێکهاتەی دەوڵەت هەرچۆنێک بێ، لە ڕووی تیورییەوە، بەڵام گەر بێینە سەر گۆڕەپانی واقیعی و پراکتیکی؛ ئەوە بێ گومانین لەوەی کە کۆمەڵە کەسانێکی کۆنەپارێز حوکممان دەکەن کە دەکرێ دەستەیەکی داخراو بن و حوکمڕانییەکی «ئۆلیگارکی» بەڕێوە ببەن. لە ڕاستیشدا، هەر دکتاتۆرێک خەون بەوەوە دەبینێ کە لە جیهانێکدا بژی کە هەموو ئامرازەکانی خۆشی و بەزم و لەزەت و بگرە هەموو شێوازەکانی ئاڕاستەکردنی خەڵک و عەوام ئەوەندە بەرتەسک بکرێنەوە کە جگە لە (سکرین – شاشە) و (بلّندگۆ) هیچی تیا نەمێنێ. سینەما پێویستی بە ئامێری زۆرتر هەیە، پێوستی بە پارە و بە کات و بە شوێن هەیە (چ بۆ بەرهەم هێنان و چ بۆ پیشاندان)، هیچ پیاوێکی ڕەوانبێژ ناتوانێت لەسەر جادەیەک بوەستێ و قسە بکات و سەرنجی خەڵکی بەلای خۆیدا ڕابکێشێ گەر زووتر ئاگاداری پۆلیسی نەکردبێتەوە، بەڵام کتێبەکان نامیلکەکان و



گۆڤارەکان تا ڕادەیەک هەرزانن و ئاسانتر دەست دەکەون، ئاسانتر هەڵدەگیرێن، ئاسانیش دەشاردرێنەوە. لە کۆمەڵگایەکی پیشەسازیدا گەر جوولەی چاپەمەنی نەبوو، واتا هیچ دەستە و تاقمێکی هۆشمەند و خوێندەوارت نییە... ئەمەشیان بەڵگە نەویستە.

کەواتە خۆش بە حاڵمان کە چاپەمەنییەکی زۆر لە گەڕدایە، کتێبێکی بێ شومارمان لەبەر دەستدا هەیە، سوپاس بۆ ئەو دەزگایانەی چاپەمەنی و بڵاوکردنەوە کە چەندین کتێبی بەلاشمان بۆ دەنێرن، من یەکێکم لەوانەی کە لە ژوورەکەی خۆمدا لەسەر یەکدی کەڵەکەیان دەکەم کە سەبارەت بە زۆربەیان هیچ سەرنج و ڕایەکم نییە؛ چونکە هەرگیز ناتوانم بیانخوێنمەوە، وەک هەندێ کتێب کە قەت نیازم نییە بیانخوێنمەوە... بۆ نموونە «کالیڤالا» و «شیکاری خەمۆکی – ئانەتۆمی میلانخۆلیا» یان ڕۆمانی «پامێلا». بیرکردنەوە لەو هەزارەها کتێبەی کە ساڵانە دەردەچن دەمترسێنێ، بەڵام پێویستیش ناکات بیری لێ بکەمەوە، ئەمەیان جوانترین شتە سەبارەت بە (وشەی نووسراو)؛ قسە ناکات تا تۆ خۆت وەئاگای نەهێنی و نەیدوێنی. (بیر لەوە بکەنەوە کە ژیان چەندە ترسناک دەبێ گەر بێت و بارِ و مەیخانەکان لە ڕووی هونەری و ئەدەبییەوە بەژووری فۆتۆگراف و هۆڵی مۆسیقا بەراورد بکرێن).

لە ڕووی تیورییەوە ڕەنگە من وا هەست بکەم کە کتێبێکی زۆر لەبەر دەستمدا هەن، بەڵام لە ڕاستیشدا، لەوانەیە، گلەیی بکەم و بڵێم ئەوەندە زۆر نین و بەپێی پێویستی من نین، بەتایبەتی ئەو کاتەی بمەوێ کۆی بەرهەمەکانی نووسەرێکم دەست بکەوێ کە خۆشم دەوێ، ئەوسا هەست دەکەم کە نیوەی بەرهەمەکانی نەماون و زەحمەتە دەستم بکەوێ، یان ئەو کاتەی دەمەوێ کتێبێکی تایبەت بە نووسەرێکم دەست بکەوێ تا بیکەم بە دیاری هاوڕێیەکی خۆشەویستم. هەڵبەت زۆربەی ئەو کتێبانەی کە من دەیانخوێنمەوە شتگەلێکی مامناوەندین یان ئەوەتا زۆر بێزارکەرن، بەڵام ژیان وەک «هێنری جەیمز» دەڵێ– خۆشبەختانە، بۆ ئێمەمانان، گەر کات

بەفیرۆدانیش بێ؛ ئەوە جوان و مەزنانە بەفیڕۆی دەدەین، بەڵام خۆ جار ناجارێک دەستمان بەو شتانە ڕادەگات کە پڕن لە خۆشی و ورووژان و هەڵچوون کە دەکرێ قەرەبووی ئەو کات بەفیڕۆدانەمان بۆ بداتەوە، ئەو کتێبانەی کە وامان لێ دەکەن ساتانی بێزاریمان لەبیر بچێتەوە.

دواجار، زۆر دڵگەرمانە دەڵێین، خۆش بە حاڵمان کە (کتێب) توانیویەتی جێی (ئاخافتن) بگرێتەوە و ببێ بە ئالتەرناتیڤ. خەڵکی دەتوانن هەرچییەکیان هەیە سەبارەت بە قازانج و زیانی کتێب بیڵێن، سەبارەت بە پڕ خوێنی و بێ خوێنی کتێبان، دەتوانن زێدەڕۆیی تیا بکەن، دەتوانن سەبارەت بەئاستی نزمیان یان ئەو کاولکارییەی کتێب دەیکا، بەڵام هەموو ئەو تۆمەت و تاوانانە و بگرە لەوەش زیاتر و کوشندەتر، بە دەیەها قات خەراپتر دەکرێ بخرێنە سەر زمانی مرۆڤ، ئەو زمانەی بەلەسە دەبێ و هیچ شتێک ناتوانێت بیبەستێتەوە، وەک هەر ئەندامێکی بێ گوێ و کەللەشەق کاری خۆی دەکات. هەرچییەکی کە دەرهەق بەگەنجان دەوترێ؛ دەکرێ ملی هەموومان بگرێتەوە: «ئێمە، خۆمان، چەندە مەزن وەدەردەکەوین گەر گوێمان لە قسەی خۆمان نەبێ.»

ئێمە بەختەوەرین کە (٩٩٪) ئەو قسانەی خۆمان دەستبەجێ بیر دەچێتەوە، گەر وا نەبووایە؛ دەبوو خۆمان بە پشیلە و سەگەکان بەراورد بکردایە، لەگەڵ ئەواندا هاوتوخم بووینایە، ئەوەی من بیری لێ دەکەمەوە پێشنیارێکی هیچە، بەڵام دەکرێ هەر خانەخوێیەک خۆی پێ تاقی بکاتەوە. پێشنیارەکەشم دەڵێ: یەک بەند کاغەز بکڕە و لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە قەڵەم، پاشان کۆکتێلێکی (ئاهەنگێکی) شێتانە بسازێنە و هاوڕێکانت بانگهێشت بکە، لەنێو ئەم هەرا و بەزمەدا لە هەمووان کاستر و گێلتر کە لە هیچ نازانێ و مەبەستی نییە یەکێک لە میوانەکان بخاتە تەڵەوە، گەر هات و پرسیارێکی لەم بابەتەی لێ کرد و قەڵەم و کاغەزی خستە بەردەستی... پرسیارەکەش بلێ- «ئەرێ سەبارەت بە شیعری هاوچەرخ بیروڕات چۆنە؟» ئەوسا دەبینی چ شێت بوونێک شێت دەبێ و چ



کارەساتێک دەقەومێنێ گەر هاتە پای ئەوەی قەڵەم و کاغەز بەکاربێنێ.

**پەراوێز:**

دەبلیو. ئێچ. ئۆدن: لە سییەکانی سەدەی بیستەمدا «ئۆدن» هێشتا شاعیرێکی لاو بوو کە لەگەڵ کۆمەڵێک لە شاعیرانی دیکەی وەک (ستیڤن سپیدەر، سی. دەی. لویس، لویس ماکنیس گروپێکیان دامەزراند و ناویان لێ نا گروپی «ئۆکسفۆرد». ئەم کۆمەڵە شاعیرە زیندەگی و ڕۆناهی و خوێن و شێوازی تازەیان لەگەڵ خۆیاندا هاورد، بەوەش شیعری ئینگلیزی نوێ بۆوە. لە پای هەوڵی شیعرییانەی خۆیدا توانی لە ساڵی (١٩٣٧) دا و لە تەمەنی سیی ساڵیدا مەدالیای ئاڵتوونی پادشا لەلایەن (جۆرج-ی شەشەم)ەوە وەربگرێ. دواجار باری کرد و چووە ئەمریکا، لەوێدا وەک شاعیر و ڕەخنەگر ناوی دەرکرد. لەسەر کتێبی [سەردەمی دڵەڕاوکێ]دا و لە ساڵی (١٩٤٨)دا پاداشتی -پولیتزەر-ی وەرگرت.

**سەرچاوە:**

High llights of Modern Literature,
Edited by: Francis Brown

A mentor Book

چاپی یەکەم ١٩٥٤

# له ستایشی گوتاری هەجوودا

**نووسینی: چارلز سیمیک**

هیچ پۆلیسێکی هاوچەرخی فیکر نییە ئەو قسەیە دووبارە نەکاتەوە – «هەرچییەکی کە پێی دەوترێ تایبەتییە دیوێکی سیاسی تیایە و هیچ (من)ێکی سەربەخۆش لە ئارادا نییە، هەتا گەر هەشبێ... ئەوە دەبێ بێ گومان بین کە ئەو (من)ە لە بەرژەوەندی (کۆ)دا کار ناکات. لە هەموو شوێنێکدا دەبێ بە دوژمن... بە نیازی ڕازیکردنی دوا تیۆرە سەبارەت بە چاککردن و هێنانە سەر ڕێی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی... بەڵی دەبێ بە دوژمنی هەر کەسێک کە بڕوای بەوە نەبێ لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە (من)ەکەی پابەندە و دەکرێ کۆنترۆڵ بکرێ. لە ئەکادیمیای درۆکاندا کە دڵگەرمی تازە تێکەڵە بە ڕق، لەو شوێنەی کە بە تەنها مناڵان و شێتەکان توانای ئەوەیان هەیە حەقیقەت بدرکێنن... ئا لەو جۆرە حاڵەتەدا هەر مرۆڤێک پێ لەسەر (تاکڕەوی – فەردانیەت) دابگرێ، بە قەولی (گۆبلز) –وەزیری ڕۆشنبیری هیتلەر– دەبێ لە قوژبنێکی ژوورێکدا بوەستێ و ڕووی لە دیوارەکە بێ.

«ئۆرثۆدۆکسییەت»، بیرکردنەوەی دەستە جەمعی، هەرچییەکی کە پێ دەوترێ چاکە و فەزیلەت، بەپێی ڕاسپاردە دەبنە بەهاکانی هەر ئاین و پڕۆژەیەکی کۆمەڵایەتی «یوتۆپی». تاکە گرفتێک کە بیریارانی ئەو جۆرە ڕژێمانە ڕووبەڕووی دەبنەوە: پرسیارە، ئاخۆ چۆن بتوانین ڕەوتی ئاسایی مرۆڤ پڕ بکەین لە ورووژان و دڵگەرمی. لە ڕاستیدا ئایدیۆلۆژەکان لە نەتەوە پەرستییەوە بیگرە بۆ ڕەگەزپەرستی هیچ پەیوەندییەکیان بە فیکرەوە نییە: ئەم چەمکانە حەشارگەن بۆ قەشە و ئاخوندەکانی سەرلەنوێ زیندووبوونەوە؛ ئەوانەی هەلێک لەبەردەم دادپەروەرەکان خۆش دەکەن تاوەکو خۆیان هەست بە باڵادەستی و سەرکەوتن بکەن. ئەوەی کە تازەیە و دووبارە دەبێتەوە لەهەر کۆبوونەوەیەکی چاکەکاران ئەوەیە کە دەڵێ– «ئێمە



دەتوانین تا سەر بەختەوەرییەکی ئەبەدی بپارێزین، دەتوانین وا بکەین ئاسوودەگی و ئاشتی بەرکەماڵ بێ بەو مەرجەی قوربانی تاکە کەس بدەین.»

ئەزموونی خۆم لەناو مێژوودا فێری کردم کە لە بەرامبەر هەر ڕاگەیاندنێکی کۆگەلیدا وت و وریا بم. هەتا بۆ ڕەخنەگرانی ئەدەبیش؛ من دەکەومە گومان ئەو کاتەی بە گشتگیری قسە لەسەر شت و دیاردەکان دەکەن. هەڵبەتە هونەرمەند و شاعیرانی لاو هەن کە یەکدی دەبینن و کار لە یەکتریش دەکەن، سەر بە هەمان ڕۆحی سەردەمی خۆیانن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا: ئاخۆ هیچ ئەدەبێکی ئەوتۆ لە گۆڕێدا هەیە کە بەهای هەبێ و بە هاوکاری گروپێک و کۆمەڵە کەسانێک نووسرابێ؟ ئایا هیچ هونەرمەندێکی ڕاستەقینە هەیە لەهەر ئان و سەردەمێکدا خۆی بە تەنها بەشێک لە بزاڤێک (قوتابخانەیەک) زانیبێ؟ ئاخۆ هیچ کەسێک هەیە کە بە ڕاستی بانگەشەی ئەوە بکات و بڵێ: من هەڵگری پەیامی پاش مودێرنەم؟ بام ئەو وشەیە هەر مانایەکی هەبێ. من لە هەموو جۆرە سیستەم و خانەکارییەک بێزارم. هوشیاری ئیستاتیکی بەمن دەڵێ: ئەم ژنە شاعیرە ڕەسەنە، چونکە ناتوانیت لەژێر هیچ مارکەیەکدا پۆلبەندی بکەی. ئەو تاکڕەوییەی کە ئامادە نییە سووکایەتی بە ژیان بکا و لێی کەم بکاتەوە، دەبێ لە هەمان کاتدا بە مەزن و پیرۆز ڕاییگرێ و بەرگری لێ بکات. بۆ وەستانیش بە ڕووی کەسانی زمان درێژ، گەر پێوستی کرد مرۆڤ بگەڕێتەوە ناو فەرهەنگی جنێوەکان... با هەبێ...!

شاگەشکە بوونی یەکەمم کە هەرگیز لەبیر ناکرێ، یەکەم خۆشی کە زمان پێی بەخشیم ئەوە بوو کە توانیم «وشە ناشیرین و پیسەکان» بدۆزمەوە. لەوە دەچێ تەمەنم سێ چوار ساڵان بووبێ کە بۆ یەکەم جار گوێم لەو قسە ناشیرینانە بووبێ. ئەو کاتەی فێری وتنەوەی ئەو وشانە بووم و بە دەنگێکی بەرز دووبارەم کردەوە بۆ ئەوەی سەرنجی خەڵک ڕابکێشم، لەو کاتەدا بوو کە دایکم شەپازللەیەکی پێداکێشام و پێی وتم کە وشەی وا دووبارە نەکەمەوە. دە باشە... من وای بۆ چووم کە دەکرێ هەندێ وشەی

بەنرخ و پڕ بەها هەبن کە ناکرێ مرۆڤ بە دەنگی بەرز بیانڵێ. ئەوەیان بە تەواوی ڕاست نییە. من پوورێکی پیرم هەبوو، بەم شێوەیە قسەی دەکرد، هەرکاتێک زاری لێک بکردایەتەوە کەسی نەدەپاراست، هەمووجار دایکم لێی دەپاڕایەوە و پێی دەوت– «کە دێی لەبەردەمی منالّەکاندا ئاواهی قسە مەکە» ئەویش گوێی لەو تکایە نەدەگرت. بوونی کەسێکی وا بەم زمانە ناشیرینەوە لە وڵاتێکی کۆمۆنیستیدا بارێکی تەواو قورس بوو. دایکم پێی دەوت– «لە سەرینی ئێوەوە هەر هەموومان دەچینە بەندیخانە.» هەندێ جار لە ژیانتا ساتەوەختی وا دێ کە حەز لەوە بکەیت بە دەم جنێوێکی ڕاستەقینەوە هاوار بکەیت، ئەو ساتەیە کە هەستێکی قووڵ داماندەگرێ بەوەی دادوەرییەکی ڕەها بە پێویست بزانین و هەر لە سۆنگەی ئەوەوە بە پیسترین زمانی شیاو دەردی دڵی خۆمان هەڵبڕێژین، گاڵتە بەشتەکان بکەین، جنێو بدەین، دار و بەرد داشۆرین و زۆر توند دابەزین. لە سەردەمانێکی زووتردا «ڕۆبرت برتۆن» لە (شیکاری خەمۆکی)دا نووسیویەتی– «نامەوێ کەس ڕێی ئەوەم لێ بگرێ کە هەڵەی وا نەکەم.» من لەگەڵ ئەو قسەیەدام.

ئەگەر شتێک هەبێ کە بمەوێ فراوانتری بکەم و بیگەیەنم بە کەماڵ: ئەوە گەنجینەیەکە یان با بڵێم توێشووبەرەیەکە لە نەفرەت.

ئەوەی ئێستا دەیڵێم لە مێژووی سەدەی بیستەمەوە فێری بووم: تەنها فیکر و بیر و بۆچوونی گێلەکان سەرلەنوێ بەکاردێنەوە. خەونی هەندێک لە چاکخوازەکانی کۆمەڵایەتی ئەوەیە ببنە سەرچاوەی جێبەجێکردنی سزای سەپاندنی زیندانیکردنێکی ڕۆشنگەرانە... سزایەک ڕۆح ساغ بکاتەوە، هەموو کەسێکی بێ تام کە بەخۆیەوە دەنازێ، هەموو کەسێکی شەڕانگێز و بەدڕەوشت و دۆڕاو لە عیشق و سێکسیدا نییە کە خەون بەوەوە نەبینێ کە ئەو (نوشوستییە سێکسییەی خۆی بکا بە یاسا). قات و جلەکانی «ماو»: ئەمڕۆکە یەک ملیار کەس لەوانەی ئەم جۆرە جلانە لەبەر دەکەن و تووتی ئاسا ئەو شتە دەڵێنەوە کە لە (کتێبە سوورە)کەدا نووسراوە؛ هەر



ئەو خەڵکە ئەمڕۆکە ئەو ئومێدە پەنهانە بۆ خەون بینانی نوێ پێک دەهێنن.

مرۆڤ هەر کاتێ هەستی بەوە کرد کە زۆربەی ئەو شتانەی کە دەیانبینێ و دەیانبیستێ خزمەتی یەک بیرۆکە دەکەن: ئەویش ڕێزگرتنە لە فڕوفێڵ و بەندوباو... هەر وەختێک یەکێک لە ئێمە دەرکی بەم حەقیقەتە کرد: ڕووبەڕووی دەیەها گرفت و کۆسپ دەبێتەوە. پوورە پیرەکەی من، بۆ نموونە، بە ماوەیەکی درێژ بەر لە ڕۆشنبیرە (پاریس)یەکان هەستی بەوە کرد کە یەکێتی سۆڤیەت و ئەوانەی کە پێیان دەوترێ دیموقراتییە میللییەکان، لە سەرەوە تا بنی پێ، جگە لە درۆ و قسەی پڕوپووچ هیچی دیکە نین. پوورم لەو جۆرە ژنانە بوو کە لە پشت دەمامک و ڕووپۆشەوە حەقیقەتی شتەکانی دەبینی، بەڵام بە هەموو کلۆجەکان ئەو ژنە هیچ بیرۆکەیەکی پیرۆزی سەبارەت بە مرۆڤایەتی نەبووە. ئەوە لەبەرئەوەش نەبوو کە ژنێکی دەم بەگلەیی و سکاڵا بێ، یان بە حوکمێکی پێشین فریوی خواردبێ... حوکمێک لەسەر ئەوەی بڕوای بە هەبوونی «کولانەی مارەکان» هەبێ. بەڵکو تەواو بەپێچەوانەوە بوو. ئەم تێر بە دڵی خۆی دەیخوارد و دەیخواردەوە و پێدەکەنی و هەندێ جار بە دزییەوە خیانەتی لە مێردە پیرەکەی دەکرد... لەگەڵ پیاوی دیکە دەچووە ناو کادینەکان.

بەڵام تا بڵێی ژنێکی سەرپاک و دیدە ڕۆشن بوو، دوور لە شپرزەیی و شێواوی. هەر کەسێکی بدیایە پێی دەوت کە ئەم ڕژێمە شۆڕشگێڕەی خۆمان زماندرێژی و نەبوونی ئایدیۆلۆژیا بەتاوانی سیاسی لە قەڵەم دەدا، ئەو کەسە نەگبەتانەی کە دەیانگرێ لەسەر بیروباوەڕی جیا، بە ئەندامی نەخۆشی کۆمەڵگایان دەزانێ، پیاوانی ئەو ڕژێمە، بە «مارشال تیتۆ»وە بیگرە... جگە لە زبڵ و زار هیچی دیکە نین. پوورم کە ئەو هەموو خەڵکە گێل و وڕەی لە دەوروبەری خۆیەوە دەبینی؛ شێت و هار دەبوو... دەتەقیەوە. ڕای وا بوو کە خەڵکانێکی ترسنۆک و مێشک سست دەوریان داوە. کە گوێی لە ڕادیۆ دەبوو، یان ڕۆژنامەکانی بەرچاودەکەوت... وەک شێت هەڵدەچوو و هاواری دەکرد... بە ڕووی دایکم و نەنکمدا

دەیقریشکاند– «ئەریّ ئێوە نارشێنەوە کە گوێتان لەم قسانە دەبێ؟»

خۆ هەتا گەر دایکم و نەنکم پێیان بوتبایە : وایە... ڕاست دەکەی، هەتا گەر قسەکەیان بسەلماندایە، ئەوە پوورم هەر دڵی ئاوی نەدەخواردەوە، ئەو دەیوت: ئەو کۆمۆنیستانە جگە لە کۆمەڵێک جووتیاری نەخوێندەوار و پیاوکوژ و دەرویشی «ستالین» هیچی دیکە نین... بەڵکو لەوەش خەراپترن. ئەم سەبارەت بە مرۆڤ، وەک توخم، هەمیشە نیگەران بوو... لە دڵەڕاوکێ دابوو. بەڵێ مرۆڤ لە کۆنەوە هەروا بووە. سووکی و گێلی و ملهوڕی و شێتی هەمیشە هەر هەبوون. هەردوو دەستی لێکدی گیر دەکرد و سەرسام و ئەبڵەق دەیخستە سەر سەری، جار لەدوای جار هەمان شتی دووبارە دەکردەوە، وەک ئەوەی لەوە ئیفلیجتر بێ کە هیچی پێ بکرێ. سەبارەت بە حاڵەتی ئەو وەک ئەوە وابوو کە نەخۆشی (ئەلیرگی) هەبێ و چاکبوونەوەی بۆ نەبێ، (ئەلیرگیا) لەمەڕ هەر شتێکی پیس و هەڵەدا. بەڵام ئەمەیان وای لێ نەدەکرد کەیفی بە ژیان نەیەت، بەڵکو ئەم شێوازی خۆی هەبوو لە دەرکردنی ڕۆحە شەڕانگێزەکان، ئەوەش مەسەلەیەک بوو؛ وای لێ دەکرد کە بە درێژایی ڕۆژ کار بکات. ئەم لەزەتێکی شاهانەی لەوەدا دەبینی کە داروبەرد بە نەفرەت بکات، وا هەست دەکەم بێ ئەوەی بە خۆی بزانێ خۆشی لەو تانە و تەشەرانەی خۆی دەبینی، دیارە بۆ منیش هەروا بوو؛ منێک کە لە پشت دەرگاکانەوە گوێم دەگرت و بێ شەرمانە پێدەکەنیم.

لە کتێبێکدا لەژێر ناوی «دژوارییەکانی توخم»دا –جودیث لوربیر– بەدارشتنێکی ژنانە قسە لەسەر ئەو دەبەنگییە ئەبەدییە دەکات: «لە جیهانێکدا کە یەکسانییەکی تەواو بەرکەماڵە؛ دەبێ هەمان ژمارە لە کچان و کوران ئامادە بکەین و ڕایان بهێنین بۆ زانستە سروشتی و ئینسانییەکان، بۆ ڕاهێنان لەسەر کاری فیکری و دەستی لە بواری هەموو پیشەکاندا. لەنێو ئەوانەی کە خاوەنی هەمان پلەوپایەی زانستین، لە ژن و لە پیاو، دەبێ بە نۆرە لە هەمان کار و پیشەدا خۆیان تاقی بکەنەوە، یان وابێ کە پیاوان لەو شوێنانە دامەزرێن کە بۆ ژنان تەرخان کراوە، ژنانیش



با لەو کارانەدا خۆیان تاقی بکەنەوە کە تەرخانە بۆ پیاوان، بۆ ئەوەی نیوەی شوێنەکانی کارکردن بە پیاوان پڕبکرێنەوە، نیوەکەی دیکەشی لەلایەن ژنانەوە پڕ بکرێنەوە.

لەوە دەچێ ئەم بۆچوونە زۆر جوان بێ، بەڵام ئاخۆ مەسەلەکە لەگەڵ پۆلیسەکان و یاساوڵەکانی بەندیخانەکان و سیخوڕەکان چۆن بێ کە دیارە پێویستن بۆ ڕاپەراندنی گەلێ کاری جۆراوجۆر؟ باشە ئەوانیش بەپێی ئەو یەکسانییەی نێوان نێر و مێدا، کە بە توندی پێی لەسەر داگیراوە، دابەشی سەر خانەکان و پۆستەکان دەکرێن؟ هیوادارین کە وابێ. بەڵام بیرتان نەچێ... کە ئێمە لێرەدا قسەمان لەسەر تاک نەکردووە، کە ئەوەیان مەسەلەیەکە کە هەموو ئەوانەی خۆ بە خوداناس و پیرۆز دادەنێن، خۆ بە پێغەمبەرانی خۆشنوودی سەرتاسەری دادەنێن: خۆیان بە خودانی ئەم بانگەشەیە دادەنێن. ئێمە چۆن خۆمان لەو دڕندانە بپارێزین کە کۆمەڵگە بەسەر دوو بەرەدا دابەش دەکەن: بەرەیەک کە سوودمەندن و بەرەیەکیش کە هیچ سوودێکیان نییە؟ هاونیشتمانی نموونەیی لەلای ئەوانە کۆیلەیەکە کە بەردەوام ئامادەیە خۆبەخش بێ، ئەوان دەیانەوێ ئەمریکا ببێتە قوتابخانەیەک بۆ فەزیلەت، کە دەبێ وردەکارانە بە دوای هەموو ئاماژەیەکی سیاسیدا بگەڕێین لەناو هۆنراوەیەکدا گەرچی باسی لە خۆرئاوا بوون کردبێ.

کوڕێکم دەناسی کە تەمەنی تەنها سیازدە ساڵ بوو، نامەیەکی نووسی کە تیایدا هێرشی کردبووە سەر سەرۆک (جۆنسن) لە سۆنگەی کە لە جەنگی (ڤێتنام) دەست هەڵناگرێ. وای لەو نامەیە...! وتبووی: سەرۆکمان گێلە و پیاوکوژە، ئەو خۆی شایەستەی ئەوەیە بە ناپاڵم دایگریتەوە... بەڵکو هەقە لەوەش خەراپتری پێ بکرێ. ئێوارەیەکیان... کوڕە لەگەڵ دایک و خوشکەکەی لەسەر مێزی نانخواردندا لە مووبەقەکەدا دانیشتبوو، سەرگەرمی شۆربا خواردن بوون، کتوپڕ دەرگا و ئەو پەنجەرانەش کرانەوە کە دەچوونەوە سەر قالدرمەی حەدیقەکە، چەند پیاوێکی دەمانچە بەدەست چوار دەوری مێزەکەیان گرت.

ڕایانگەیاند کە ئەوان لە ئۆفیسی لێکۆڵینەوەی فیدراڵی (F. B. I)ەوە هاتوون، هاتوون بزانن ئەو کەسە کێیە کە ناوی «ئەنتۆنی بالمیرۆ»یە. هەردوو ئافرەتەکە پەنجەیان بۆ کوڕێژگەیەک درێژ کرد کە چاویلکەیەکی جام ئەستووری چاوکزی لەچاودا بوو... بە نیگایەکی زیوینییەوە لە چەک بەدەستەکان ڕامابوو. هەردوو ئافرەتەکە زۆر ماندوو بوون تا وا لە پیاوەکان بکەن دڵنیابن لەوەی کە نووسەری نامەکە ئەو مێرد منداڵەیە. ئەوان وایان پێشبینی دەکرد کە خاوەنی نامە کۆمۆنستێکی کەتەی پیاوکوژ بێ، قژێکی درێژی بەردابێتەوە و عەمبارێک چەک و تەقەمەنی هەبێ. (ئەم چیرۆکەم لە خوشکی کوڕەکە بیست).

ڕۆژێکیان گوێم لە پیرەژنێک بوو کە لە ئۆفیسی یارمەتییە کۆمەڵایەتییەکان هاواری دەکرد: «چیتان لێم دەوێ؟ خوێنم؟» بۆ ماوەی پێنج چرکەی دیکە پیرەژن داروبەرد و هەموو خەڵکی نەفرەت باران کرد، لەبەرئەوە نەبوو کە چاوەڕێی ئەوە بێ شتێکی دەست بکەوێ کە ئەو ناهەقییە بسڕێتەوە کە لەگەڵیدا کراوە، بەڵکو تەنها بۆ ئەوەی بوو کە هەست بکات کە هێشتا ئادەمییەکی ساغ و سەلیمە، پاک و تەمیزە... هەتا گەر ئەو هەستە ماوەیەکی کورتیش بخایەنێ.

**پەراوێز:**

- چارلز سیمیک لە (بەلگراد) -یۆغۆسلاڤیا- و لە ساڵی (١٩٣٨)دا لە دایک بووە. خەیاڵی ئەم بە یادەوەرییەکانی جەنگی ناو ئاوروپا پڕ ببوو. لە (١٩٤٩)دا بە خاو و خێزانەوە گەیشتنە ئەمریکا، لە پاش خزمەتی لە سوپادا چووە زانکۆی نیویۆرک و تەواوی کرد. لە ساڵی (١٩٧٤)ەوە لە زانکۆی (نیو هامبشایەر) ئەدەبی ئینگلیزی دەڵێتەوە. لە ماوەی سی ساڵدا یازدە کۆمەڵە شیعری بڵاوکردەوە، لە (١٩٩٠)دا پاداشتی (پۆلتیزەر)ی وەرگرت، کە دیارە ئەوەیان گەورەترین پاداشتی ئەدەبییە لە ئەمریکا، ئەم لەسەر کۆمەڵە پەخشانە شیعرێک وەری گرت.
- فازڵ عەزاوی: ئەم بابەتەی کردووە بە عەرەبی -لە گۆڤاری -عیون- ژمارە -٤-دا بڵاوبۆتەوە -لاپەڕە (٥٦-٦١).



# لەمەڕ شاعیران و قاندڕەکانیان[١]

نووسینی: بێن ئۆکری[٢]

## یەکەم

ئەو جیهانەی کە دەبێ شاعیر تیایدا بژی مەرج نییە کە شیعر ئامێز بێ. ئەو جیهانە، هەر جیهانێک بێ وا بە ئاسانی نایەتە بەردەستی شاعیر، بەڵکو هەمیشە سرکە و خۆی نادا بەدەستەوە. تەنها لە ڕێی ڕاوکردن و سەرلەنوێ داڕشتنەوە و پشکنیندا ئەو جیهانە سرکەی کە خۆی نادا بەدەستەوە ماڵی دەبێ و دەکرێ وای لێ بێ بگۆڕێ بە بابەتێک پڕ لە خوازە و ڕۆحی ستران و شیعر.

کەواتە جێی سەرسامی نییە گەر بڵێین شاعیرەکان هاتوونەتە دونیا تا ڕووبەڕووی ئەو جیهانە بوەستنەوە. شاعیر پێویستی بەوە هەیە کە شەوان بێدار بێ، ئەو وەختەی هەموو دونیا نووستووە. پێویستی بەوە هەیە لە هەموو شوێنە دوورەپەرێز و لاتەریک و زۆر سەیرەکاندا بژی، لەو کاتە «تاو» بڕوای بەوەیە کە دەبێ بسڕەوێ، پێویستی بەوە هەیە کە لەو شوێنانەدا ئامادە بێ کە جاڵجاڵۆکەکان بە نهێنی و بێ دەنگ تەونی خۆیان ڕایەڵ دەکەن، دوور بڕوا و تا دەگاتە شوێنە پەنهانەکان... پێی ئاسایی بێ دەنێو چڵپاودا بژی... بگاتە نێو هەموو ئەو درز و چینانەی کە لەوێدا خەونەکانمان جێگیرن و دەلەوەڕێن. شاعیرەکان پێویستیان بەوە هەیە کە

(١) قاندڕ: واتا دوژمن یان ملۆزم... کە ئینگلیزییەکەی دەکا (Antagonist)

(٢) بێن ئۆکری: نووسەرێکی نایجیریایە و لە -لەندەن- نیشتەجێیە. چوار کتێبی بڵاوکردوونەتەوە کە دووانیان کۆمەڵە چیرۆکن لەژێر ناوی «ڕووداوەکانی تەک ئەو مەزارە» و ئەستێرەکانی سەر لە ئێوارەیەکی نوێ». بێن ئۆکری چەندین خەڵاتی وەرگرتووە؛ لەوانەش خەڵاتی «ئاغا خان» لە گۆڤاری پاریس کە تایبەتە بە ئەدەبی چیرۆک و ڕۆمان، کۆمەڵە شیعرێکی لە ساڵی (١٩٩١)دا بە چاپ گەیاند و لە هەمان ساڵدا ڕۆمانی «ڕێگای برسیەتی» بڵاوکردەوە.

لەو شوێنانەدا بژین کە خەڵکی دیکە ڕووی تێ ناکەن و نایبینن، خۆ گەرەکە واش بکەن، چونکە گەر وا نەکەن چۆن دەتوانن پەی بەو هەموو نهێنییانەی ئێمە ببەن، چۆن دەتوانن ئەو هەموو هەرێمە تازەیە لە ژیان و بوونی ئێمەدا بدۆزنەوە، چۆن لە سترانەکانیان جێمان دەکەنەوە؟

شاعیرەکان پێویستیان بەوە هەیە کە خاوەنی چەندین کارەکتەر بن، بەواتا مەرجە کەسایەتییەکی ڕەنگاوڕەنگیان هەبێ، لە واقیعدا چەندین حاڵەتی جیا هەن، وەک چۆن لە ئاهەنگی دەمامکبازەکاندا چەندین دەمامک هەن، بۆ شاعیر مەرجە هەر هەموو ڕووخسارەکانی پشت دەمامکەکان بناسێتەوە، تاوەکو بتوانێ هەر هەموو ڕەهەندەکانی ئەو ژینەمان پێ ئاشنا بکات کە بە زەحمەت خەیاڵیش زەفەری پێ دەبات، تۆماری هەموو ساتەوەختە ناخۆشەکانی... هەموو ئەفسوون و سەمایەکی خواهانە... هەر هەموو گۆشە پەنهانەکانی.

هەموو ڕووداوە زۆرەکانی هەر ڕۆژە بە ئاراستەیەکدا دەڕوات. گەرەکە شاعیر بە ئاراستەی جیاواز و پێچەوانەدا بڕوات - خۆ هەندێ جار دەقاودەق ڕووبەڕوو دەجووڵێ، هەندێ جاریش بەحاڵ تەماس لەگەڵ مەودا ئینسانییەکاندا دەکا و هەندێ جاریش زۆر بە قووڵی، لەوە دەچێ ئەو وەختەی شاعیر لە بەرامبەر جیهاندا ڕووبەڕوو دەوەستێ، بۆ ئەوەیە تا بەردەوام پێمان بسەلمێنێ کە ئەو جیهانە سنووردارەی ئێمە جگە لە درۆیەک هیچی دیکە نییە: درۆی سنووربەندی دونیاکەمان، بە دیوی ئەودا وا دەکا بڕوا بەوە بێنین کە ئەو مەملەکەتی ئێمەی تیا دەژین تا ئەوپەڕی فراوانە و بێ سنوورە.

شاعیر وا دەکات زەوی ببێ بە دایک، ئاسمانیش دەبێ بە سێبەر و سایە، خۆریش دەکا بە خوداوەندێکی پڕ نهێنی و نادیار. شاعیر هەموو کەسە «پراگماتیست»ەکان سەغڵەت دەکا، ئەو کەسانەی کە بەدەرئەنجامەکان بەهای فەلسەفە و بیر هەڵدەسەنگێنن، شاعیر دژ بەوانەیە کە دونیا لەژێر یەک ناو و یەک ڕەنگ و شێوەدا دەبینن. ئەوانەی دەبنە



ملۆزم و قاندڕی شاعیرەکان ئەوانەن کە نایانەوێ واقیع لە دۆخی سروشتی و کرانەوەی خۆیدا ببینن. ئەوانەن کە ناتوانن لەوە تێ بگەن واقیعیەتی هەر تاکە کەسێک لەگەڵ واقیعیەتی کەسێکی دیکەدا جیاوازە. یاساکان ناتوانن ئیدراک و هەستکردنمان بەشتەکان بخەنە چوارچێوە و بەندیان بکەن. بە قەد ژمارەی جۆری ژیان: دونیای جیاواز هەن. مەسەلە بە تەنها ئەوە نییە کە کەسە بێ خەیاڵەکان گرفتار بن: چونکە ئەوەیان بۆچوونێکی هەڵەیە؛ ئێمە هەر هەموومان بێ خەیاڵ نین، بەڵام زۆرکەس لە ئێمە ناتوانن ئەو خەیاڵە بخەنە گەڕ، کەممان هەن کەڵک لەو خەیاڵە ببینن. گرفتەکە ئەوەیە کە زۆرکەس هەن لەو هێزی خەیاڵە دەترسن کە سنووری نییە و هیچ کۆت و بەندێکی نییە، گرفتی هەندێ لەوانە ترسیانە لەو کەسانەی کە دەتوانن بەردەوام بانەزنەی ئەگەرەکان و شتە شیاوەکان بەرفراوانتر بکەن، ئەوانەی بێ وەستان و بێ پسانەوە دەتوانن سەرلەنوێ لە خەونەکانیان دونیا دروست بکەنەوە، سەرلەنوێبوون بەرهەم بێننەوە، ئەو کەسانەمان بۆ بێننەوە کە لەسەر ڕۆخی هەڵدێر دانیشتوون... ئەوانەی بزرن و لە هیچ تۆمارێکدا ناویان نییە. دوژمنانی شاعیرەکان ئەو کەسانەن کە بیرکردنەوەیەکی ئایین پەروەرانە و ڕاستەقینەیان نییە - لەم قسەیەشدا مەبەستمان جۆرە ئایینێکی دامەزراو و دەزگایی نییە. تاوەکو ڕۆحێکی ئایین پەروەر و ڕاستەقینەت هەبێ گەرەکە خاوەن هەستێکی وا کوشندە بیت کە لە ترس و تۆقین بگەیت، لە هەست و سۆز و بەزەیی... لەوەی کە خاوەن خەیاڵێکی دەوڵەمەند بیت، بڕواشت بەوە هەبێ کە لە (سێ ڕەهەند) زیاتر هەیە. ئایین لەو شوێنەدا ڕۆحمان داگیردەکا کە دەکرێ خەیاڵ بە شتە زۆر پیرۆز و خواهانە و ئاسمانییەکان تێکەڵ بێ. شیعریش لەو شوێنەدا تەماسمان پێوە دەکات کە تیایدا ئایین لە هەرچی شتێکی ئادەمیانە هەیە جوێ نابێتەوە. لەوە ناچێ لەنێو بەهەشتدا شیعر هەبێ، دیارە کە ناکرێ دەنێو دۆزەخیشدا شیعر هەبێ. شیعر تەنها لە بوارێکدا، لە دونیایەکدا، لەسەر ئەستێرەیەکدا دەخولقێ کە (بەهەشت و دۆزەخ) بەیەکەوە لێک بدرێن و بونیاتێکی ئادەمیزادانەی لێ بسازێ، بونیاتێک

که بۆنی خاک و مرۆڤی لێ بێ... دەکرێ تەنها لەم شوێنەدا شیعر شیاو بێ.

دەکرێ بڵێین شاعیر کە لە بەرامبەر دونیادا دەوەستێتەوە؛ هی ئەوەیە کە ناتوانێ بەوە ڕازی بێ کە هەیە. «ئیلیاس کانێتی» لە شوێنێکدا نووسیویەتی – «هەر بیرۆکەیەکی درەوشاوەی شاعیر، هەر خەیاڵێکی خۆش و پەنهان، هەر ئاماژە و هێمایەکی شاعیر دەبێ چی بن جگە لە سەرکێشییە لەبیرکراوەکانی یەزدان» شاعیرەکان ئەو یاسا دانەرانە نین کە هیچ کەس دانیان پیا نەنێ، کە هیچ کەس لە دونیادا حیسابیان بۆ نەکات، ئەوان لەو کەسانە نین کە لەسەر دیواری بەردین و تاقەکان و سەکۆکان یاساکان بنووسنەوە، ئەوان قسەش بۆ یەزدان ناکەن. ئەوان قسە بۆ ئێمە دەکەن.

دواجاریش دەکرێ بڵێین ئەو (داهێنان)ە کە قسە بۆ شاعیرەکان دەکا، ئەوانیش گوێ دەگرن، ئەوان سەرلەنوێ دونیا لە وشەدا هەڵدەشێلن و دروستی دەکەنەوە، سەرلەنوێ لە خەونەکاندا بونیاتی دەنێنەوە ئەو یاسا و دەستوورانەی کە دەکرێ بە تەنها لە دەمی بزر و نهێنی خوداوەندەکانەوە بێنە دەرێ، بە درێژایی ژیان و بوون و سروشت ئەو یاسایانە بە گوێی ئەواندا دەدرێ، بەگوێی هەموو ئەو نوێنەرە دیار و نادیارانەی شاعیرەکان. زریان و باووبۆران قسە بۆ شاعیرەکان دەکەن، برووسکەکان هەناسەیان بەسەردا هەڵدەکێشن. بۆ هەمیشە ئازاری مرۆڤایەتی ئەوان لێ دەخورێ. ئەوە گوڵەکانن کەوا دەکەن قەڵەمی شاعیرەکان جوانی بنووسنەوە، وشەکان بۆ خۆیان شاعیرەکان دەدوێنن، ئەوەش وا دەکا ئەوان پتر وشە ببارێنن. دیسانەوە شاعیرە کە ویژدانمان مەزنتر و ناسکتر دەکا و وەئاگای دێنێ. شاعیر بە خەم و دەرد و مەینەتییەکانی ئێمە دەتلێتەوە و تێکەڵیان دەکاتەوە بە هەموو تلانەوە و ئازارە لەبیرکراوەکانی منداڵیی. ئێمە لە زاری شاعیرەکانەوە سەرلەنوێ گوێمان لە هەموو تاسە و ئارەزووە کوشندەکانی ژیانمان دەبێتەوە.



ئەوانەی کە یاسا و دەستوور بۆ دونیا دادەمەزرێنن؛ ئەو دونیایە وەکو خۆی قەبووڵ دەکەن. ئەوانە ڕقیان لە نهێنی و لەغز و هەموو شتێکی پەنهانە، چونکە نهێنی و لەغز نابنە شفرە و وەک یاسا تۆمار ناکرێن، شتە زۆر سەیر و سەمەرە و سیحراوییەکان ناکرێن بە یاسا، هەربۆیە دامەزراندنی یاسا سنووری هەر هەموو شتەکان وەکو خۆیان دەپارێزن. سیاسەتبازەکان، سەرۆکی دەوڵەتەکان، سەربازەکان، دەوڵەمەندەکان، هەر هەموو پیاوە بەهێز و دەستەڵاتدارەکان، پادشاکان، قەشەکان و پیاوە ئایینپەروەرەکان – ئەوانە هەر هەموو وا زەن دەکەن کە پادشاکانی سەر ئەو مەملەکەتانەی سەر زەوین. ئەوانە لەمەڕ حەقیقەت و شتە ڕاستەقینەکان دەدوێن، لەمەڕ مەسەلە ڕامیارییەکان، سەرژمێری و ئامارەکان، پرۆگرامەکان، لەمەڕ مۆڕاڵی (ئەخلاقی) زۆر کوشندە و ئەبستراکت. بەڵام هەیهوو... خەونی خەڵکی زۆر لەوان دوورە، خەونی خەڵکی ئەم زاتانە دەترسێنێ. ئەو کەسانە دەنێو دونیای حەقیقەتدا ون دەبن و دەتۆقێن، ئەوانە لە ڕاستییەکانی ژیانەوە دوورن. ئەوە تەنها ئەو کەسانەن کە بەر بە ڕوانینی شاعیر دەگرن، ڕوانینی بۆ ڕاستی و حەقیقەت و واقیع. ئەوە ئەوانن کە داوا دەکەن و دەبنە هۆی ئەوەی کە شیعر ببێ بە مەیدانێک کە شەق لە هەموو جوانی و مەنتقێک هەڵبدا ئەو وەختەی نایانەوێ ڕووبەڕووی تراژیدیاکان بوەستنەوە، ئەوان هەندێ لەو کۆلکە شاعیرانە بەکرێ دەگرن کە بە مەرامەکانی ئەوان شیعر بهۆننەوە، قسەی هەڵەق و مەلەقی پێ دەنووسنەوە بەو بیانووەی کە ئەوەی بۆ شاعیر دەشێ بۆ خەڵکی دیکە ناڕەوایە، ئەوە ئەوانن کە داوا دەکەن شیعر (پارتیزان) بێ، شیعر لایەنگیر بێ، هەڵبەت لایەنگیری ئەوان بێ، ببێ بە بارگیری مەرام و مەسەلەکان، مەرامەکانی ئەوان... مەسەلەکانی ئەوان، جا ئەوان هەرچی کەسێک بن.

ژیانی ئێمە بەڕادەیەکی یەکجار زۆر بەرتەسک بۆتەوە وەک ئەوەی کە هەیە و هەستی پێ دەکەین، خەونەکانی ئێمە ئا لەوپەڕی هەوڵ و تەقەللادایە کە ڕووبەری ئەم ژیانە بەرتەسکە فروانتر بکات، هەر خەونە وامان لێ

دەکا بەردەوام شتی تازە و پەنهان بدۆزینەوە، ئەو هەستە زۆرخۆشە ویژدانی وەئاگا هاتوومان پتر ئاسوودە بکات، بۆ دۆزینەوەی شتە سەیر و پەنهانەکانیش کۆڵێ دڵخۆش دەبین، چونکە ئەو شتانە دەکەونە دەرەوەی توانای بینینمان. ئێمە نابێ شاعیرەکانمان ناچار بکەین کە زیاتر ئەو جیهانەی هەمانە سنوور بەندی بکات، چونکە ئەوەیان تاوانێکە دژ بە خودی ژیان خۆی. خۆ گەر شاعیر بە تەنها قسە لەسەر شتە داخراو و بەرتەسکەکانی نێو ژیان بکات، لەسەر ئەو شتانەی کە بێ هەوڵ و ماندووبوون دەتوانین تێیان بگەین، هەرسیان بکەین و بیانناسینەوە، گەر لەمەڕ ئەو شتانە قسە بکات کە پێیان سەغڵەت نابین، لێیان ناترسین، ئەو شتانەی نامان ورووژێنن، تووڕەمان ناکەن، هانمان نادەن، یان ئەوەتا پتر تووشی دڵەڕاوکێمان ناکەن، یان پتر بۆ یەکسانی هاوار بکەین و بگرین، پتر بە دوای خەیاڵ و بیرۆکەی کوژراودا بگەڕێین و بیاندۆزینەوە، ئەو بیر و خەیاڵە جوانانەی کە لە سەردەمی جحێڵێمان کوژران و لە کیسمان دان، گەر شاعیر بە تەنها خۆی لە گۆشە داخراوەکاندا بەند بکات و ستران بچڕێ، بە زمانێکی داخراو و لە قاڵب دراو بنووسێ، وشە و دەستەواژەی وشک و برینگ بەکار بێنێ... کەواتە گەر وا بکات دەبێ ئێمە چ هیوایەکمان هەبێ... جا چ لەسەر ئەم ئەستێرە بژین و چ لەسەر ئەستێرەیەکی دیکە... دەبێ چاوەڕێی چ خۆشنوودییەک بین؟

گەر کەسانێک هەبن بەم دونیایە ڕازی بن، وا کەمتەرخەم و بێ باک بن، دەکرێ بڵێین چ بە ڕۆح و چ بە لەش زۆر بێ خێر و ترسنۆکن. ئێمە لە هەموو کردەیەکی مەزن و پاڵەوانبازانە دەترسین. ئێمە زەندەقمان لە جیهانێک چووە کە بتوانێ سەرلەنوێ یەک بگرێتەوە. ئێمە هەترەشمان لە خەرمانی بە بەرەکەتی (بوون) چووە. ئێمە زۆر تەمبەڵ و تەوەزەل لێی دانیشتووین و داوا لە شاعیرەکانمان دەکەین کە ئەگەر بکرێ ئاسۆمان لێ نزیک بخەنەوە، ئەو تاڤگەیەی کە ڕەنگاوڕەنگ دەڕژێ، ئەو کانیاوەی دەتەقێ: پروشەی ئاوەکان بەشێوەیەکی زۆر سەیر دەمانترسێنێ. ئێمە چیتر خۆمان ناناسینەوە و نازانین کێین، بیریشمان چۆتەوە کە لەمەوبەر چی



بووین، لەچ حاڵێکدا بووین لەمیانەی ئەو قۆناغانەی کە تیایدا بۆ ماوەیەکی درێژتر وەئاگا بووین. ئەوە ئەو کەسانەن کە لە واقیع و حەقیقەت دەترسن، لە ڕاستییەکانی خۆیان وەڕسن لەوەی کە هەن، قێز لە بوون و ژیانی خۆیان دەکەنەوە، ئەوانەن کە زەندەقیان لەو دەموچاوە سەیرانە چووە کە هەر دەڵێی دەمامکن، بەڵام ئەو دەموچاوە دەمامکدارانە دەموچاوی خۆیانە کە لە ئاوێنەکانی زەمەندا دەیانبیننەوە، ئەوە ئەوانەن کە دژ بە هەموو شتێک دەوەستنەوە کە شیعر ئامێزە، لە بەرامبەر هەموو شتێکی شاعیرانەدا دەجەنگن. ئەوان بە هەرچی هێزی شاراوەی کە هەیانە بە ڕووی «شیعرییەت» دەوەستنەوە، چونکە گەر وا نەکەن، وزە و هێزی ئەو وشانەی، ئەو ڕاز و قسانەی کە وان لەنێو مێشکیانا دەتەقنەوە و هەموو دەرگاکانی ناوەوەی ڕۆح دەکەنەوە، گەر وا نەکەن چی بکەن، ئاخر هەرچی دڕندەکانی کە وان لە ناخدا و هەر لەوێشدا دەلەوەڕێن، بە بازێک خۆ هەڵدەدەن و دێنە دەرەوە و بەسەر مافووری هەست و ویژداندا ڕادەبوورن و وێرانی دەکەن. ئاخۆ ئەوسا چی پارچە لێک ترازاوەکانی نێو گیان بەیەکەوە دەنووسێنێ و گرێیان دەدا؟ دەبێ ئەوان هەرچی شتێک کە بە ڕۆحی شیعر بارە بیکوژن و لە باری ببەن، یان ئەوەتا بە شێوە شێواوەکەی وەری بگرن، یان لە سادەترین حاڵەتی لاسایی کردنەوەدا هەنگاو بنێن، ئاشکراشە بۆ؟ چونکە ئەوان لە دەمێکەوە هەوڵیان داوە چی کەف و کوڵ و شۆڕشی ژیان هەیە دایمرکێنن، چی ڕەنگی جۆراوجۆر هەیە بمرێنن، هەرچی دووانەی سروشتیی شتەکان هەیە لێکیان بکەن و نەیان هێڵن.

ملۆزمان و دوژمنانی شیعر ناتوانن گرەو ببەنەوە. ڕاستە کە جیهان، لەوە دەچێ، خۆ بەدەستەوە نەدا و نەگیرێ، بەڵام لەناو خۆیدا تا ئەبەد ئەو ئارەزووە هەڵدەگرێ کە خۆ بە بەرگ و ڕەنگێکی دیکە بگۆڕێ و بنوێنێ، ئارەزووی ئەوەی بە شتێکی باڵاتر ببێ و بگۆڕێ. لە دەرەوەڕا و لە ڕووکەشدا وا دەردەکەوێ کە جیهان جڵەوگیر نەبێ و خۆ بەدەستەوە نەدات، بەڵام وەک چەند هێزێکی دیاریکراو لە هەوادا، ڕەنگە چاوەڕێی جۆرێک لە خەیاڵ بکا و بیەوێ ئەو سیحر و ئەفسوونە لەناو خۆیدا ئازاد بکات.

شاعیر بە تەنها خولقێنەر نییە، بەڵکو بوونەوەرێکی کیمیاگەرە. شاعیران بیانەوێ یا نەیانەوێ لە تەک هێز و سیحرە مەزنەکانی ناو ئەم گەردوونەن، لە تەک مەسەلە هەرە مەزنەکاندان، هەمیشە خەون بە داهاتوویەکەوە دەبینن کە پڕاوپڕە لە دادپەروەری و بەها گەورەکان.

مادامەکێ بڕوامان بەوە هەیە کە شاعیرەکان هەمیشە ڕوو لە ئایندەن، مادامەکێ لەو بەرەیەدان کە خەونیان بۆ داهاتوو لەبن نایە، بۆیە دەکرێ بڵێین کە پێویستیان بەوەیە لە بەرامبەردا کۆمەڵێ دوژمن و ملۆزمیان هەبێ. هیندییە سوورەکانی ئەمریکا ئیدیۆمێکی سەیریان هەیە کە تیایدا دەڵێن- «خوا بکەم دوژمنەکەت بەهێز بێ.» هەرچییەک کە خوێنبەرەکانی ژیانمان وشک بکات دوژمنی گەورەی ئێمەیە: ئەوە بۆیە هەتا پێغەمبەرەکانیش بەو دڵگەرمی و جگەرسۆژییەوە، بێ پسانەوە دەنگ هەڵدەبڕن و قسە لەسەر مرۆڤ دەکەن، مرۆڤ ئەو کاتەی خۆی وێران دەکات، هەر بەو مانایە هەموو پێغەمبەرەکان شتێک لە ڕۆحی شاعیرەکانیان تیایە، بەڵام هەموو شاعیرەکان پێغەمبەر نین. گەر شاعیر وەک فیزیاگەرێک، یان وەک زانایەکی سروشت، وەک پزیشکێک، یان وەک فریشتەیەک یان هەتا گەر ئەهریمەن پەرستیش بێ ناکرێ بێز لەو دونیایە بکات کە تیایدا دەژی. شاعیر خۆی بەگەورەتر نابێ لەو دونیایەی تیایدا دەژی، شاعیریش وەک زانایەک وایە، هیچ زانایەک کە دەڕوانێتە بروسک و چیا و ئەستێرەکان، قەت خۆی بە گەورەتر نازانێ، شاعیریش هەروا. بۆ هەر کردە و کارێک هیچ شتێکی نزم و بەرز لە ئارادا نییە، یان گەورە و بچووکی، بەڵکو مانا و بەهاکان دیدمان بۆ شتەکان پێ دەگۆڕێ. خۆشەویستی شاعیر لە چۆنیەتی خەونەکان و کارەکانیدا وەدەردەکەوێ. چەندە قووڵتر هەست بە شتەکان بکات؛ ئەوەندە قووڵتر دەپشکنێ و نهێنییەکانی دەدرکێنێ. چەندە پتر بمانەوێ شتەکانی ئەم دونیایە بەیەکەوە گرێ بدەین، ئەوەندە پتر دەتوانین شوێن هەنگاوەکانی شاعیر بکەوین... ئەو کاتەی کە دەکەوێتە ئاڵوگۆڕە مەحاڵەکان. ئەوان حیساب بۆ هەر کردەیەکی پاڵەوانبازانە دەکەن: بەپێی هوشیاری لەهەر تەمەنێکی جیادا.



ئەوەش ڕاستە کە دەڵێن مەرج نییە شاعیرەکان بە پێش زەمەنی خۆیان کەوتبن. ئەوە تەنها ئێمەین کە کەوتووینەتە دوای زەمەنی خۆمان.

## دووەم

برسیەتی یەکێکە لەو ملۆزمانە، چەندین جۆری برسیەتی. دەکرێ پێناسەی کۆمەڵگا وەک ئەو مەیدانە یان فەزایە وابێ کە هەموو جۆرەکانی برسیەتی ئێمە تیایدا بەیەک دەگەن، وەک ئەوەی کە لە بازاڕێکی گەورە و قەڵەباڵغ و پڕ هەرادا بن. برسیەتی شاعیر برسیەتی ئێمەیە... برسیەتییەک بۆ ژیانێکی فرە بە بەها و دەوڵەمەندتر. هەر هەموومان، هەندێ جار، دەکەوینە ژێر ئەو حاڵەتە کوشندەیە. هەندێ جار وەکو مێگەل مامەڵەمان لەگەڵ دەکرێ، پێ لە پشتی ملمان دەنێن، فێڵمان لێ دەکەن و بە ڕێی وێڵدا دەمانبەن... کە لەوە دەچێ ئەو ڕێگایانە نەچنەوە سەر هیچ مەنزڵگایەک، مەگەر تەنها بچنەوە سەر گۆڕستانەکان. پرسیار ئەوەیە: ئاخۆ ئێمە خۆمان ڕێگاکانمان هەڵبژاردوون؟ یان ڕێگاکان ئێمەیان هەڵبژارد؟ ئێمە لە بری خەڵکی دیکە و بەناوی ئەوانەوە هاتینە سەر ئەم ڕێگایانە یاخود بڕیاری خۆمان بوو؟

ئێمە هەمووومان دەکەوینە ژێر ئەم پرسیارانەوە، بەڵام هەر هەمووشمان دەکەوینە ژێر سیحری ئەو مەیلەی وا دەکات خۆمان بە یەکدییەوە ببەستینەوە، هەر هەموو لە دەوری بانگەشەکەی «دانتی» کۆ دەبینەوە، بانگەشەی خۆشەویستی، ئەو «خۆشەویستییە کە وا دەکات خۆر و ئەستێرەکان لە خولگەکانی خۆیاندا بسووڕێنەوە» (دانتی) وای دەوت. هەندێ ئەو ئەفسوون و خۆشەویستی و گیرۆدە بوونە ئەو وەختە دێ کە ئێمە کەمتر خۆمان بۆ ئامادە کردووە، ئەو وەختەی ئێمە زۆر ڕووتین، خەوتووین، بەبێ دەنگی دێ، درەنگی شەو کە هەموو شتێک خامۆش و مردووە: دێ. دێ وەک سوپا حەقیقییەکانی -ریلکە-ی شاعیر دێ، ئەو سوپایەی گەمارۆی «شارە هێمنەکان» دەدا، ئەو شارانەی دەکەونە «دەرەوەی دیوار و شوورەکان... وەک گوندە دوورە دەستەکان» وەک ئەو

کەسانەش دێن «کە هیچ کەسێک بۆ هەڕەشە نانێرنە نێو ئەو شارانە، یاخود بەڵێنێک بدا، یان ئەوەتا دانوسانیان لەگەڵدا بکات.» بەڵێ... هەندێ جار بەشەو دێ، ئێمەش لە خەو ڕادەبین و ئارەقە دەکەین، ناشزانین بۆچی لە خەو هەڵسایین یان چی ئێمەی وەئاگا هێنا؟ بۆچی لە خەو ڕاچەنین؟ چی بوو ئاواهی شپرزەی کردین و خەوی لێ زڕاندین؟

پەتۆکان لەسەر خۆمان وەلا دەدەین و لەنێو پێخەفەکان دێینە دەرێ. بەنێو ماڵەکاندا دێین و دەچین تا بزانین هەموو شتێک لە شوێنی خۆیەتی. هیچ بووە... هیچ گۆڕاوە. کەچی دەبینین دونیا خامۆشە و خەڵکی لە پرخەی خەودایە... پرخەیەک لەسەرخۆ، پاشان هەوڵ دەدەین بچینەوە نێو پێخەفەکانمان، بەڵام ئەو پرسیارە هەراسانمان دەکا: بۆچی لە خەو وەئاگا هاتین؟ ئاخۆ کەی بوو کە بۆ دواجار ئاواهی و بەبێ هۆیەکی ئاشکرا لە خەو ڕابووین؟ پاشان گەر بەخت یار بێ، هێدی هێدی هەست دەکەین کە لەوە دەچێ شتێکی زۆر پەنهان، بوونەوەرێکی کپ و مەنگ لەنێو ڕۆحی خۆماندایە، لەنێو بوون و ژیانماندایە و دەیەوێ بماندوێنێ، ئەوسا تێ دەگەین کە ئێمە لەبەر هۆیەکی زۆر سەیر و سادە لە خەو ڕابووین: ئەویش ئەوەیە کە خەومان لێ تێکچووە. ترسێکی گەورە، سۆزێکی بێ پایان و تاسەیەکی کوشندە لەنێو ڕۆحی خۆماندا دەخولقان، بەڵام بێ ئەوەی بزانین لە کەیەوە ئەو ترس و سۆز و تاسەیە دەڕسکان. ئێمە نازانین چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو ترس و تۆقینەدا بکەین، ترس و تۆقینێکی داخراو و پەنهان، یان چۆن چۆنی بەر بەپێشبینییەکانی شەڕ بگرین، خۆ لەوانەشە دەرک بەوە بکەین کە لەو چەند ڕۆژە کەمەی دواییدا ئاسمان تاریک و لێڵترە... لێڵترە چونکە ئێمە ڕۆژەکانی خۆمان پڕکردووە لە قرتوپرت و دڵەراوکێ... یان پڕ لە خووی خەراپ و ڕۆح مراندن. وێ دەچێ ڕووخساری مرۆڤ بەردەوام بە دوو ڕەنگی جیا خۆ بنوێنێ، دوو شێوەی دژ بە یەک... ڕووخسار و شێوەی ئەوانەی لەگەڵ ئێمەدان، هی ئەوانەش کە دژ بە ئێمە دەوەستن. دیارە ژمارەی ئەوانەی کە دژن: زۆرترن. لەوە دەچێ ئیدی ئێمە چیتر نەتوانین جیهان وەکو خۆی ببینین. تەواو... چیتر ناتوانین لە شتەکان ڕامێنین، چیتر



چاوی ئەوەمان پێوە نییە لە جوانیی وردبینەوە و پێی سەرسام بین. نا... ئێمە چیتر ناتوانین بە دیقەتەوە سەرنجی شتەکان بدەین، هەر بە ڕاستی بیرمان نایەتەوە کەی بوو کە بۆ دواجار توانیمان گۆشەیەکی تاریک ڕووناک بکەینەوە، پەردە لەسەر شتێکی پەنهان وەلا بدەین و نادیارێک ئاشکرا بکەین. ئەو هەست و ڕوانینە قووڵانە خەو ڕاو دەنێن. هەستێکی سەیر و پەنهان لە ناوەوەڕا داماندەگرێ، هەستێک کە پڕاوپڕە لە شڵەژان و شپرزە بوون و دڵساردی، لە ناوەوە پتر جێ بۆ خۆی داگیردەکا، هەروەک هەست کردن بە گوناە کە کتوپڕ بەرەڵڵا دەبێ، خۆ لە دەست «لەبیرچوونەوە» ئازاد دەکا، بیرچوونەوەیەک کە خۆمان بە هەموو دڵ مەبەستمان بووە ئەو هەستی گوناهکارییەی تیا بکوژین. پاشان وای لێ دێ کە گومان بکەین، گومانی ئەوەی لە شوێنێکدا، بە شێوەیەک لە شێوەکان، لە پێچێکدا ڕێمان هەڵە کردبێ و هەرهەموو سەفەرەکەش ڕێ ون کردن بووبێ، کە لەوانەیە لە زەمانێکی دێرینەوە ئەو گەشتە دوور و درێژە لە پێچەڕێیەکی وێڵدا دەستی پێ کردبێ، هەر لەو کاتەوەی ئێمە دەنێو گەرداوێکی پڕ لە شپرزە بوون و سەرلێ شێوان و بێ سەروبەریدا خۆمان لێ بزر بووبێ. دەکرێ بڵێین وێ دەچێ و زۆر لە گوینە کە ڕووەو ئەو مەنزڵگایەی کە مەبەستمان نییە بۆی بچین ڕێگەیەکی زۆرمان بڕیبێ. هەنووکەش کە شەو داهاتووە و چوار دەورمان پڕە لە خامۆشی و بێ دەنگی گەورە، بەهەر چوار لادا کە دەڕوانین: نە شارەزای ڕێگەکەین و نە مەنزڵگاکەش دەناسینەوە. لە خۆمان دەپرسین: ئاخۆ کەی بوو کە لاڕێ و پێچی هەڵەمان گرتەبەر؟ کە یەکەمجار هاتین، بۆ ئەم سەفەرە، کام ڕێگەمان هەڵبژارد؟ لەپاش بێنە و بەردەیەکی زۆر، لە دوای بیرکردنەوەیەکی قووڵ گومانی ئەوە دەکەین کە ئەو پێچەی شاڕێگەی لێ ون کردین: لاڕێیەک بوو کە هیچ نیشانەیەکی بە سەرەوە نەبوو... هیچ دەلیلێک تا بمانخاتەوە سەر شاڕێگە... ئەو لاڕێ و پێچە هەڵەیەش هی سەردەمانێکی زووتر بوون لە ئێستا... ئەو سەردەمەی کە هێشتا سەرگەرم و لاو بووین، ئەو ڕێیە بوو کە بە دوودڵی و ڕاڕایی و قرتوپرت بەڵێن و خەیاڵ و بیرۆکەی سەیر و پەنهان چەوڕێژ کرابوو، بیرۆکە

و خەیاڵی خۆش بە داهاتوو بێ ئەوەی هیچ کارێکمان بۆ کردبێ، کە تیایدا جیهان بە هەزارەها ڕەنگی جوان و دڵگیر دەدرەوشایەوە، تیایدا شیعر و سترانەکان دڵەکانیان پڕ دەکرد لە تاسە و ئارەزوو، کە تیایدا هەرهەموو هەست و نەستەکانمان زۆر ڕۆشنتر دەبوونەوە.

دەنێو پێخەفەکەتدا ئۆقرە ناگریت و خۆ وەردەگێڕی و کەلەکان دەگۆڕی، هەر دەڵێی پێخەفێکی دڕکاوییە. لەوە سەرسام دەبیت کە چۆن ئەو هەموو ماوەیە لەنێو هەمان پێخەفدا خەوتووی، شەو لەدوای شەو. هەر دەڵێی قەفەزێکی داخراوە. لە خەو ڕادەبیت، بە ژوورەکەتدا دێیت و دەچیت، هیچ شتێک نایە بەدەستەوە. دیوارەکان ڕەق و تەق – لەوە ناچێ هێرشی لەشکری ئەو حەقیقەت و واقیعەی «ریلکە» لێی دەدوا بتوانێ بەبێ دەنگی ئەو دیوارانە ببڕێ و بیبڕمێنێ، بەڵام تۆ بە دووچاوی پڕ لە سەرسامی دارودیواری ماڵەکەت دەپشکنی، کەی بوو کە تۆ لەم ماڵەدا و لەم ژوورەدا نیشتەجێ بووی؟ کەی بوو ئەم ماڵەت بوو بە لوول پێچ؟ کەی بوو بوو بە بەندیخانە؟ ماڵەکە لە نائاسایی دەچێ و بۆنی بێگانەی لێ دێ، هەروەک بڵێی کەسێکی غەریب و نەناس بە پەلە و بۆ ماوەیەکی کورت تیایدا نیشتەجێ بووبێ و چیتر حەزی نەکردبێ بیکا بە ماڵ و خێر لە شتەکانی ببینێ. لەم ساتەوەختەدا کەلوپەل و هەرهەموو شتەکانی ناو ماڵەکەت: وا دەردەکەون کە بە قەرز هێنابێتن. ئەو ماڵە بەم حاڵەوە بە تەواوی بێزار و تووڕەت دەکات. ئا ئەوەی باسمان کرد... بوونی ئەو ماڵە یەکێکە لە پێچەکان و لاڕێگاکان، بەڵێ... ئەو ماڵە، ئەو ژوورە بۆتە یەکێک لە ڕێگاکان. ئیدی تۆ تا بێ ڕووەو هەڵدێرەکان غل دەبیتەوە، ڕووەو دونیایەک لە هەڵوەشان و تێکشکان. لە هەموو شوێنێکدا باڵەخانەی خەونەکانت دادەڕمێن، یان داڕماون، کە خۆت لەناو وێنەکاندا بە سڕی و بێ جووڵە دەبینی، ئا ئەو وێنانە بە جۆرێک لە جۆرەکان گاڵتەت پێ دەکەن.

پاش تاوێک قاوەیەک ساز دەکەی، شتێک لە تۆدا دەگۆڕێ، شتێک پێ دزکە دەکات و لە دڵتا جێگیر دەبێ. پاشان، لە ساتەوەختێکدا، بێ



ئاگاداری ئەو ڕووخسارانەت دێنەوە یاد کە لەو لاڕێ و پێچانەدا ونت کردبوون، ئەو لاڕێ و پێچانەی پیایاندا ڕۆیشتیت تا وەکو ئەوانت لێ نەیەت و بە هەمان ڕێدا نەڕۆی. خەونەکانی سەردەمانێکی زووت بیر دەکەنەوە، لاف و گەزاف و خۆبادانی سەردەمی لاوی، ئەو هەموو کەسانەت بیر دێنەوە کە چیتر نایانبینی. دەپرسیت: هەنووکە ئەو کەسانە وان لە کوێ؟ ژیان بەرەو چ گەرداوێکی بردن؟ دونیا چی لێ کردن؟

لەنێو کورسییەکەتدا دەجووڵێی، کورسییەکە زیکەزیک دەکا. ژیان لەژێر قورسایی تۆدا زیکەزیک دەکا، لەسەرخۆ و هێواش دەستبەرداری تارماییەکان دەبیت. دەتەوێ خۆت وەبیر بێتەوە، خۆت وەبیر بێتەوە لە جوانترین ساتەکانی ژیانتا. وەلێ وێنەکان تەڵخ و لێڵن. کەیف و هەوا و لاف و گەزاف و خۆبادان بە سەرکەوتنەکانتەوە هیچ مانایەک ناگەیەنن ئەو وەختەی دەرک بە پووچی بێ هوودەیی ئەو سەرکەوتنانە دەکەی، یان لە بنەڕەتدا هەموو سەرکەوتنێک ڕێژەییە. کە خۆت دەبینی، هەنووکە، وا دڵڕەقانە دەڕوانیتە ئەوانی دیکە، کتوپڕ بە هەمان هەست و بە شێوەیەکی زۆر پەنهان خۆتت خۆش ناوێ، بگرە ڕقت لەخۆتە. سەیرت لێ دێ کە تۆ چۆن بوویت بەو کەسەی کە هەیت، چۆن بەم حاڵە گەیشتی، هەوڵ دەدەی شتێک لە شکۆمەندی بۆ خودی خۆت بگەڕێنیتەوە. لەژێرەوە و هەر بە چرپە لەگەڵ خۆتدا هەرهەموو سەرکەوتن و دەستکەوتەکانت دووبارە دەکەیتەوە، بەڵام تا ڕادەیەک بە شانازییەوە و بە دزییەوە لەبەرخۆتەوە دەیانلێیتەوە. بەڵام ئەوەیان هەرگیز قرتوپرت و دڵەڕاوکێیەکانت ناکوژێ، ناتهێنێتەوە سەر ڕاستە ڕێگا و ون و بزر لەسەر کوێرە ڕێگاکان دەمێنیتەوە، هەرچییەکی کە تۆ لەبەرخۆتەوە ناویان دەنێیت و بە دەستکەوتیان دەزانی، هەر لەگەڵ ناوهێنانەکە نامێنن. تۆ لە خۆت دەپرسیت: دەبێ چی بکەم تا شتێک لەمندا زۆرتر لە خۆم بژی، کە ئەگەر بکرێ جوانتر بێ هەرچەندە زەمەن دڵڕەقی بنوێنێ، ئەو شتەی کە لەنێو ڕۆحی مندا کپ و خامۆش نیشتەجێیە، ئەو شتەی کە پتر یارمەتیم دەدا پتر بپشکنم و پتر بدۆزمەوە؟ هەرچەندە بیر دەکەیتەوە هیچت بە خەیاڵدا

نایەت، هەناسەیەکی سارد هەڵدەکێشی، شتێک لەنێو ڕۆحتدا نوقم دەبێ و دەخنکێ، شتێکی غەمناک دڵ و دەروونت داگیر دەکا، خەیاڵێکی پووچ داگیرت دەکا، بیرۆکەیەک زۆر بێ هوودە دەڵێ: دەکرێ ژیانت جۆرێکی تر بێ، جیاواز، بەڵام هەرچەندە دەکەیت و دەبەیت: نازانیت چۆن و بە چ شێوەیەک.

وا هەنووکە خەریکە قاوەکەت سارد بێتەوە، بیر لە شتە هەرە پڕوپووچەکان دەکەیتەوە، بەو مێشکەی خۆتەوە حەز ناکەی ڕووبەڕووی ئەو هەموو مانا شاراوانەی ناو ڕاستییەکانی خۆت ببیتەوە، بۆیە دیسانەوە بۆ ئەوەی فێڵ لەخۆت بکەی، جارێکی تر دەکەویتەوە سەر کوێرە ڕێگەیەک و خۆت لە پێچپێچێکدا ون دەکەی، یەکەمین لاڕێ و پێچ، پیایدا دەڕۆیت. بە دەم ڕێوە بیر لە شتی دیکە دەکەیتەوە: باری داراییت، بیر لە شتێک دەکەیتەوە کە دوێنێ یەکێک وتوویەتی، ڕەنگە شتێکی بچووک و هیچ بێ، بەڵام لەوانەیە کەمێک برینداری کردبیت، کەمێک لە شکۆمەندی تۆی دابێ، ڕەنگە لەگەڵ خۆتدا بیر لەوە بکەیتەوە کە بەو قسە و ئاماژە و پلارانە مەبەستیان چی بووبێ؟ دیسانەوە ئۆقرەت لەبەر دەبڕێ و لەنێو کورسییەکەتدا جێ بەخۆت ناگری. دیسانەوە ڕاڕایی و وەڕسیت لێ دەڕژێ. بەدحاڵی بوونت لە خۆت و لە دونیا دەتگەیەنێتە حاڵەتێکی وا ناچیزە کە هیچت بۆ نەمێنێتەوە جگە لەخۆ تاوانبار کردن. ئەوەتا جارێکی تر هەر خۆتی لەبەردەم خۆتدا، تاسە و ئارەزوویەکی کوشندە وەئاگات دێنێ کە ناوی نییە و تێی ناگەی. هەستێک داتدەگرێ کە ئەگەر وا پاک و ڕوون بەڕێگەی خۆیدا بڕوات، لەوانەیە هەموو ژیانت بگۆڕێ: هەنووکە وا بیر دەکەیتەوە کە بێداربوونیش بۆخۆی کەمێک وەڕسکەرە. لەگەڵ خۆتدا دەیلێیتەوە: دەکرێ سەرلەبەیانێکیان مرۆڤ خەیاڵ و ختوورەی وای بە زەیندا بێ. ڕووتبوونەوەیەکی لەو بابەتە، ئەو هەستە کە دەنێو ڕەگ و ڕیشەی شیعردا جێگیر دەبێ، کە لە بنیدا دەمەیی، ئەو ڕووتبوونەوە و هەستەی لەو گۆڕانەوە دێ، لەو پێشبینی و دەرک پێکردنە پڕ لە سەلیقەیە: وا دەکات کە بەهرەی فریودەرانەی ڕۆح ئەوپەڕی هەوڵی خۆی



بدات تا ئاگادارت بکاتەوە، تا هەموو ڕەمز و هێما و ئاماژەکان بخاتە بەردەمت، بەڵام چ کەڵکی هەیە کە دەبینی هەموو ئەوانە پەردەپۆش دەکرێن، دەخنکێندرێن، هەوا و تڕوتۆپێک، لاف و گەزافێک ئەو هەموو هەستە، ئەو هەموو خەیاڵە تاریک دەکات. نووسەری ئەمریکی «سۆل بیلۆو» ڕاستی کرد کە نووسی- «کارێکی خەراپە... بەڵام تەنها ئازار و تلانەوەیە کە دەکرێ ڕۆح لەخەو بێدار بکاتەوە».

تەواو، لەم ئان و ساتەدا، قاوەکەت سارد دەبێتەوە و دەبێ بە دەمی مردوو... هەڵدەستیت تا سۆلەکانت لەپێ بکەی، بەڵام پێیەکانت تێیان گیر نابێ، سەیریان دەکەی، پاشان بە زۆر هەوڵێکی دیکە دەدەی تا سۆلەکان بکەی بەسەر پێتەوە، کوپەکەت هەڵدەگریت و دەیبەیتە مووبەقەکە، دەتەوێ کەمێ ماڵەکەت ڕێک بخەیتەوە، بەڵام ئەم هەستەت لەلا کزە، هەر هەموو گڵۆپەکانی ژوورەکان دادەگیرسێنیت، چیتر شتەکان سەیر و نائاسایی نین، هەموویان دەناسیتەوە، هەرهەموو شتەکان بە تۆ ئاشنان، ئا بەم شێوەیە داتمەزراندوون، هەر بەم شێوەیەش پێکت وەناون، ئا ئەمەیان ژیانی تۆیە، وا هەست دەکەی کە حاڵت لە حاڵی ملیۆنەها کەس چاکترە، کە بە ژووری میواندا ڕادەبووری، ئیقاع و ئەندازەسازی شوێنەکە لەبەرچاو دەگری، بە دەنگێکی بەرز دەڵێی: لەوانەیە پەردەکان بگۆڕم، یان هەندێ ڕایەخی تازە بێنم، ڕەفەی کتێبەکانت بەرچاو دەکەون، لەبەرخۆتەوە دەڵێی: ئەوەیان جارێکی تر. گڵۆپەکان دەکوژێنیتەوە، هەست دەکەی کە لەناو خۆتدا کەمێک ئارامتری، وا هەست دەکەی کە کەمێک لە ماڵی خۆتدا جێگیری، بەڵام نازانی و تێ ناگەی بۆچی وایت.

ڕەنگە ئەوەیان ئەو حاڵەتە بێ کە داگیرت دەکا: حاڵەتی خەون بینین بەوەی کە دەبیت، ئەوە حەقیقەتە کە ئەم هەستە تازەیە بارێکە و دەبێ تۆ لە هەموو شوێنێکدا هەڵیبگریت، هەر نوشوستییەک، هەر شکەستییەک کە دووچاری دەبیت بارێکی دیکەیە، هەر حاڵەتێک کە تیایدا دەژیت بارێکی قورسە وەک قورساییەکی ماددی.

بەڵام کەوتنە ژێر بارێکی دەروونی «ڕەوانی» قورسترە لە کەوتنە ژێر بارێکی فیزیکی یان ماددی، چونکە ئەوەی یەکەم بارێکی قورسە بەسەر ڕۆحتەوە، تارمایی ئەگەرەکان دەورت دەدەن و دەست دەنێنە بینە قاقات، بەوپەڕی نەزانینەوە هێزە شاراوەکانی ڕۆح دەکوژرێن، شتێکی پەنهان دەمرێ، بەڵام گەر تۆ لەژێر ئەوبارە دەرهاتیت، ئەگەر توانیت لە حاڵەتێکی جوانتر و باڵاتر بژیت، ئەوساش بوونەوەرێکی باڵاتر لەنێو خودی تۆدا نیشتەجێ دەبێ، ئەوساش هەڵچوون و داچوونت، موودت «میزاج»ت، گرژی و خاوبوونەوەکانی ڕۆح زیاد دەکەن.

هەمیشە شتێک لە تۆدا کەم دەبێتەوە، کەچی لەولاوە تابێ باری شانت قورستر دەبێ، دەچیتەوە نێو پێخەفەکەت، بەڵام وە نییە یەکسەر بخەویت. هەندێ دەموچاوی غەمگین و خنکاو، هەندێ قسەی لەیاد چوو، هەندێ وەڵامی بە پەلە کە تۆ نەتتوانی لە بەرامبەر تانە و تەشەر و پلاری خەڵکیدا بیدەیتەوە بە ڕوویاندا: هەر هەموو ئەم شتانە بە خەیاڵتا گوزەر دەکەن. لە ڕاستیدا، ئا لەو شەوەدا، تۆ ناتوانیت بە ئارامی بنوویت. ئا لەم ساتەوەختە پڕ لە نهێنییانەدا نکۆڵی لە ڕۆحی شیعر دەکەین و دەیکوژین، هەر بەم شێوەیەش خەونەکانی خۆمان سەردەبڕین. ئەوساش ڕۆحی کوژراوی شیعر هەڵدەگرین و دەیبەینە نێو ژیان و زیندەگی خۆمان، ئەمجارەیان بەوپەڕی ئاگاهی خۆمانەوە تۆڵە لە جیهان دەکەینەوە و ڕقی خۆمانی پێ دەڕێژین. ئا ئاواهی دەبین بە دوژمنانی شیعر: بەوەی کە خۆ بەدوور دەگرین لە هەموو جۆرە ڕووبەڕووبوونەوەیەک لەگەڵ زاتی خۆماندا، بەوەی کە نهێنییەکانمان دەشارینەوە و کەچی پتر لاف و گەزافی پێوە لێ دەدەین. لە ساتانی بێداریمان پتر لە خۆمان دەخۆین... ئا بەم چەشنە دەبین بە ملۆزمی شیعر و شاعیرەکان - دژ دەوەستین، دژی ئەوەی واقیع پتر سیحراوی بێ... دژی ئەوەی جیهان لەوە گەورەتر بێ کە هەیە، هەر بەم شێوەیە تا بۆمان بکرێ ئەو هەستی سەرسامییە بەرامبەر بە دونیا بەرتەسکتر دەکەینەوە. قاندڕ و دوژمنانی شاعیرەکان وان دەنێو ئەو کەسانەی ڕقیان لە ژیان دەبێتەوە، بەڵێ ئەو ملۆزمانە زیندەگی کوژن، ئەو کەسانەن کە «دانتی» لە



دۆزەخدا شوێنێکی تایبەتی داونەتێ، بازنەیەک لە ئاگر.

## سێیەم

شاعیرەکان بەیەک دەنگ گۆرانی بۆ هەموو جیهان دەچڕن، گۆرانی بۆ هەموو ئەو کەسانە دەڵێن کە ئەو خۆراکە دەگمەن و ڕۆحییەیان مەبەستە و دەیخوازن. ئەوان دەچنە پاڵ ئەو کەسانەی دەنگیان ناگات بەدونیا، هاواریان نابیسترێ، دەچنە پاڵ خەڵکی بەش مەینەتان و بێ دەرەتان و لە قوڕ داچەقیوەکانی سەر ئەم ئەستێرەیە، لەوانەیە و لەوانەش نییە، لەوانە نییە: چونکە چی لە شاعیرانی دەربار دەکەی؟ بەڵام پێویستە هەوڵی ئەوە بدەن هاریکارییەکی گەردوونی وەدەست بێنن. پاڵپشتی و یارمەتی کۆزمۆکی، چونکێ ئەوان بەناوی ئێمە دەدوێن و ئەم (لەبری دوانە) یان (لەبری قسەکردنە) گەلێ پێویستە. چونکە ئەوان دەنگی هەق و ویژدانن، ئەوان وەک سەربەستی خۆی سرک و سەیرن. گەر شاعیران بیانەوێ دەتوانن دەنگی ئێمە بن، ئەم خۆ هەڵبژاردن و نوێنەرایەتییەش لە جۆری خۆشەویستی ئەوان بۆ ئێمە خۆ دەنوێنێ، دەتوانن، لە پای ئەوەوە، لەبری ئەوەی ڕاڕایی و دڵەڕاوکێ بیانکوژێ: بەو موحیبەتەی کە هەیانە خۆیان ئاسوودە بکەن، دەتوانن هەرچی وزە و هێزی زیندەگی هەیە لە بەرامبەر ستەم و نایەکسانیدا وەئاگای بێنن، دەتوانن وەک «عیسا» موعجیزە بنوێنن، ئەوەی «پاسکال» ناوی نابوو حیکمەتەکانی مەسیح، حەکایەتە پڕ ڕەمز و هێماکانی: ئەوانەی پڕ بوون لە مانای مۆراڵی، شاعیر دەکرێ خاوەنی هەرهەموویان بێ، دەتوانێ ئەو کەسانەش کوێر بکا کە دەبینن. لەهەر شوێنێکدا ئازار هەبێ، ئەوان دەچن کەمی بکەنەوە، لەهەر کوێ دەرد و دوو هەبێ: ئەوان دەیانەوێ فریا بکەون تا بیپەڕێنن، لەهەر کوێ کارەسات هەبێ: ئەوان فریادڕەسن، ئەوان شۆڕش و ڕاپەڕینەکانیان وەئاگا دێنن و گۆرانیان بۆ دەچڕن، ئەوان خەونان دەچێنن، هیوا و ئومێد دەبەخشن، خەون و هیوا و ئومێد بەسەربەستی. ئینجیل ڕوون و ئاشکرا دەیڵێ «بۆ وەدی هێنانی خەون و بینین خەڵکی «مریدانی» من خۆبەخت

دەکەن». خەڵکی بە تەنها لە برسانا نامرن، نەهاتیی نایانکوژێ، ئەوان بۆیە دەمرن، چونکە چیتر خۆراکی ڕۆحییان دەست ناکەوێ، دەمرن چونکە بەدبین و بەدخەونبین دەبن... دەمرن چونکە دووچاری «ئایدزی» ڕۆح دەبن... سندانی ڕۆح. چونکە لەهەر قوژناغ و سەردەمێکی دیاریکراودا و لەهەر شوێنێکی ئەم دونیایەدا بین: لەنێو خودی ئێمەدا چەندین زات و خودی دیکە هەن کە دەبێ تێر بکرێن، بەڵام ئێمە ئەوەندە شاعیری زۆر و بە توانامان نییە کە ئەو خۆراکە بدەن و ئەو خەڵکە تێر بکەن. «سوقرات» زۆر بە قوولی ئاگای لەوە بووە کە -وتوویەتی- «زۆرن ئەوانەی ئەو بەیداخەیان هەڵکردووە، بەڵام کەمن ئەوانەی کە خاوەن سروش و بەهرەدار بن.» ئەو شاعیرانەی کە دەکرێ زۆر باشتر بن لە باشەکان: ئەوانەن کە وشەکانیان پڕ گڕ و ورشەدارن، وا دەکەن «با»کان هەڵبکەن، هەوای پاکتر هەڵمژین، ئەوانەن کە شەڕی بێ کۆتاییان دژ بە ملۆزمان و قاندڕانی شاعیران ڕاگەیاندووە: جا ئەو ملۆزمانە چ لە ناوەوە بن و چ لە دەرەوە، چ تاک بن و چ بە کۆمەڵ. یەکجار کە من ئەو شاعیرانەی کە بتوانن بە درێژایی ژیان ئەو شەڕە بکەن و گرەوی ئەو ململانێیە بەرنەوە، یان بتوانن دۆزەخ وەکو خۆی ببینن، یان لە شاکارەکانیاندا وەک (هۆمیرۆس) بکەن کە لە «ئۆدیسە»دا کردوویەتی، کە بە زمانی سروشتی ترسناکی (دێلفی)... بەڵام بەڕوونی وتوویەتی- «من گوێم لە سترانەکانی -سایرانەکان-ە».

[سایرانەکان: ئەو کۆمەڵە بوونەوەرە ئەفسانەییییە بوون، لەلای یۆنانییەکان، کە سەریان هی ئافرەت و لەشیان هی مەل بوون، بە سترانەکانیان سیحریان لە دەریاوانەکان دەکرد و ڕووەو مەرگ و خنکان و تەهولکە دەیانبردن – وەرگێڕ.]

دەی شاعیرەکان... هەوڵدەن کە زیت و زیندوو بن، شارەزای بەند و باو و فریو بن، خۆتان فێری هەندێ ئەفسوون و موعجیزە و پەرچوو بکەن، چ لە ژیاندا بێ و چ لە شیعردا هەوڵدە هەموو گۆڕانەکانت لە خۆتدا ببینە و بچنە... هەموو ڕەنگ و دەنگەکان. هەوڵدە بژی، زیندوو بە...خۆت



مەفەوتێنە، خۆت شێت مەکە، لێ مەگەڕێ پێناسەت بکەن، لێ مەگەڕێ کۆت و بەند بخەنە گەردنت، نەهێڵی بێ دەنگیت بکرن، ئەگەر سنووریان بۆ دانای، گەر کۆت و بەندیان خستە دەست و پێت و گەردنت، گەر زیندانیان کردی، هەوڵدە کێویانە... پێغەمبەرانە گۆرانی خۆت بچڕە... بە سیحری سترانەکانت دەتوانی لەو بەندیخانەیە بێیتە دەرێ. دژ بە ملۆزمەکان و قاندڕەکانت بجەنگە، ئەفسانە و تەلیسمەکانیان تێک بشکێنە، گەر دژ بە ئەفسانەکانی تۆش جەنگان: تۆش بجەنگە. ئەو کاتەی دوژمنەکان لە هەموو شوێنێکدا ویرانەیی و کاولکاری جێ دێڵن، تۆ برۆ و ڕووناکییان تیا بچێنە، بەردەوام بچێنە و تۆو بکە، زەمانە خۆی بەروبوومەکان... خێرەکانی درووێنە دەکا. گۆڕانییەکانت بچنە: بەهەرچی چۆنێک کە دەتوانی، دەمێکە «نیتشە» وتوویەتی- «ئەو شتەی کە نامانکوژێ، بەهێزترمان دەکا.» هیچ هۆکارێکی وا لە ئارادا نییە کە بۆچی شاعیر، هەرچەندە خۆی بە شێوەیەکی سروشتی خاوەن زیرەکییەکی سەیر و مەزنە، کەچی ناتوانێ وەک سیاسەتبازێک یان خاوەن بانقێک بژی، ناتوانێ بمێنێتەوە و هەروەک حەز دەکا زیندوو بێ، بۆچی ئەوان بۆیان هەبێ بژین و کەچی شاعیر بۆی نەبێ. ئەی شاعیر قەت مەهێڵە بوونەوەرێکی مردوو بیت، هێلکەیەکی پیس مەبە... با لە پشتی نەوەیەکی زیندووەوە بێیت. چاوەڕێ بە کە خەرمانی بە بەرەکەت و جوانت هەڵگریتەوە. ئێمە زۆرمان پێویست بەتۆیە، هەتا لەو کاتانەش کە دوژمنایەتیت دەکەین. ئەوەت لە یاد بێت کە تۆ دەستەڵاتی گەورە و هێزی مەزنی خۆت لە هێزی زۆری ملۆزمەکان و دوژمنەکانت وەردەگریت. ئەوانن وا دەکەن کە پێویست بکا تۆ لەوە گەورەتر بیت کە هەیت. وا چاکە پەیڕەوی ڕێنماییییەکەی «مێلڤل»ی ڕۆمانووس بکەی کە وەک پەندێک لەسەر مێزەکەی خۆی نووسیویەتی و دەڵێ:- «با ڕاستگۆ و بە وەفا بیت لەگەڵ خەونەکانی سەردەمی جحێڵیت» لە واقیعدا هەرهەموو ژیان، بە قورسایی خۆیەوە، وا لەپاڵ تۆدا – لە پاش مەرگی ناوەختی تۆش، بۆ ماوەیەکی درێژ هەر هەمان

قسە دووبارە دەکەینەوە، ئەو مەرگەی دونیا بۆ ماوەیەکی درێژتر شینی بۆ دەگێڕێ. تەنها لەو ساتەوەختەدا دەگرین و دەلاوێنینەوە کە ئێمە چۆن تۆمان لە کیس دا، چۆن دەنگی جوان و دلێر و دەگمەنی تۆمان دۆڕاند، چۆن ئەفسوون و سیحری تۆمان لە دەست دا، هەستی پاراو و موودی شیرینت... هەمیشە ئامادەگیت کە ئێمە مەتڵەبمان بوو.

هۆ شاعیرەکان، با وەکو کیسەڵ وابن: کیسەڵ ئەو توێکڵە بەردین و قورسەی سەرپشتی هەڵگرتووە، دەبا ئێوەش جیهان بخەنە سەر شان و برۆن، بەڵام مەرجە لەژێر ئەو بارە قورسەشدا گۆرانی خۆتان هەر بچڕن، ئەو شیعرە ڕەنگاوڕەنگ و پڕ لە سۆزی بەجۆش و خرۆشی خۆتان بڵێن، ئەو گۆرانی و شیعرانەی دەنێو خوێنی ئێمەدا سازاون، دەنێو ئازار و ئەشکەنجەی ئێمە، خۆشەویستی و مێژووی ئێمە، دەنێو کوێربوونی ئێمەدا خولْقاون. تاکە ڕاستییەک کە هەڵاتن لەبەردەمیدا مەحاڵە، تاکە ڕاستییەکی زۆر سادە ئەوەیە کە ئێرە، ئەوەی هەیە و دەیبینیی تەنها مەملەکەتێکە کە ئێوەی شاعیران هەتاهەتایە دەبنە خاوەن و سەرداری، ئەو سەرنشینی ئەو میرنشینەن. ئا ئەوەیانماڵی ستران و هۆزانی تۆیە.

**سەرچاوە:**

New Writing
An Anthology edited by
Malcolm Bradbury and Judy Cooke
Minerva is association with the British Council
(C) British Council/ 1992
لاپەڕە (١٥١ تا ١٥٩)



# ئەرکی شاعیر

**نووسینی: هێنریک ئیبسن***

کەواتە... گەر مرۆڤ شاعیر بێ: دەبێ ئەوەیان مانای چی بێ؟ من خۆم گەلێک لەمێژە لەو ڕاستییە گەیشتووم کە شاعیر پێویستە زۆر بە وردی گەوهەر و حەقیقەتی شتەکان ببینێ، بەڵام چاک ئاگاتان لەوە بێ، هەر شتێکی کە دەیبینێ: دەبێ بە شێوەیەک بێ کە خەڵکیش وەکو شاعیرەکە بیبینن و هەستی پێ بکەن. بەڵام شاعیر ناتوانێ هیچ شتێک ببینێ و هەستی پێ بکا، گەر لەگەڵیا نەژیابێ... تەنها لەم ڕێگەیەوە خەڵکی سەری ڕەزامەندی بۆ دەلەقێنن. هەموو نهێنی ئەدەبی تازە و هاوچەرخیش، بە وردی، پابەندە بە مەسەلەی ئەزموون و تاقیکردنەوەی نێو ژیان... واتا ئەو ئەزموونەی تیایدا دەژیت ڕۆحی ئەدەبی تازەیە. هەرچییەکی کە نووسیومە، لە ماوەی ئەم دە ساڵەی دواییدا، بەدڵ و بەڕۆح لەگەڵیانا ژیاوم. بەڵام هیچ شاعیرێکیش بە تەنیا و دوور لە خەڵکی ناژی... هەر بە تەنیاش لەگەڵ شتەکانا مامەڵە ناکا. ئەو شتانەی شاعیرەکە دەیان بینێ و بەسەریانا تێدەپەڕێ... خەڵکی ئەو وڵاتەش لەگەڵیا هاوبەش و بەشدارن. ئەگەر مەسەلەکە بەم شێوەیە نەبێ... ئاخۆ چی دەتوانێ پردێک لەنێوان ئەم دوو بەرەیە دروست بکا: لەنێوان ئەو کەسانەی شت دەبەخشن و ئەو کەسانەی بە مێشکێکی گەورەوە وەری دەگرن؟

کەواتە... دەبێ ئەو شتە چی بێ کە من تیایدا ژیاوم و دیومە و بگرە سروشی (ئیلهامی) داومەتێ؟

هەڵبەتە گەلێ شت هەن. تاڕادەیەک ئەو شتانەی بوونەتە مایەی ئیلهامی من زۆر بە دەگمەن و لە ساتانی تایبەتی و ناسکی ژیانما تا ئەوپەڕی منیان هەژاندووە و لە ناخەوە هەڵچوومە و دەتوانم بڵێم شتی زۆر پیرۆز و جوانیش بووینە. با وا بڵێین: ئەو شتانەی منیان خستۆتە سەر

هەوای شیعر و سروشیان پێ بەخشیوم گەلێ پیرۆز و مەزنتر بوون لەو گرفتە زاتیانەی لە ژیانی ڕۆژانەما دەیانبینم و خەمیان لێ دەخۆم. من ئیلهامی خۆم بەم شێوەیە خواستووە چونکە ویستوومە ڕووبەڕووی ئەو شتانە ببمەوە بەرەنگاریشیان بکەم و لە هەمان کاتدا بیانکەم بە پارچەیەک لە خود و زاتی خۆم.

بەڵام ئیلهامی من لەو شتانەوەش دێ کە دژوارن و لەگەڵ زاتما ڕکە دەکەن، ئەو شتانەی کە کاتێ مرۆڤ دەروونی خۆی دەپشکنێ و بێ ترس و شەرم لێیان دەدوێ: تەماشا دەکا پڕە لە پیس و پۆخڵەوات و گەندوگوو... ئەو شتانەی لە دەروونندا ژەنگیان گرتووە و ماونەتەوە و بوونەتە بەشێک لە سروشتی نووسەرەکە خۆی، ئا بەم شێوەیە نووسین لای من هەروەکو گەرماوێک (حەمام) وایە... کاتێ لێی دێمە دەرێ وا هەست دەکەم پاکترم، تەندروستیم خۆشترە، هەروەها سەربەستترم.

بەڵێ... بەڕێزینە هیچ کەسێک نییە بتوانێ شاعیرانە ڕەسمی جیهانێکت بۆ بگرێ... گەر خۆی تا ڕادەیەک و بەلایەنی کەمەوە هەندێ جار تیایدا نەژیابێ ناشتوانێ وەسفی حاڵەتێک بکا گەر خۆی نەبووبێ بە مۆدیل و نموونەی ئەو حاڵەتە ئادەمییە.

کێیە ئەو پیاوەی لەنێو ئێمەدا، لەناو زاتی خۆیدا جارجارە هەستی بەوە نەکردبێ کە جیاوازی و دژایەتییەک لەنێوان وشە و کردارەکانیا هەیە، لەنێوان فەرمان و ئارەزوودا، بەشێوەیەکی گشتی... لەنێوان ژیان و تیۆردا یان کێ هەیە لەنێو ئێمەماناندا، هەتا گەر جارجارەش بووبێ، خۆپەرستانە نەیوتبێ – من بە تەنیاش هەڵدەکەم و خود و زاتی خۆم بەسمە – یان بێ ئەوەی تەواو ئاگای لە خۆی بێ و بە بڕوایەکی پاکەوە هەوڵی داوە لەبەر خاتری خۆی و خەڵکی بەسەر ڕەفتار و هەڵسوکەوتیدا زاڵ ببێ؟

لەو باوەڕەدام هەرچییەکی کە درکاندم، بۆ ئێوە و قوتابییەکان، ورد و درشتی سەرنجەکانم لای ئێوە جێگیر بوون... چونکە ئێوە جەماوەری ڕاستەقینەی منن. ئێوە تێم گەیشتن چونکە هەموو ڕازەکانم بۆ ئێوە بوون...



مەبەستیشم بوو تێم بگەن. چونکە قوتابیش هەمان ئەرکی شاعیری لە ئەستۆیە: دەبێ پرسیارەکان لای خۆی ئاشکرا و ڕوون بن... ئەوسا لای خەڵکی دیکەش ڕوون و ئاشکرا دەبن... ئەو پرسیارانەی وەختێ و یا ئەوەتا پرسیاری هەمیشەیی و نەمرن... ئەو پرسیارانەی لەو سەردەم و لەنێو ئەو کۆمەڵەدا زیندوون کە شاعیرەکە و قوتابییەکەی تیا دەژی.

هەر لەم ڕوانگەیەوە دەتوانم بڵێم، کە لە دەرەوەی وڵات بووم، هەوڵم دا ببمە قوتابییەکی چاک و بە توانا. مرۆڤی شاعیر هەر بەسەلیقە دووربینە من هەرگیز خاک و ژیانی ڕاستەقینەی میللەتی خۆم وا بە جوانی نەبینیوە، وا بە پڕی و وا ئاشکرا، وا بە وردی و لە نزیکەوە... وەک ئەو کاتەی کە لێوەی دوور بووم... من کە دوورە وڵات و غەریبی شاران بووم پتر هەستم بە خاک و نەتەوەی خۆم دەکرد.

ئەمێستاش... ئەی هاووڵاتیانی ئازیزم... لە کۆتایی ئەم دانیشتنەدا حەز دەکەن قسەیەک بکەم کە پەیوەندی بەو شتانەوە هەیە بۆیان ژیاوم. گوێ بگرن: کاتێ (جولیان)ی ئیمپڕاتۆر ڕووخا و کۆتایی پێ هات... هەموو شتێکی دەوروبەری داڕما... هیچ شتێک بە قەد ئەوە خەفەتخان و خەمباری نەکرد: کاتێ زانی هەرچییەکی کردووە، لای چەند کەسێکی مێشک ساف و بیرتیژ، دەبێ بە بیرەوەری و یادگار... بیرەوەری و بەس... هەندێکیش بەڕێزەوە سەیری ئەو داڕمانە دەکەن، بەڵام ئەغیار و دوژمنەکانی ئیمپڕاتۆر هەر دەمێنن و دەژین... بەخۆشی و دڵگەرمییەوە دەژین... هەر دەوڵەمەند و زیندووشن... زۆرجار هەمان بیر و لێکدانەوە بۆتە ئەنجام و مایەی ئەو ژیانەی بە سەرم بردووە یان بۆتە بنەمای پرسیارێک کە زۆرجار لە خۆمم کردووە. بەتایبەتی کاتێ تەنیا و غەریب و لە وڵات دوور بووم. ئەمشەو گەنجانی (نەرویج) هاتوونەتە لام و بە قسە و گۆرانی وەڵامی پرسیارەکانیان دامەوە، وا بە گەرمی و ئاشکرا وەڵامیان دامەوە کە هەرگیز چاوەڕێم نەدەکرد. ئەم وەڵام بەدەنگ هاتنەوەی ئێوە دەبێ بە گەورەترین دیاری و یادی ئەم دیدەنییە خۆشەویستە... دیدەنی پیاوانی

میللەتەکەم من هیوام وایە و لەو باوەڕەشدام کە ئەم ئەزموونەی ئەمشەو دەبێ بە یەکێ لەو ئەزموونە زیندووانەی تیایدا ژیام و گەرمی کردمەوە... دەبێ بە تاقیکردنەوەی ژیانێکی ڕاستەقینە... ڕەنگە لە یەکێ لە کارە ئەدەبییەکانما ڕەنگ بداتەوە. ئەگەر شتێکی وا ڕووی دا، ئەگەر ڕۆژێ لە ڕۆژان کتێبێکی وام ناردەوە وڵات... ئەوسا داوا لە هەموو قوتابییەکان دەکەم کتێبەکەم وەک تەوقەکردن و دەست گوشینێک لێ وەربگرن... سوپاسیش بۆ ئەم دیدەنییە. داواشتان لێ دەکەم وا بزانن خۆشتان یەکێک بوون لەوانەی بەشداری نووسینی ئەم کتێبەتان کرد.

سالّی ١٨٧٤

* هێنریک ئیبسن: (١٨٢٨-١٩٠٦) لە وڵاتی (نەرویج)دا لە دایک بووە و شانۆنووسێکی گەورەی جیهانییە. ئەم پارچە نووسینەش وتووێژێکی (ئیبسن)ە کە لە ڕۆژی دەی مانگی ئەیلولی سالّی (١٨٧٤)دا پێشکەشی قوتابیانی کرد.
دوای ئەوەی (هێنریک ئیبسن) بۆ ماوەی دە ساڵ لە وڵاتی خۆی دوورکەوتەوە، لە هاوینی سالّی (١٨٧٤)دا گەڕایەوە نەرویج و ماوەی دوو مانگ لەوێ مایەوە. لە (١٠)ی ئەیلولدا قوتابییە نەرویجییەکان قەتارەیان بەست و بەرەو مالّی (ئیبسن) ڕێیان کرد. ئەم وتووێژە بووە وەڵامدانەوەیەک و میواندارییەکی گەرمی قوتابییەکان، ئەو قوتابییانەی بۆ بەخێرهاتنەوەی چوونە پێشوازی.

**سەرچاوەی ئەم باسە:**


Play wrightson Playwriting
Edited by Toby Cole
چاپی دووەم، نیسان، ١٩٦٢ لاپەڕە ٣ تا ٤


شانۆنووسان و شانۆ نووسین: تۆبی کۆل
شانۆگەرییە بەناوبانگەکانی (ئیبسن)
(١) مراوی کێوی
(٢) دوژمنی گەل
(٣) تارماییەکان
(٤) خانۆچکەی بووکەشووشە
(٥) هێدا گابلەر
(٦) ئەستونگەکانی کۆمەڵ



## بۆ دەنووسم...؟

**نووسینی: جۆرج ئۆروێل**

هەر لە زووەوە... کە هێشتا زۆر منالّ بووم، ڕەنگە لە تەمەنی پێنج یان شەش سالّیدا بووبم... هەر لەوساوە دەمزانی کە گەورەبم دەبێ ببمە نووسەر. لەنێوان حەڤدە و - بیست و چوار سالّی تەمەنما هەولّم دا واز لەم خەیالّە بێنم، بەڵام دەشمزانی ئەم هەولّە پەڕینەوە و لادانێکە لە سنووری خود و خولیای ڕاستەقینەی خۆم و دەشمزانی ڕۆژێ لە ڕۆژان، چ زوو چ درەنگ، ئۆقرە دەگرم و دەست دەکەم بە کتێب نووسین.

لەنێوان دوو منالّی دیکەدا من ناوەنجییەکەیان بووم... بەڵام پێنج ساڵ لە نۆبەرە چکۆڵانەتر و پێنجیش لە پاشەبەرە گەورەتر بووم، هەتا تەمەنی هەشت سالّیش من بە دەگمەن باوکی خۆم دەدی. جا لەبەرئەوە و لەبەر چەند هۆیەکی دیکە تا ڕادەیەک بێ هاوڕێ و تەنیا بووم، هەر زووبەزوو فێری هەندێ خووڕەوشت و هەڵسوکەوتی سەیر و ناپەسەند بووم کە وایان لێ کردم لە ژیانی ڕۆژانەما و لە قوتابخانەدا وەک کێوی و نامۆیەک سەیر بکرێم. لە تەنیایی خۆما فێربووم چۆن چیرۆک داڕێژم... بەردەوامیش لەگەڵ خەڵک و کەسانی نێو خەیالّما قسەم دەکرد، وا بزانم هەر لە سەرەتاوە زەوق و ئارەزووی ئەدەبیم کە خولّقا هی ئەوە بوو کە تەنیا و بێ هاوڕێ بووم... بە سووک و کەمیان دەزانیم. دەمزانی لەگەڵ وشەدا مامەڵەم خۆشە و بێ گرێ و گواڵ دەیان تاشم... دەمتوانی ڕووبەڕووی کارەساتی ناخۆش ببمەوە، هەستم کرد کە ئەوەیان جۆرە جیهانێکی تایبەتی بۆ خولّقاندووم کە تیایدا هەناسەی ئۆخەی بدەم و کۆست و هەرەسی ژیانی ڕۆژانەمی تیا فەرامۆش کەم. لەگەڵ ئەوەشدا... ئەو چەند لاپەڕەیەی لەو سەردەمەدا بە دڵ و بە گیان نووسیبوومن -سەردەمی هەرزەیی- لە شەش - حەوت لاپەڕە زیاتر نەبوون. لە تەمەنی چوار - پێنج سالّیدا یەکەم شیعرم داڕشت و دایکم بۆی نووسیمەوە. هیچم بیر نەماوە لەو شیعرە ئەوە نەبێ کە

دەربارەی پڵنگێک نووسیبووم: پڵنگێک کە شەفرەی ددانی بە قەد پێچکە کورسییەک بێ... دارِشتنێکی خراپ نەبوو، بەڵام وا بزانم شیعرەکەم بۆنی شیعرەکەی «بلەیک»ی لێ دەهات کە لەژێر ناوی «پڵنگ... پڵنگ» دایە... وەک وتم لاسایی کردنەوەیەک بوو. لە تەمەنی یازدە ساڵیدا، کاتێ کە شەرِی (١٩١٤-١٩١٨) هەڵگیرسا، شیعرێکی نیشتمانپەروەریم نووسی و لە رِۆژنامەیەکی خۆماڵیا بڵاوکرایەوە، دوای دوو ساڵان شیعریکی دیکەشم بۆ مەرگی (کیچنەر – Kichener) نووسی. کە تۆزێ گەورەتر بووم هەر لەسەر شێوەی -جۆرجیان- تاو نا تاوێ شیعری خراپ و بێ کەڵکم بۆ جوانی سروشت دەنووسی و پێم تەواو نەدەکران. هەروەها دوو جاریش هەوڵی کورتە چیرِۆکم دا... بەڵام ئەوەی رِاستی بێ چیرِۆکی بێ مانا و سەقەت بوون... نایەتە گۆتنێ. ئەو هەموو هەوڵ و تەقەللایەکی من بوو لەو ساڵانەدا و زۆر بە دڵ و بە رِاستی خۆم سەغڵەت کردبوو... هەمووشیانم خستبوونە سەر کاغەز.

بەهەرحاڵ... ئا لەو ماوەیەدا سەرقاڵی چالاکییە ئەدەبییەکان بووم. ئەو شتانەی دەمنووسین لەوە دەچوون بەپێی داوا و پێوانە و مەرجێک هاتبنە کایەوە... بە پەلە و سانا دەمنووسین، بەڵام بێ ئەوەی هیچ خۆشییەک بخەنە دڵمەوە.

لەپاڵ ئەو دارِشتن و نووسینانەی کە لە قوتابخانەدا بە ئەنجام گەیاندن... شیعری موناسەباتیشم دەنووسی، شیعرەکانیش تا رِادەیەک کۆمیدی -گاڵتەئامێز- بوون... ئێستا هەست دەکەم کە زۆر بە پەلە و سەیر ئەم کارە ئەدەبیانەم ئەنجام داوە - لە تەمەنی چواردە ساڵیدا بە یەک هەفتە شانۆگەرییەکی بە کێش و سەروام نووسی... ئەویشیان لاسایی کردنەوەیەکی -ئەرستۆفانیس- بوو. هەروەها توانیم لە قوتابخانەدا چەند گۆڤارێک دەرکەم: بە چاپ و بە دەستنووس. تا بڵێی گۆڤارەکان لاواز و پەرِپووت و عەنتیکە بوون، گەر ئێستا بێ کەڵکترین رِۆژنامە دەرکەم ئەوەندەی ئەوسا تووشی گێرمە و کێشە نایەم. بەڵام لەپاڵ ئەم هەموو



هەوڵانەشدا... بۆ ماوەی پانزە ساڵ و بگرە پتریش خەریکی بابەتێکی زۆر جیاواز بووم: ئەویش ئەوە بوو بەردەوام چیرِۆکم دەنووسی... «چیرِۆک» دەربارەی خۆم... ئەو شتانەی دەمنووسین بە تەنها لە مێشکی خۆما هەبوون و پتر لە رِووداوی رِۆژانە دەچوون. من لەو برِوایە دام ئەمەیان خوورِەوشتێکی بەربڵاوی زۆربەی مناڵ و هەرزەکاران بێ. وەک مناڵێکی چکۆڵانە زۆرجار وام هەست دەکرد من -رۆبن هوود-م لە خەیاڵی خۆما دەبووم بە پاڵەوانی زۆر سەرکێشی -موغامەرات-ی سەیر و سەرسورِهێنەر و پرِ موچرِکە، بەڵام هەر زوو لە چیرۆکەکانما وازم لەو خودپەرستییە هێنا و بە ناکامڵی ئەم خولیایەم دانا، ئیتر وای لێ هات پتر رِوو بکەمە وەسفی ئەو کارانەی خەریکیان بووم... وەسفی ئەو شتانەی دەمدین. بۆ نموونە: بۆ ماوەی چەند چرکەیەک ئەم چەشنە یادە بە مێشکما گوزەری دەکرد «پاڵی بە دەرگاکەوە نا... کردییەوە و هاتە ژوورێ. پرشنگێکی ئاڵتوونی تیشکی خۆر لە پەردەی تەنکی -مۆسلین-ەوە دەپرِژێتە ئەودیو. بەسەر مێزەکەدا دەرِژێ... لەو شوێنەی شقارتەیەکی نیمچەکراوە، لە تەنیشت شووشەیەکی مەرەکەبدا، دانراوە. دەستی رِاستی لە گیرفانیەتی و بەرەو لای پەنجەرەکە مل دەنێ. لە خوارەوەش... لەسەر شەقامەکە پشیلەیەکی، بۆر وەک پشتی کیسەڵ، بە دوای گەڵایەکی مردوودا غار دەدا.» هتد... هتد.

تا تەمەنی بیست و پێنج ساڵیش لەسەر ئەم خوورِەوشتە بەردەوام بووم، ساڵانێک لە ئەدەبی رِاستەقینە دوور بووم. ئەگەرچی دەبوو بە دوای وشەی دروست و شیاودا بگەرِێم، ئەوەی رِاستی بێ... بە دڵ بۆی دەگەرِام. بەڵام لەوە دەچوو ئەم هەوڵە وەسف ئامێزەم دژی ئارەزووی خۆم بووبێت و لەژێر جۆرە هێزێکی دەرەکییەوە بوو بێ. وا بزانم ئەو چیرۆکانەی دەمنووسین رِەنگدانەوەی جۆرەها شێوە و تەکنیکی ئەو نووسەرانە بوون کە من لە قۆناغی جیاجیادا پێیان سەرسام ببووم، بەڵام ئەوەندەی بیرم بێتەوە: چیرِۆکەکان پرِ بوون لە وردەکاری و وەسف و چەندەها شتی بێ کەڵک و قۆرِ کە هەموویان ئەوەیان رِادەگەیاند من دوودڵ و رِارِام.

کە گەیشتمە تەمەنی شازدە ساڵی، زۆر کتوپڕ، تام و چێژی وشەم دۆزییەوە... وشە و بەس! بۆ نموونە: لە دەنگی وشەکان و پەیوەندی نێوانیان تامێکی خۆشم وەدی کرد. سەیری ئەم دوو دێڕەی شیعری «بەهەشتی دۆڕاو» بکە:

ئەوسا بە زەحمەت و ڕەنجێکی زۆرەوە

ملی نا... بە زەحمەت و ڕەنجێکەوە ئەو...

بەڵام ئێستا کە لەم وشانە ورد دەبمەوە وەک ئەوسا شاگەشکە نابم، ئەوسا بڕبڕەی پشتیشم موچڕکەی پیا دەهات، سپێڵی وشەی (hee) لە جیاتی (he) تام و لەزەتێکی زۆرتری پێ دەبەخشیم. هەر ئەوسا دەستبەجێ فێربووم چۆن وەسفی شتەکانی دەوروبەرم بکەم... بگرە هەر ئەوسا ئارەزووی ئەوەم دەکرد کتێبان بنووسم. ویستم هەندێ ڕۆمانی گەورە بنووسم کە بە کارەسات و ناخۆشی کۆتاییەیان بێ و سەر بە ڕێبازی (ناچرالستیەکان - المذهب الطبیعی) بن: بە مەرجێ پڕ بێ لە وەسفی درێژدادڕ و سەدان لێکچوونی سەرسوڕهێنەر، پڕ بێ لە نووسینی وەسف ئامێزی -ئەرخەوانی- تیایدا وشەی وا بەکار بهێنم کە تەنها لە پێناو دەنگی وشەکان بێ و هیچی تر. ئەوەی ڕاستی بێ «ڕۆژانی بورما» یەکەم ڕۆمان بوو کە لە تەمەنی سی ساڵیدا نووسیم، بەڵام پرۆژەی ڕۆژانێکی زۆر زووتر بوو... بەڵێ ئەو ڕۆمانە لەسەر ئەو بابەتە بوو کە وتم.

من بۆیە ئەم هەموو کەین و بەینەم هێنایەوە و هەندێ زانیاری کۆنم خستە بەرچاوتان چونکە کەس ناتوانێ لە نیاز و مەبەستی نووسەرێک تێ بگا -ئەو هۆیانەش کە پاڵی پێوەدەنێ بۆ نووسین- گەر نەزانێ لە سەرەتاوە چۆن هاتووە و پێشکەوتووە. ئەو بابەتەی کە نووسەرێک هەڵی دەبژێرێ پابەندە بەو ڕۆژگارەی تیایدا ژیاوە - ئا ئەم بۆچوونە بۆ سەردەمێکی وا جەنجاڵ و شۆڕشگێڕانەی ئێمەماناندا زۆر ڕاستە -بەڵام بەرلەوەی دەست بداتە نووسین، هەڵبەتە هەڵوێستێکی عاتیفیانەی لەلا گەڵاڵە بووە کە هەرگیز نەتوانێ فەرامۆشی بکا و بە تەواوەتی لێی دەرباز



بێ. بێ گومان... ئەرکی سەرشانی هەموو نووسەرێکیش ئەوەیە کە هەمیشە لە ڕاهێنان و هەوڵ و مەشق نەکەوێ بۆ پوخت کردنی هەموو ڕاو و بۆچوون و خووڕەوشتێ... دەبێ ئەوپەڕی توانای خۆی بخاتە کار بۆ ئەوەی بە قۆناغێکی ناکامەوە نەبەسترێتەوە و هەروا بە ساوایی نەمێنێتەوە... یان ئەوەتا لە بارودۆخێکی ناهەمواردا بژی: بەڵام گەر بیەوێت لەو هۆکارتێکەرانە ڕزگاری بێ کە لە قۆناغێکی زوودا لەلای خولْقاون... ئەوە بەم شێوەیە نووسەر ئەو ئارەزووە مەزنە دەکوژێ کە پاڵی پێوەدەنێ بۆ نووسین. من ڕام وایە... بێجگە لە پێویستی نان پەیداکردن و گوزەران: چوار هۆی کارتێکەری مەزن هەن بۆ مەسەلەی نووسین کەوا پاڵ بە نووسەرەوە دەنێن، بەهەر شێوەیەک بێ، پەخشانی هەمەجۆر بنووسێ. بەڵام ئەو هۆکارتێکەرانە لە نووسەرێکەوە بۆ نووسەرێکی دیکە دەگۆڕێ، هەروەها لای هەریەکێ لەو نووسەرانە لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر، بەپێی ئەو بارودۆخەی تیایدا دەژی، ڕێژەیان دەگۆڕێ. هۆیەکانیش ئەمانەن:

«١» **خۆپەرستی ڕووت** (egoism):

تۆ وەک نووسەرێک پڕ بە دڵ حەز دەکەی بە مرۆڤێکی زیرەک لە قەڵەم بدرێی، خەڵکی باست بکەن، حەز دەکەی دوای مەرگیش یاد بکرێیتەوە. دەتەوێ تۆڵەی خۆت لەو گەورانە بکەیتەوە کە بە منداڵی نرخی تۆیان نەدەزانی و گاڵتەیان بە عەقڵت دەکرد... هتد. ئەگەر تۆ بتەوێ وامان تێ بگەیەنی کە ئەمەیان هۆیەکی بەهێز و دروست نییە: ئەوە بێ شک دیارە فێڵ لە خۆت و لە ئێمەش دەکەی... بەلای ئێمەوە ئەو -خودپەرستی و زات ویستنە- هۆیەکی زۆر بەهێزە. ئا لەم ڕووەوە هەموو نووسەرەکان لەگەڵ زانا و هونەرمەند و سیاسی و پارێزەر و سەرباز و کارگێڕە سەرکەوتووەکان یەک دەگرنەوە و هەمان هۆی زاتی دەیانجوڵێنێ -با بە کورتی بیبڕینەوە، هەموو ئەو کەسانەی پێشەنگ و سەرتۆپی مرۆڤایەتین هەر هەمان هۆی سەرەوە کۆیان دەکاتەوە. زۆربەی خەڵکی تا ئەو ڕادەیە خۆپەرست نین کە

جێی مـەترسی بێ. زۆربەی نووسـەرەکـان دوای تەمـەنی سی سـاڵی واز لە هەوڵ و ئاوات و خەونە زاتییەکـانیان دێنن -بگرە وایان لێ دێ خۆیان بیر دەچێتـەوە... لە زۆربەی حاڵەتەکانیشدا تەواو واز لە خـودی خۆیان دێنن- پتر بۆ خەڵکی دیکە دەژین، یان لەنێو گەرمەی ڕەنج و ماندوێتیدا ئەو - خودپەرستییە- نامێنێ و زۆر بە ئاسانی دەمرێ. بەڵام کەم کەسانێکیش هەن کە بەهرەوەر و سەرسەختن و تا کۆتاییش بڕیاری خۆیان داوە کە ژیانی تایبەتی خۆیان هەبێ و لێوەی دەرنەچن... دەتوانین بڵێین نووسەران لەو کەسانەن کە دونیای تایبەتی خۆیان هەیە و سەر بەم چینە کەمەن.

پێویستە بڵێم... نووسەرانی ڕاستەقینە و پەرۆش لە ڕۆژنامەکان سوورترن لەسەر تەنیا باڵی و پتر خۆشیان بە شت دەزانن... بەڵام نووسەران وەک ڕۆژنامەنووسەکان پوولەکی نین و کەمتر خولیای پارەوپوولن.

«٢» **ڕوانینی -ئیستاتیکی** (Esthetic)

لەنێو دونیای هونەر و ئەدەبدا (ئیستاتیکا - جوانناسی) ئامانجێکی گەورە و پیرۆزە. هەمـوو نووسەرێک بە دوای جوانیدا دەگەڕێ و دەیدۆزێتەوە و لێی ورد دەبێتەوە... جوانی جیهانی دەرەوە یان بە واتایەکی دیکە بە دوای جوانی و پیرۆزی وشە عەوداڵە و لە ڕێکخستنی وشەکاندا جوانییەکی پتر و مەزنتر وەدی دەکا. پەیوەندی نێوان دەنگەکان و کاری دەنگێک بەسەر دەنگێکی ترەوە، هەروەها چنینی وشەکان لە پەخشانێکی جواندا، یان ئەوەتا ئیقاعێکی بە خوڕەم و جوانی چیرۆکێکی دانسقە و سەرکەوتوو: ئەوانە هەموو دەبنە هۆی ئەوەی نووسەر بگەڕێ بەدوای ئەو تام و چێژەی لەم پەیوەندییە دەخولقێ. جگە لەوەش نووسەر دەیەوێ لەگەڵ ئەو خەڵکەدا بەشداری هەموو ئەزموون و تاقیکردنەوەیەک بکا گەر بزانێ بە کەڵکە و ئەوە دەهێنێ کە فەرامۆش نەکرێ. لەلای زۆربەی نووسەران مەسەلەی (ئیستاتیکا - جوانناسی) دەبێ بە خاڵێکی زۆر لاواز یان با بڵێین هۆیەکی زۆر لاوەکی... بەڵام هەموو نووسەرێک و بگرە ئەوانەی کە نامیلکە و کتێبی قوتابخانەش دەردەکەن جۆرە حەز و خۆشەویستییەکیان



هەیە بەرامبەر چەندەها وشە و فریەز و دەربڕینێک... جا مەرجیش نییە بە چاوی سوود و بەرژەوەندی بازرگانێک سەیری وشەکان بکەن... هیچ نەبێ -نووسەر حەز بە جوانی و ڕێکیی چاپکراوەکەی دەکا... هەروەها پانی و تەنگی پەراوێزەکانی بەلاوە گرنگە... هتد. بەهەرحاڵ... هیچ کتێبێک نییە لایەنە ئیستاتیکییەکان فەرامۆش بکا.

«٣» **هۆی مێژوویی:**

هەموو نووسەرێک حەز دەکا دیاردە و ڕووداوەکان چۆنن وا بیان بینێ، دەیەوێ هەموو ڕاستییەکان تۆمار بکا و بۆ نەوەی داهاتوو بیانپارێزێ.

«٤» **مەبەستی ڕامیاری:**

مەبەستمان لە وشەی «ڕامیاری» مانا فراوانەکەیەتی. هەر نووسەرێک دەیەوێ جیهان بەرەو ڕێڕەوێکی تایبەت بەرێ، دەیەوێ بیر و ڕوانینی خەڵکی بگۆڕێ سەبارەت بەو کۆمەڵگایەی لە پێناویدا تێ دەکۆشێ.

لە ڕاستیدا هیچ کتێبێک نییە لە نیاز و مەبەستی ڕامیارییانە بە دوور بێ. ئەو ڕایەی دەڵێ: «هونەر هیچ پەیوەندییەکی بە ڕامیارییەوە نییە.» ئا ئەم ڕاووبۆچوونە خۆی لەخۆیدا هەڵوێستێکی ڕامیارییانەیە.

ئاشکرایە کە چۆن ئەم هەموو نیاز و مەبەستە جۆربەجۆرانە دەبێ ڕووبەڕووی یەکدی ببنەوە، چۆن چۆنیش لە مرۆڤێکەوە بۆ مرۆڤێکی دیکە و... لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی دیکە دەبێ بگۆڕێن. گەر سروشتی مرۆڤ وەربگرین -ئەو سروشت و خووەی هەر لە منالّی و هەرزەکارییەوە خولقاوە- من بەگوێرەی ئەو سروشتەی خۆم ئەو سێ مەبەستەی یەکەم (خواپەرستی - ئیستاتیکی - مێژوویی) پتر لە مندا کۆبوونەتەوە و بەسەر مەبەستی چوارەمدا (ڕامیاری) زاڵترن. لە ڕۆژانی خۆشی و ئاسوودەگیما تەنها بۆ جوانی و رووکەشانە شتم دەنووسی و... خەریکی نووسینی کتێبی وەسف - ئامێز بووم، ڕەنگە ئاگام لە هیچ لایەن و مەبەستێکی ڕامیارییانە نەبووبێ و هیچم لێ نەزانیبێ. بۆیە هەر خەریکی

**نامیلکه و چامه دەرکردن بووم. «یەکەمجار بۆ ماوەی پێنج ساڵ خەریکی کارێکی زۆر نابەجێ بووم... سەر بە ڕاپەڕاندنی کاروباری (پۆلیسی ئیمپراتۆڕیەتی هیند) بووم لە وڵاتی (بورما) هەر ئەوسا زۆرم تاڵاوی کەساسی و هەژاری دی و هەستم بە نوشوستی و هەرەس و ڕووخان و کەوتن کرد. ئەوەیان وای لێ کردم پتر قینم لە دەستەڵاتدارەکان بێتەوە و بۆ یەکەمجار و بە تەواوەتی لە گوزەران و ژیانی چینی کرێکاران تێ بگەم، هەروەها ئەو کار و پیشەیەی من لە وڵاتی (بورما)دا وای لێ کردم چاکتر لە سروشتی ئیمپریالیزم تێ بگەم. بەڵام ئەو ئەزموونەی ئەوسا ئەوە نەبوو کە وام لێ بکا ڕێبازیکی ڕامیارییانەی دیاریکراو بۆ خۆم هەڵبژێرم. پاشان -هیتلەر- پەیدا بوو... دوای ئەوە شەڕی ناوخۆیی ئیسپانیا... هتد. بگرە لە کۆتایی ساڵی (١٩٣٥)یشدا هەر نەمتوانی بگەمە بڕیارێک چاک و چەسپاو. بەڵام بیرمە لەو سەردەمەدا شیعرێکم نووسی... شیعرەکەش ئەو ئاڵۆزکان و تێ گیرانەی من دەخاتە ڕوو:**

ڕەنگە...
دووسەد ساڵ بەر لە ئێستا
قەشەیەکی ئاسوودە بوومایە
باسی قیامەتم بکردبایە
دارگوێزێکی خۆم هەبووایە
لە سەوزبوونیا: تێم بڕوانیایە!

***

بەڵام ئەفسووس... لە سەردەمێکی پیسدا لە دایک
بووم
کە خەتی سمێڵم دانا...
لە خۆشی و ئاسوودەگی بێ بەری بووم
خۆ قەشەکانیش گشت لووس و پووسن

***

بگرە دواییش...
زەمانە هێشتا خێری تیا مابوو
دەمانتوانی... بە ئاسانی ئادمان بین



بیروباوەڕی ژانگرتووی خۆمان ڕادەژەند
تا لەنێو باوەشی درەختەکانا بخەوێ!

***

ئەوسا گێل بووین و وێراین...
باوەش بۆ خۆشی بکەینەوە...
ئەو خۆشییەی ئێستا دەیشارینەوە
ئەوسا بولبولی سەر لقی دار سێوەکەش
دەیتوانی دوژمنانم بتۆقێنێ!

***

وەلێ سک و زەردەلووی کچان
لەنێو جۆگەلەی بەر سێبەردا...
دەبنە ماسی!
سەرلەبەیانیانیش... ئەسپ و مرواییەکان
دەفڕن...
سەرتاپای ئەم شتانەش هەموو خەونن!

***

قەدەغەیە دووبارە خەون ببینینەوە
ئێمە خۆشی لە خۆمان تێک دەدەین... دەیشارینەوە
ئەسپەکانیش لە پۆڵای -کرۆم- دروست کراون...
پیاوی چکۆلانە و قەڵەویش سواریان دەبن!

***

من کرمێکم... بێ ئارام
من خەساوێکی بێ ژنم
لەنێوان قەشە و قۆمیسەردا
وەک -یۆجین ئارام- ڕێ دەکەم!

***

ڕادیۆکە کراوەتەوە و دەنگی دێ...
قۆمیسەریش بەختم بۆ دەگرێتەوە
بەڵام قەشە بەڵێنی بە -ئۆستن- ناوێک داوە
چونکە هەمیشە -دەگی ناوێک...
چی لەسەر بێ: دەیداتەوە...!

***

خەونم بینی... لە کۆشکێکی مەڕمەڕدا دەژیام...
وەئاگا هاتم تا بێتە دی
من بۆ سەردەمێکی وا لە دایک نەبووم...
سمیث بوو؟ جۆونز بوو؟ تۆ بوویت؟

***

شەڕی ئیسپانیا و ئەو کارەسات و ڕووداوانەی لە ساڵی (١٩٣٦-١٩٣٧)دا قەومان تەرازووەکەیان لاسەنگ کرد و تێکیان دا... پاشان وایان لێ کردم خۆم بدۆزمەوە و بزانم لە کوێ بوەستم. هەموو دێڕێک لەو شاکارە پوختانەی کە لە ساڵی (١٩٣٦)ەوە بە دڵ نووسیومن، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، دژ بە چەوسانەوە و دکتاتۆریەت بوون و لە پێناوی -سۆشیالیستیی دیموکراتی- نووسیومن... ئەوەندەی کە خۆم بیزانم و تێی بگەم. بەلای منەوە زۆر نابەجێ و قسەی پووچە، لەم سەردەم و ڕۆژگارەدا، یەکێ لەو باوەڕەدا بێ کەوا نووسەر دەتوانێ خۆی لە قەرەی ئەم جۆرە باس و خواسانە نەدا و لێی وەدوور بکەوێتەوە. هەموو نووسەرێک بیەوێ و نەیەوێ، هەریەکە و لە بەرگێکی جیادا، لەم بابەتانە نزیک دەبێتەوە. بەڵام مەسەلەکە ئەوەیە کە نووسەر لایەنگیری چ لایەک بێ و چ ڕێبازێک بۆ خۆی هەڵبژێرێ. هەر نووسەرێک چەند لە مەیل و بیروڕا ڕامیارییەکانی وەئاگا بێ: ئەوەندە پتر هەلی بۆ دەڕەخسێ و ڕێگە بۆ خۆی خۆش دەکا کە بۆچوونە ڕامیارییەکانی ساغ بکاتەوە بێ ئەوەی قوربانی بدا بە لایەنە ئیستاتیکی و (جمالی) و هونەری و فیکرییەکان.

بە درێژایی ئەو دە ساڵەی ڕابورد: هەموو هەوڵ و تەقەللای من ئەوە بوو چۆن نووسینە ڕامیارییەکانی خۆم بخەمە نێو قاڵبێکی هونەرییەوە. هەر لە سەرەتاوە کە دەنووسم خۆم بە لایەنگیر دەزانم و هەروەک پارتیزانێک دەڕوانمە کارەکەم... هەست بە ستەم و زۆرداری دەکەم... بۆیە دەنووسم کە دادەنیشم بۆ ئەوەی کتێبێک دەرکەم... قەت بەخۆم ناڵێم:

«من دەمەوێ شاکارێکی ئەدەبی بنووسم.» من بۆیە دەنووسم چونکە دەزانم لەم دونیایەدا درۆ و دەلەسە و تەڵەکەبازی هەن و دەمەوێ بیانخەمە



بەرچاوان، یا ئەوەتا دەمەوێ سەرنجی خەڵکی بەلای ڕاستییەکدا ڕابکێشم، یەکەم شت کە بەلامەوە گرنگ بێ ئەوەیە: کەسانێک هەبن و گوێم لێ بگرن. بەڵام من خۆم بە نووسینی هیچ کتێبێکەوە خەریک ناکەم، یان هەتا باسێکی درێژیش بۆ گۆڤار نانووسم گەر بێت و لە ئەزموونێکی ئیستاتیکیانە (جوانکاری) بەدەر بێ. هەرکەسێ لە نووسینەکانی من ورد بێتەوە: چاک دەزانێ گەر من پڕوپاگەندەش بنووسم: ئەو هونەر و جانییەی تیایە کە ڕامیارییەک (پیاوی سیاسی) نەتوانێ بە شتێکی بێ سەروبەری لە قەڵەم بدا.من هەرگیز ناتوانم و ناشمەوێ بە تەواوی واز لەو دونیایە بێنم کە لەمناڵیمەوە پێی شارەزا بووم. تا بمێنم بە دڵ و بە گیان گرنگی بە شێوە و تەکنیکی پەخشانەکانم دەدەم، هەروەها هەرچی لەسەر ڕووی ئەم زەوییە بێ من خۆشم دەوێ، خۆشییەکی زۆریش دەبینم لەو شتانەی کە بەرجەستە و لەبەرچاون... تام لەو زانیارییە بێ کەڵکانەش دەکەم کە لێرە و لەوێ دەستم دەکەون. کەس ناتوانێ ئەم مەیل و ئارەزووانەی من بکوژێ. ئەرکی من ئەوەیە بکەومە ناوبژی و گونجانێک. بخوڵقێنم: لەنێوان ئەو شتانەی من حەزیان پێ دەکەم و حەزیان پێ ناکەم... لەگەڵ ئەو چالاکییە گشتی و زۆر ئادەمیزادانەی کە لەم سەردەمەدا بوونەتە ئەرک و پێویستی و بەسەر هەموو مرۆڤێکدا سەپاون.

ئەوەشیان کارێکی ئاسان نییە. چەندەها گرفت و تەنگوچەڵەمەی زمان و داڕشتن دێنە پێشەوە، هەروەها بە شێوەیەکی تازە گرفتی -ڕاستگۆیی- دێتە کایەوە. با نموونەیەکی ئاشکرای ئەم جۆرە گرفتەتان بخەمە بەرچاو. من کتێبێکم هەیە لەژێر ناوی «-لە یاداشتی کاتالۆنیا-»... ئەم کتێبەش دەربارەی شەڕی ناوخۆیی ئیسپانیایە، هەڵبەتە ئەو کتێبە زۆر ڕاست و ڕەوان بۆ مەبەستێکی ڕامیاری نووسراوە، بەڵام من لەو کتێبەدا بە تەواوەتی گرنگیم بە شێوە و تەکنیک داوە. هەوڵێکی زۆرم داوە هەموو ڕاستییەکی تیا بدرکێنم بێ ئەوەی خیانەت لە توانا و بەهرەی ئەدەبی خۆم بکەم. بەڵام لەپاڵ ئەم هەموو شتانەشدا... بەشێکی تەواوی کتێبەکە پڕ بوو

لەو پارچە نووسینانەی کە لە ڕۆژنامەکانا وەرم گرتبوون... لەم ڕێگەیەوە بەرگریم لە ترۆتسکییەکان کردبوو: ئەوانەی تاوانبار کرابوون بەوەی دەستیان لەگەڵ (فرانکۆ)دا تێکەڵ کردووە. زۆر ئاشکرایە کە ئەم جۆرە نووسینە دوای ساڵێک یان دوو لەبەر چاوی هەموو خوێنەرێکی ئاسایی دەکەوێ و واش دەکا کتێبەکەش هیچ بەها و نرخێکی نەمێنێ. یەکێ لەو ڕەخنەگرانەی کە من ڕێزیان دەگرم لەم بارەیەوە موحازەرەیەکی دامێ و پێی وتم «ئەم هەموو شتە قۆڕ و بێ مانایە چین ئەم کتێبەت پێ پڕ کردۆتەوە؟ تۆ ئەم کتێبەت شێواندووە و کردووتە بە خوانی ڕۆژنامەگەری... گەر وات نەکردایە: ڕەنگە کتێبێکی زۆر چاکی لێ دەرچووبایە؟»

بۆچوونی ئەو ڕەخنەگرە ڕاست بوو، بەڵام من شتێکی دیکەم لە دەست نەدەهات. منیش هەروەک خەڵکێکی کەمی ئینگلتەرە تەنها یەک شتم دەزانی... ئەویش ئەوەبوو کە کۆمەڵێ پیاوی پاک و بێ گوناە هەر بە درۆ تاوانبار کرابوون. گەر من سەبارەت بەو مەسەلەیە سەغڵەت و پەست نەبوومایە... هەرگیز ئەو کتێبەم نەدەنووسی.

چ بەم شێوەیە بێ یان شێوەیەکی تر ئەم گرفتە دووبارە سەرهەڵداتەوە. گرفتی زمان ورد و ناسکترە و زۆری دەوێ لێی بدوێی. دەتوانم بڵێم لە ساڵانی دواییدا کەمتر خۆم بە وەسف و وێنەوە بەستەوە و بەدیقەتتر شتم دەنووسی. لە هەموو حاڵەتێکدا هەستم کرد هەر نووسەرێک بتوانێ کارامە و لێهاتوو بێ و شێوازێک بۆ نووسین هەڵبژێرێ... ئەوە بێ شک بەسەر ئەو شێوازەش زاڵ دەبێ و فەرامۆشیشی دەکا. ڕۆمانی «باخچەی ئاژەڵان» یان با بڵێین «تەویلە» یەکەم کتێب بوو کە زۆر هوشیارانە خۆم پێوە ماندوو کرد و دەشمزانی چی دەکەم... لەو کتێبەدا هەوڵم دا هەردوو جەمسەری ڕامیاری و هونەری بەیەکەوە گرێ بدەم و بیانخەمە یەک قالبەوە... دوای ئەوە بە حەوت ساڵ هیچ ڕۆمانێکی دیکەم نەنووسی، بەڵام هیوادارم هەر زوو دەست بەنووسینی ڕۆمانێکی دیکە بکەمەوە. ڕەنگە تیایدا سەرنەکەوم و نوشوستی بێنم، خۆی: نووسینی هەموو کتێبێک



نوشوستییە، بەڵام تا ڕادەیەک لەبەرچاوم ڕوونە بە تەمای نووسینی چ جۆرە کتێبێکم.

گەر ئاوڕێ لەو یەک - دوو لاپەڕەیەی دوایی بدەمەوە... دەبینم وام دەرخستووە: گوایە ئەو هۆیانەی پاڵم پێوە دەنێن بۆ نووسین دەگەڕێنەوە بۆ بەرژەوەندی گشتی و خۆشی خەڵکی. من نامەوێ ئێوەش لەم ڕوانگەیەوە سەیری من بکەن و دواجار ئەم هەستەتان لەلا جێ بێڵم. من دەڵێم هەموو نووسەران کەیفیان بە خۆیان دێ و لە خۆشیان بایین، خۆپەرست و تەمبەڵن، لەپاڵ ئەم هەموو نیاز و مەبەستانەی هەیانە: نهێنییەک لە ناخیانا دەمێنێتەوە و کەس دەرکی پێ نابا: نووسینی هەر کتێبێک کارێکی ترسناکە و کێشەیەکە نووسەر شەکەت دەکا و پرزەی لێ دەبڕێ. نووسین کتومت تاوەژانی نەخۆشییەکی کوشندەیە و زۆر دەخایەنێ. هەق نییە نووسەر خۆی سەغڵەت بکا و شت بنووسێ تا هێز و ڕۆحێکی شەیتانی و عفریتانە پاڵی پێوە نەنێ... هێزێکی وا کە نەبتوانێ بەرامبەری بوەستێ و نە تێی بگا. بەهەرحاڵ... هەموو کەس دەزانێ کە هەر ئەو هێزەیە یان ئەو ڕۆحە شەیتانییەیە وا لە منداڵی ساوا دەکا بزریکێنێ و بگری بۆ ئەوەی سەرنجی گەورە بەلای خۆیدا ڕابکێشێ. لەگەڵ ئەوەشدا شتێکی زۆر ڕاستە کە کەس ناتوانێ شاکارێکی جوان بنووسێ و خەڵکیش بە پەرۆشەوە بیخوێننەوە گەر بەردەوام هەوڵ نەدا واز لە خود و زاتی خۆی بێنێ... نووسەر پێویستە کەسایەتی خۆی فەرامۆش بکا تا بتوانێ شتێکی وا بنووسێ خەڵکی بیخوێننەوە. پەخشانی جوان و نایاب وەک شووشەی پەنجەرە وایە. من ناتوانم بە دڵنیاییەوە بڵێم کامە نیاز و هۆ بەهێزترە و کامەیانە پاڵم پێوەدەنێ بنووسم، بەڵام دەزانم کامەیان شیاوی ئەوەیە فەرامۆش نەکرێ و پێویستە پابەندی بم. کە دەگەڕێمەوە سەر ئەو شاکارانەی نووسیومن... سەیریان دەکەم دەبینم لە هەر شوێنێ ئامانجی ڕامیارییم فەرامۆش کردبێ: ئا لەو کات و شوێنەدا کتێبێکی بێ گیان و مردووم نووسیوە و هەست دەکەم خۆم هەڵخەڵەتاندووە و پارچە پەخشانی

ئەرخەوانیم نووسیوە و هیچی تر... ڕستەی بێ مانا... وەسفێکی زۆر و زەبەند... نەخش و دیکۆر و ڕووکەشی: بە گشتی هەست دەکەم قسەی حەلەق و مەلەق و پڕ پەناوپێچم نووسیوە و هیچی تر...!

لەم کتێبە وەرگیراوە:

A Collection of Essays
by George Orwell
Author of Nineteen Eighty - Four
Harbrace Paperbound Library
Inc. New - York. Copyright 1946

لاپەڕە ٣٠٩ – ٣١٦



## کورتەیەک لە ژیانی (جۆرج ئۆروێل)

* ساڵی پار (١٩٨٤) ناونرا بە ساڵی (جۆرج ئۆروێل)... لەهەر چوار قوڕنەی جیهاندا یادی کرایەوە... سەدان کتێب و دەیان کۆڕ و کۆبوونەوەی بۆ ڕێکخرا... سەرلەنوێ ڕۆمانەکانی چاپ کرانەوە. بێ گومان ڕۆمانی (١٩٨٤)ی نووسەر یەکێک بوو لەو هۆیانەی ڤیستیڤاڵێکی ئەدەبی وا گەورەی بۆ ساز بکرێ.

ناوی ڕاستەقینەی خۆی (ئیریک ئارثەر بلێر)ە... لە ساڵی (١٩٠٣)دا و لە هیندستان لە دایک بووە... باوکی لەوێ فەرمانبەری ئیمپڕاتۆریەتی بریتانیا بوو... لە ساڵی (١٩٠٧)دا و لەگەڵ دایکیا گەڕانەوە ئینگلتەرە و پاشان چووە قوتابخانە و لە (١٩١٧)دا لە (ئیتۆن) ناونووس کرا. سەردەمی مناڵی کارێکی زۆری کردە سەر هەموو ژیانی و جۆری بیرکردنەوەی... لەبەر هەژاری و دەستکورتی هەمیشە دڵسارد و بێ پارە و پوول بوو.

هەر لەبەر هەژاری و وەرنەگیرانی لە یەکێ لە دانیشگا بەناوبانگەکاندا هەمان ڕێڕەوی باوکی هەڵبژارد و ئەویش پەیوەندی بە هێزی پۆلیسی ئینگلیزییەوە کرد و لە (بورما) بوو بە چاودێری کاروباری ئیمپڕاتۆریەتی بریتانیا، لەوێ بەچاوی خۆی زۆر ستەم و زۆرداری دی بۆیە نەیتوانی بەردەوام بێ و ڕقی لە ئیمپریالیزم هەڵگرت و لە ساڵی (١٩٢٨)دا وازی لەم پیشەیە هێنا و ئەوەشیان بوو بە هەوێنی ڕۆمانی یەکەمی کە لەژێر ناوی (ڕۆژانی بورما)دا نووسی.

«ئۆروێل» پانزە ساڵ لە بورما مایەوە و بیروڕای تەواو گۆڕا، کە گەڕایەوە ئینگلتەرە هەمیشە دوورە پەرێز و خەمناک و مات بوو.

دوای گەڕانەوەی چەند ساڵێکیش بە هەژاری گوزەراندی... هەندێ جار دەچووە ڕیزی سواڵکەران... دوای ئەوە گەیشتە ئەو بڕیارەی کە دەبێ پشتی چەوساوەکان بگرێ و یەک ڕیز لەگەڵیانا بوەستێ... بۆ ماوەیەک بوو بە مامۆستا و لەبەر نەخۆشی وازی لەوەشیان هێنا. بۆ ماوەیەکیش چووە پاریس و لەوێ قاپ و قاچاغی چێشتخانەکانی دەشۆری... هەر لەوێ لە (١٩٣٣)دا «لە دەرەوەی پاریس و لەندەن»ی نووسی. بۆ ماوەیەکیش لە ڕۆژنامەکەیدا لەسەر ڕۆمانی هاوچەرخ باری سەرنجی خۆی هەڵدەڕشت و نانی خۆی پەیدا دەکرد.

لە ساڵی (١٩٣٦)دا ڕووی کردە -لانکشایر- و -یۆرکشایر- لەوێش دی کە چۆن کرێکارانی کانەکان بوونەتە نێچیر و قوربانی دەستی سەرمایەدارەکان و خوێنیان دەمژن... لە (١٩٣٧)دا لە کتێبی (ڕێگا بەرەو ویگان)دا وەسفی ئەو ستەم و هەژاری و کوێرەوەرییە دەکا.

لە کۆتایی (١٩٣٦)دا کە شەڕی ناوخۆیی ئیسپانیا هەڵگیرسا «ئۆروێل» ئینگلتەرەی بەجێ هێشت و چووە ڕیزی «کۆمارییەکان» و چەکی هەڵگرت... بەڵام

گوللەیەک بەر ملی کەوت و بەموعجیزە ڕزگاری بوو... ئۆروێل سەرسامی ئەو ئەزموونە تازەیە بوو کاتێ بینی دیموکراتیەت بە ڕووی فاشیەتدا دەوەستێ... بەڵام ئەنجامێکی دڵخۆشکەری نەبوو... کرێکارەکان زۆر بە توندی سزا دران... ڕۆژنامەکان ڕاستیان دەکرد بە درۆ و دەیان خستە سەر خوانێکی ڕازاوە و پێشکەشی خەڵکیان دەکرد... ترسنۆکەکان بوون بە پاڵەوان و شۆڕشگێڕ... ئەم کارەساتەش لە کتێبێکدا ڕەنگی دایەوە کە لەژێر ناوی «لە پاداشتی کەتالۆنیا»دا بە چاپی گەیاند. دوای ئەو تاقیکردنەوە تاڵە ئۆروێل تەواو ڕەشبین بوو. لە شوباتی (١٩٤٤)دا ڕۆمانی «تەویلە- باخچەی ئاژەڵان»ی تەواو کرد کە ڕۆمانێکی ڕەمزییە و باس لە نەمانی یەکسانی دەکا و لە (١٩٣٧)ەوە بیری لێ دەکردەوە بینووسێ... دوای ئەوەی زانی «دکتاتۆرەکان زۆر بە ئاسانی دەتوانن ئازادیخوازەکان دەمکوت بکەن»... دوای ئەوە باری دارایی تۆزێ هەڵسایەوە و لە (١٩٤٨)دا کۆتایی بە ڕۆمانی (١٩٨٤)دا هێنا و تەواوی کرد... ئەویشیان ڕۆمانێکە دەربارەی چەوساندنە و دکتاتۆریەت... بە شێوەیەکی زۆر ترسناک باسی جیهان دەکا کە لە ساڵی (١٩٨٤)دا دەبێ بە سێ پارچە و لە نێوان خۆیاندا دەکەونە شەڕوشۆڕ... بەڵام (برای گەورە - بیگ براذەر) ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێ و لە ڕێگەی ئامێری ئەلیکترۆنییەوە دەتوانێ هەموویان ببینێ و کەسیش ئەو نابینێ...

لەو ساڵانەدا نەخۆشی -وەرەم- تەواو هێزی لێ سەند و پەکی خست... لە ساڵی (١٩٤٧)ەوە تا ساڵی (١٩٥٠) قاچێکی لە نەخۆشخانە و قاچێکی لە دەرەوە بوو... ئۆروێل ژیانێکی تراژیدی و پڕ کارەساتی بەسەر برد... زۆر نوشوستی و دڵشکانی گەورەی دی... بەڵام زۆریش مرۆڤی خۆش دەویست و بە ڕووی سیستمی نارێکی کۆمەڵگا و سەردەمی خۆی وەستا... جارێکیان وتوویەتی:

«من خۆم لەو باوەڕەدام ڕەنجی تێکۆشانی مرۆڤی ئاسایی بەر دەگرێ، چ زوو چ درەنگ، بەڵام من حەزم لێیە ئەم خەونەم زوو بێتە دی نەک درەنگ!»

لە ساڵی (١٩٥٠)دا و هەر بە نەخۆشی سیل و وەرەم لە تەمەنی چل و شەش ساڵیدا سەری نایەوە و بەر لە مەرگی وتی: «من پیاوێکی چەپڕەوم... کەچی لە ڕاستیدا باوەشم بۆ (ڕاستڕەو) کردۆتەوە... بەڵام ئەم زاراوانەش بەپێی زەمانە دەگۆڕێن... ئەو کەسەی ئیمڕۆ چەپڕەوە: ڕەنگە دوای دەیان ساڵی دیکە لە ڕیزی ڕاستڕەوەکان حیسابی بۆ بکرێ!».